AVAYeBUF.com

# سازگاری و خۆڕاگری لە مەهاباد

## ئێتنۆگرافی وێنەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات:
## کاریگەری میدیاکان، جیاوازییە ڕەگەزێتییەکان
## و خۆڕاگری لە ناو مێرمنداڵان

کامیل ئەحمەدی



# سازگاریی و خۆڕاگری لە مەهاباد

کاریگەری ڕاگەیاندنەکان، جیاوازییە ڕەگەزێتییەکان

و خۆڕاگری لە نێوان مێرمنداڵان:

ئێتنۆگرافی وێنەیی لە کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵات)


## کامیل ئەحمەدی



چاپخانەی ئاڤای بووف ١٤٠١

هەتاوی / ٢٠٢٢ زایینی / ٢٧٢٢ کوردی



**© AVAYE BUF - 2021**

AVAYeBUF .com _ avaye.buf@gmail.com

# Conformity and Resistance in Mahabad

Media Consumption, Conformity and Resistance:
A Visual Ethnography of Youth in Iranian Kurdistan

**By: kameel Ahmady**

Publication Technician: Ghasem Gharehdaghi

Publisher: Avaye Buf

# سازگاریی و خۆڕاگری لە مەهاباد

کاریگەری ڕاگەیاندنەکان، جیاوازییە ڕەگەزێتییەکان
و خۆڕاگری لە نێوان مێرمندالان:
ئێتنۆگرافی وێنەیی لە کوردستانی ئێران (ڕۆژهەلات)

**نووسەر:** کامیل ئەحمەدی

**کاروباری تەکنیکی و بلاوکردنەوە:** قاسم قەرەداغی

**چاپخانەی :** ئاڤای بووف

ISBN: 9788794295154
©2021 Avaye Buf
avaye.buf@gmail.com - www.avayebuf.com

| | |
|---|---|
| نووسەر | :کامیل ئەحمەدی |
| ناو و ناوی نووسەر | : سازگاریی و خۆراگری لە مەهاباد -[کتێب] / کاریگەری ڕاگەیاندنەکان، جیاوازییە ڕەگەزێتییەکان و خۆراگری لە نێوان مێرمندالان: ئێتنۆگرافی وێنەیی لە کوردستانی ئێران (رۆژهەلات) |
| زانیارییەکانی چاپخانە | : دانیمارک ١٤٠٠ هەتاوی، ٢٠٢٢ زایینی / ٢٧٢٢ کوردی |
| کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە: | : قاسم قەرەداغی |
| زانیارییە ڕوواڵەتییەکان | : ١٠١ ل.؛ ٢١×٥/١٤ سم. |
| ژمارەی ئەسپاردن | : چاپخانەی ئەنتەرنێتی: ٩٧٨٨٧٩٤٢٩٥١٣٠ |
| پێرستنووسی: بە پێی زانیارییەکانی فیبا | 9788794295154 |
| بابەت | : ئامار/ کۆمەڵناسی / زمانی کوردی |
| DK5 | 30.13: |
| ژمارەی کتێبناسیی نیشتمانی | : ٩٧٨٨٧٩٤٢٩٥١٥٤ |

- ناوی کتێب: سازگاریی و خۆراگری لە مەهاباد
- لە نووسینی: کامیل ئەحمەدی
- چاپی یەکەم: ١٤٠٠ هەتاوی / ٢٠٢١ زایینی / ٢٧٢١ کوردی
- تیراژ: چاپخانەی ئەنتەرنێتی
- چاپەمەنییەکان: ئاڤای بووف - دانیمارک
- ژمارەی ئەسپاردن: ٩٧٨٨٧٩٤٢٩٥١٥٤
- نرخ: بێبەرامبەر
- فایل: PDF + EPUB

ئاماژە بە سەرچاوە بکرێ کێشەی نییە.

بۆ هاواهەنگی کەڵکوەرگرتن لەم بەرهەمە بە هەر شێوەیەک (چاپ، بڵاوکردنەوە، و وەرگێران و هەر بەکارهێنانێکی دیکە) تکایە نامە بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرن:

لینکی دەستڕاگەیشتنی ئۆنلاینی بە بەرهەمەکان: www.AVAYEBUF.COM

**نووسەر و کاری مەیدانی:** کامیل ئەحمەدی
**ڕاوێژکاری مەیدانی و شیکاریی ناوەرۆک:** دکتۆر سارا کیلییێر
**دووبارەخوێندنەوەی دەق:** سیاوەش ئاقازادە، کاوە قورەیشی
**ڕاوێژکاران چاودێرانی توێژینەوە:** پرۆفیسۆر پیتێر پارێکس، گۆڵن بوومەن، پرۆفیسۆر بیڵ واتسۆن، دکتۆر سارا کیلییێر
**ڕازێنەری بەرگ:** چیا سە رسپی
**خشتە و وێنەکان:** گرووپی کۆمەڵگەی ئامانج، کامیل ئەحمەدی
**وە رگێر:** نە سیم غولا می
**دووبارەخوێندنەوەی دەقی کوردی:** چە نوور مورادی
**پەڕبەندی:** ئومید موقەددەس



ناوەندی پێگەیاندنی هزریی منداڵان و مێرمنداڵانی مەهاباد، ئێران -
هاوینی ساڵی ١٣٨٥ هەتاوی

## پێڕست

سپاس و پێزانین........................................................١١
شوێنی لێکۆڵینـەوە: مـەهاباد و ناوەنـدی پێگەیانـدنی هزریـی منـداڵان و مێرمنداڵان ........................................................... ١٤
شێوازی لێکۆڵینەوە ........................................................ ٢١
گرینگیی تەکنیکە بیناربیەکان ............................................. ٢٥
ئێتنۆگرافی پرۆژە وێنەگرییەکانی منداڵان و مێرمنداڵان ............... ٣٠
١ـ خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان...... ٤٥
٢ـ جیاوازییە ڕەگەزێتییەکان................................................ ٥٨
شیکاری وێنەکان .......................................................... ٧٢
ئەنجام گرتن ................................................................ ٩٤
سەرچاوەکان.............................................................. ١٠٣

## سپاس و پێزانین

پێم خۆشە ئەو پەڕی دەستخۆشی خۆم ئاراستەی ئەو کەسانە بکەم کە یارمەتی و پشتیوانی ئەوان، ڕێگەی بۆ ئەم توێژینەوە باز کرد؛ لە دامەزراوەی ناوەندی پێگەیاندنی هزریی منداڵان و مێرمنداڵان و بەڕێوەبەران و کار بەدەستان بە هۆی قبووڵ کردنی من بۆ کار کردن لەگەڵیان، یوونیسێف (UNICEF) بۆ پێدانی پێشینەی زانیاری زۆر کاریگەر، ئەنجوومەن و ئێن‌جی‌ئۆکانی بواری منداڵان لە ئێران بە هۆی یاریکاری بۆ سازدانی پەیوەندیگەلی زۆر گرینگ لەم لێکۆڵینەوە و مامۆستایان و کارناسانی کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تاران بۆ ڕێنوێنی بەکەڵک و ئەو کاردانەوەی کە لە داتا کۆ کراوەکان پێیان دام و زۆر کەس لە ئێران و ناوچەکانی کوردستان و بەریتانیا کە ناویان ناهێنرێت. هەروەها سەری ڕێز دادەنەوێنم بۆ هەر یەک لە پرۆفیسۆرەکان، پیتەر پارکس بۆ ڕێنوومایی و پاڵپشتی بەردەوامیان و پێرسۆنێلی ئیداری کۆلێژی مرۆڤناسی زانکۆی کۆنت، دکتۆر سارا کیلێر بۆ هاوکاری و ڕێنوێنییەکانی لە نووسینەوەی شیکاری و دەقی لێکۆڵینەوە، پرۆفیسۆر بیل واتسۆن بۆ پێشنارە بە نرخە مەیدانییەکانی و گۆڵن بوومەن بۆ پشتیوانییە بێ‌درێغەکانی لە درێژەی خوێندندا. سوپاسی ئەو مێرمنداڵە چاو گەشە مەهابادییانە دەکەم کە بە ڕووخۆشی و تامەزرۆییەوە بۆ ئاراستە کردنی ڕا و بۆچوونەکانیان هەر هەموو ئەم داتا ئێتنۆگرافییانەیان دابین کرد.

## پێش‌وتار

توێژینەوەی مەیدانیی ئەم لێکۆڵینەوە لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی (هاوکات لەگەڵ مانگی مێی ساڵی ٢٠٠٦ـی زایینی) لە باشووری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و لە شاری کوردنشینی مەهاباد (کە لە ڕووی جوگرافیایی، بە ناوچە باشوورییەکانی ئەم پارێزگایە و پارێزگا کوردنشینەکانی دەوروبەر دەوترێ «کوردستان یان کوردستانات») دەستی پێکرد. ئەم پرۆسە بە هاوکاری ناوەندی پێگەیاندنی هزریی منداڵان و مێرمنداڵان ئەنجام درا و لە ماوەی سێ مانگ کار لەگەڵ منداڵان و مێرمنداڵان و هەروەها ئەندامانی کادریی ئەم ناوەندە و دایک و باوک و بەرپرسانی خۆجێیی، داتاکانی وێنەگری و دەقی و دیمانە کۆ کرانەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە تاوتوێ کردنی هەندێ فاکتەر لە ناو حەشیمەتی مێرمنداڵ / گەنجی مەهاباد بوو کە هەستی پابەند بوون بە شوێنی بەدی ئەهێنا. یەکێک لە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە ئەوە بوو کە ئاماژە بە بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕاگەیاندنی خۆجێیی، نیشتمانی و ئەوپەڕنیشتمانی لە گرووپی ئامانجدا بکات و شێوازی کاریگەری ئەم پرسە لە سەر ڕوانگەی کۆمەڵگای ئامانج لە ڕووداو و پانتای خۆماڵی و هەروەها شێوازێک کە بۆ گێڕانەوەی ئەم دوو بابەتە دەستنیشان دەکەن تاوتوێ بکرێت. بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازەکانی وێنەگرتنی کاردانەوانە، داوا لە گرووپی ئامانج کرا بۆ ئەوەی وێنەگەلێک بەم ناوەرۆکەوە ئامادە بکەن کە بە ڕای خۆیان پەیوەندیی لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوە خۆجێییەکان و پێگەی خۆیان لەم پرۆسانەدا هەیە. ئینجا بەرهەمی ئیشەکانیان لە پیشانگای گشتی لە شاری مەهاباد بۆ ماوەی حەفتەیەک خرایە بەر چاوی هەمووان و لەم شوێنەدا بە هۆی تۆمار کردنی کاردانەوەی بەردەنگەکان لە دەفتەرێکی بیرەوەری و هەروەها نووسراوەی

بەشداربووان خۆیان کە لە ساتەوەختی بینینی سووژەی وێنەگریی نووسرا بـوو، کۆمەڵە داتایەکی زۆر کۆ کرایەوە.

کارە بەرهەمهاتووەکان لە لایەن کەسانی مێرمنداڵی کچ و کوڕ پیشـاندەری هێزە کاریگەرە چەندیانەکان و هەندێ جار لێکدژەکانـە کـە لـە ژیـانی چینـی گەنجی ئێران بوونیان هەیە، شوێنێک کـە وێنەگـەلی ئایـدیالی لـە «ڕۆژئـاوا» دەتوانێ هەستی تایبەتی ئەوان لە شوێن بخاتە ململانێوە یان تۆکمـەی بکـات. یاسا میدیاییەکان و «چیرۆکبێژی» کەلتووری گشتی، واتە ئەو گوتارانەی کە بۆ پێناسەی ئەم کاروبارانە و دۆخی کۆمەڵایـەتی لـە تەلەڤیزیۆنـە سـەتەلایتەکانی ئاسـیا و ئـەورووپا، فـیلم، تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و چاپەمەنییـەکانی وەکـوو ڕۆژنامەکان و بڵاڤۆکەکان و هەروەها شێوازە خۆجێییەکان بە کار دەهێنرێن، نـە تەنیا لە هەڵبژاردنی ناوەرۆکە پێشەنگەکان لە لایـەن چینـی گەنجـەوە کاریگـەر بوون، بەڵکوو شێوازی ڕوانینیشیان بۆ ئەم ناوەرۆکانە و پەیوەندیی ئەوانی لەگەڵ ژیانیـان بـیچم داوە. بەتایبـەت بـە ئاوڕدانـەوە لـە پرسـی ڕەگـەزێتی، ڕەنگـە هۆگرییەکی زۆر بۆ باسە گشتییەکان و لە هەمان کاتدا، دوودڵـی سـەبارەت بـە ڕۆڵە ئەرێنی یان نەرێنییەکان کاریگەری ئاوێتەیی (فرە چەشن) بوونی هەبێت. بەدەر لە بیچمە خۆماڵییەکانی شۆناس، کە لە سەر بنەمای خۆڕاگری کوردەکان لـە هەمبـەر ناسیۆناڵیسـتی دەسـەڵاتە و شـانەی زاڵ لـە پەیوەنـدیی لەگـەڵ ڕووداوەکـانی ئـەم دواییـەی جیهـان، کـە ئێرانـی لـە بەرهەڵسـتی سیاسـی ڕاسـتەوخۆی دەسـەڵاتە ڕۆژئاواییـەکان دانـاوە، لـە هەنـدێ حاڵەتـدا شـیاوی ناسینەوەیە.

## شوێنی لێکۆڵینەوە: مەهاباد و ناوەندی پێگەیاندنی هزریی منداڵان و مێرمنداڵان

مەهاباد شارێکە کە کەوتۆتە باشووری باکووری ڕۆژئاوای ئێران و لە دۆڵێکی باریک لە باشووری گۆمی ورمێ، لە بەرزایی ١٣٠٠ مەتر لە سەر ئاستی زەریادایە. ناوی مەهاباد (مهـ + ئاباد) وەرگێڕدراوی فارسی ناوی مانەوی بە واتای شوێنی مانگە کە هەڵبەت لەگەڵ وشەی کوردی مانگ هاوڕیشەیە. هەڵبەت لە فەرهەنگی وشەی فارسی بورهانی قاتیع، لە مەڕ وشەی مەهاباد نووسراوە ناوی یەکەم پێغەمبەرێکە کە وەک پێغەمبەر بۆ عەجەم ناردرا و کتێبێکی هێنا بە ناوی دەساتیر. لە سەرچاوەکانی تریش سەبارەت بەم ناوە وەها هاتووە: «هەندێکیش پێیان وایە کە مەهاباد بە واتای شوێنێکە کە گەورەکان ئەوێیان ئاوەدان کردووەتەوە. ئەم ناوچە کۆنە لە دێرزەمانەوە ناوەندی ناوچە کوردنشینەکان بووە و بەتلیمووس ناوی ناوە دارووشاهـ، و ڕاڤلیستۆن پێی وتووە داریاس. مانەوییەکان لقێکن لە مێژووی هەمەڕەنگی مەهاباد کە تەنانەت ئێستاش بە هۆی دەوری پێشەنگانە لە خۆڕاگری بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کوردەکان و گرینگیی مێژوویی و سیاسی، لە پاڵ خستنە ڕووی هەندێ لە ناسراوترین شاعیران و نووسەرانی نەریتی ئەدەبی کوردی وەبیر دەهێنرێنەوە (Van Bruinessen, 1992, p. 28). کاریگەرییەکانی مۆدێرنیزاسیۆن لە مەهاباد ئاشکرایە و ئەم شارە سەرچەشنی شارە کوردنشینەکانی دیکەی ناوچەی موکریانە و تەنانەت لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاواش پێشتر کەوتووە. تا ڕادەیەک بەم هۆیەوە، ئەم شارە لەگەڵ شۆناسی خۆماڵی خۆی لە ناکۆکیدایە و لە نێوان ئەم مۆدێرنیتە لە لایەک و هەوڵگەلێک بۆ پاراستنی شێوازی ژیانی نەریتخوازانە و هێماکانی کەلتووری کوردی لە لایەکی دیکەوە، گرژییەک لە ئارادایە. بە هۆی کۆچی بە لێشاوی هۆزەکانی مەنگووڕ و مەحاڵ لە ناوچە گوندییەکان بەرەو مەهاباد بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و

ئاسوودەیی ژیانی شاریی، ئەم شارە نە تەنیا لە زۆر ڕووەوە لە پەرە سەندندایە، بەڵکوو لە ڕوانگەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - ئابووریش حاڵەتی دوو جەمسەری بە خۆی گرتووە. مەهابادییە دەوڵەمەند و چین بەرزەکان، شارنشینە سەقامگیرەکان، لەگەڵ ئەو بنەماڵە کۆچەرە هەژارانەدا پێکەوە دەژین کە توانایی جووتیارییەکانیان بێ کەڵک ماوەتەوە و بە ئاوڕدانەوە لەم بارودۆخە، تەنانەت شارۆمەندانی خوێندەواریش لە ڕێژەیەکی زۆردا بێکارن. زۆر بەڵگە لە ئارادایە کە ئەم کۆچەرە گوندییانە، بۆ پاراستنی خۆیان، گیرۆدەی مامەڵەی ئابووری بازاری ڕەش، وەکوو هێنانی بە قاچاغی کحۆڵ و جگەرە لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مەهاباد و ئینجا فرۆشتنیان بۆ ناوەندە شارییە گەورەکانی ئێران بوون. دەڤەری پشت‌تەپ لە دەوروبەری مەهاباد بە سەرکردایەتی شۆڕش و سەرچاوەی خۆپیشاندانە دژە دەوڵەتییەکانی گەنجان و بێکاران بە ناوبانگ بووە و هەروەها ترسی هێزە ئاسایشییە دەوڵەتییەکان لە شۆڕشی بەهێز و هەندێ جار توندئاژۆیانەی چینی گەنج لە زۆر ڕووەوە، ئەم ناوچەیەی کردووە بە «ناوچەی قەدەغە». ئەم پرسە تەنانەت پەرەی بە سەرمایە گوزاری نەکردنی دەوڵەتی لەم ناوچە داوە و لە ئەنجامدا ناوچەکەی لە حاڵەتی پێشنەکەوتوودا ڕاگرتووە.

بابەتێکی دەگمەنی سەرنجڕاکێش لەم بوارەدا دامەزراوە فێرکارییەکانە کە لە کۆتاییدا ئەوەم کرد بە بناغەی ئیشەکەم. لە شاری مەهاباد دوو لقی «ناوەندی پێگەیاندنی هزریی منداڵان و مێرمنداڵان» بوونی هەیە کە هەر دوو لە سەردەمی پەهلەوی دووهەم و بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧هەتاوی (هاوکات لەگەڵ ١٩٧٩ـی زایینی) دامەزراون. یەکێک لەم ناوەندانە لە لایەن پیاوێکی هێژا بەڕێوە دەبرێ کە بەر لە گواستنەوەی بۆ ناوەند، شانزە ساڵ بەر لە ئێستا، کاربەدەستی ئیدارەی ئیرشادی ئیسلامی بووە کە لە ساڵی ١٣٧٩ـی هەتاویدا، بەڕێوەبەری هەر دوو ناوەندەکە بووە (ئێستا خانە نشین کراوە)؛ بە ڕفتاریدا دیار

بـــوو کـــە لـــە مـــەڕ ڕۆڵـــە ڕەگەزێتییـــەکانی ئافرەتـــان و پیـــاوان بیـــر و بـــاوەڕی کۆنسێرڤاتیوانەی هەیە و بەردەوام دەیویست بۆ زۆرێـک لـە کاروبارەکـان، ڕە-زامەندی لە ئیدارەی ناوەندی ورمێ وەربگرێت. ناوبراو سەبارەت بە پۆشـاک و ڕەفتاری کچان، بەتایبەت ئەندامانی نوێ (کە هەندێکیان قوتابی خـۆم بـوون)، هەسـتیاریی دەنوانـد و پۆشـاک و ڕەفتـاری دیـاریکراوی قـەبووڵ دەکـرد. بەڕێوەبەری لقی دووهەمی ناوەند خاتوونێکی گـەنجی خوێنـدەوار و هێـژا لـە بنەماڵەیەکی تا ڕادەیەک خۆشبژیوی مەهابادی بوو. لە پاڵ بەڕێزیان، هاوکـات لەگەڵ ئەو بەڕێزە، دوو فەرمـانبەری دیکـەش خـەریکی ئـیش بـوون کـە هـەر دووکیان شارەزا و پڕۆفیشناڵ بوون و پەیوەندییەکی دۆستانەی شـیاویان لەگـەڵ سەردانکەرانی گەنج هەبوو. بە پێچەوانەی ئەوەی کە ناوەند بە شـێوەی فـەرمی لە لیستی دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا نـەبوو بـەڵام گوژمـەی ٥٠ لـە سـەدیان لـە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی (ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری ئیسلامی) دابین دەبـێ. لە دەرەوەی ئێران، ناوەند زیاتر بـە هـۆی پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ یوونسـێف و بەشداری کردنی لە ڕووداوە نێونەتەوەییەکان بۆ مێرمنداڵان دەناسرێت.

بە هۆی نیشتەجێ بوون و خوێندن لە دەرەوەی وڵاتی ئێران و ماوەیەکی زۆر دووری لە کۆمەڵگای ئێران، زۆرێک لە میکانیزمەکانی ئیداری بـاو بـە لامـەوە نامۆ بوون و هەر لەبەر ئەوەش، بەردەوام خەریکی وەرگرتنی پێشنیار و ڕاوێژ بـۆ بەرەو پێشتر بردنی دروستتری ڕەوتی لێکۆڵینەوە بووم. ئاگاداریان کردمەوە کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش، بۆ وێنە ئیش کردن لەگـەڵ ڕێکخـراوە دەوڵەتییـەکانی دیکـە، پێویستە هێڵاننامەی خۆجێیی و پارێزگایی ئامادە بکەم کە ڕەنگـە بـە سـەردان کردنی ئیدارەی ناوەندیی ،ناوەندی پێگەیاندنی هزریی منـداڵان و مێرمنـداڵان لە ورمێ (ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) ئەم کارە گونجاو بێـت. بـۆ سازدانی پەیوەندییەکی شیاوی کاریی، بە ئامـادە بـوونی سـەرۆکی ناوەنـد لـە مەهاباد، بەڕێوەبەری ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ناوەنـد، سـەرۆکی بەرنامـەڕێژی

هونەریی و هەروەها یەکێک لە ڕاوێژکارەکانیان لە یەکێک لە ئیدارەکانی ورمێ کۆبوونەوەیەکم ڕێک خست. ئەم چەشنە دامەزراوانە سیستەمی چاودێری ئاڵۆزیان هەیە کە بە پێی ئەوان، هەر هەموو کەسەکان لە ژێر چاودێری حەراسەتدان کە ئەرکی ئەم بەشە حەراسەتییە خستنە ژێر چاودێری کارەکان بە مەبەستی دڵنیا بوون لە ڕوونەدانی کردەوەیەکی نائاسایی یان (نائیسلامی) و دژ بە بنەما و یاساکانە. کاربەدەستانی ناوەند لە مەڕ کاری پێشنیاردراو و ناسیننامەیەک کە لە زانکۆی کۆنتی بەریتانیا و زانکۆی تاران وەرمگرتبوو کۆنسێرڤاتیو بەڵام پشتیوان بوون و پاش چەندین هەوڵی ناسەرکەوتوو بۆ دەست پێکردنی کار، لە کۆتاییدا توانیم مۆڵەتی پێویست وەربگرم و لێکۆڵینەوەکەم دەست پێ بکەم. لە سەرەتای ئیشەکەدا، بەرپرسانی ئیدارەی ناوەندی ورمێ ئەوەیان وەبیر هێنایەوە کە کارگەی چیرۆکبێژی منداڵان هەم بۆ کوڕان و هەم بۆ کچان ڕێگە پێدراوە، بەڵام پێکهێنانی کارگەی وێنەگری تەنیا بۆ مێرمنداڵانی گەورەتر و مێرمنداڵانی کوڕ گونجاوە. بە خۆشحاڵییەوە لە گەڕانەوە بۆ مەهاباد، سەرۆکی خۆجێیی ناوەند بە نهێنی ئاسانگیری کرد، ڕەنگە لە بەر ئەوە بێ کە بە ئامادە بوونی کوڕان بە تەنیا ڕێژەکە نەدەگەیشتە ڕادەی پێویست. هەڵبەت ئەمە جێی دڵخۆشی بوو، چوونکە پۆلەکان بە بێ بەشداری مێرمنداڵانی کچ هیچ سەرکەوتنێکی وەدەست نەدەهێنا، هەم لە ڕووی ڕێژەی بەشداربووان و هەمیش لە ڕووی ئەو داتا پڕبایەخانەی کە پێیان داین.

بۆ دەست گەیشتن بە ڕێژەی گونجاوی بەشداربووان و دەستڕاگەیشتن بە سنوورێکی بەربڵاوتر لە کۆمەڵگاکان، لەگەڵ کاربەدەستانی ناوەند ڕێک کەوتین کە لە هەندێ شوێنی شار ڕاگەیێنراو بڵاو بکەینەوە و بە هۆی پەیوەندییەکانی ناوەند لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنان، کۆپی و ڕوونووسی بەرنامەی مەبەست لە ڕێگەی ئیمەیلەوە بۆ هەموو قوتابخانەکان نێردرا. کۆمەڵێ پۆستەری ڕیکلامی گەورەش لە ناوچە بەرچاوەکانی ناوەندی شار و نزیک لە

زانکۆی مەهاباد هەڵواسران. بەرنامە وا بوو کە ئیشەکە دو حەفتە پاش هاتنم بۆ ئێران دەست پێ بکەین، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا؛ چوونکە وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنانی ئێران فەرمانی دا بوو کە قوتابخانەکان بۆ پشووی هاوینی، زووتر لە کاتی دیاریکراو دابخرێن بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەکان لەگەڵ مۆندیالی جیهانی تۆپی پێ هاوڕێکەوت نەبن. پشتیوانی ئەم بڕیارە سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئێران، مەحموود ئەحمەدی نەژاد بوو. لە بینینی خواستێکی زۆری خەڵک بۆ بینینی تۆپی پێ سەرسام بووم، خواست و هۆگرییەک کە بووە هۆی دەرکرانی ئەم بڕیارە لە لایەن دەوڵەتەوە.

بە ئاوڕدانەوە لەم بابەتە کە نزیکەی نیوەی حەشیمەتی ئێران تەمەنیان خوار ٢٥ ساڵە و حەشیمەتێکی زۆری گەنج لە خۆ دەگرێ، هێشتاش بۆ دۆزینەوەی سنوورێک کە کۆی خەڵک لە خۆ بگرێ، بۆ بەشداری لەو پۆلانەی کە بۆ کۆ کردنەوەی داتا ڕێکخرا بوو، تووشی کێشە هاتم. نۆرم و بەها کەلتوورییەکان دەڵێن ڕیکلامی بێناو سەرنجێکی ئەوتۆ نابزوێنێ و دەرکەوت کە نێوانکردەوە ڕاستەوخۆکان لەگەڵ مامۆستایان و پیاو ماقووڵانی ناوچەکە کاریگەرترین ڕێگە بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی و سەرنجن. هەروەها بە هۆی پێویستییەکانی لێکۆڵینەوە و کات و بایەخێکی کەمتر کە لە گەڕەکە کرێکارنشینەکان بۆ ڕاهێنان و کاتی بێکاری گەنجان تەرخان کراون، چەندین جار بە مەبەستی ڕاکێشانی بنەماڵەکان و ئەو گەنجانەی کە لەگەڵ میکانیزمی ڕاهێنان نامۆتر بوون، سەردانی ئەم گەڕەکانە بۆ وێنە گەڕەکی پشت تەپم کرد. وەک پێشبینی دەکرا، زۆرێک لە ناونووسکراوان هەمان سەردانکەرانی هەمیشەیی ناوەند بوون. لە پلەی دوایی، کەسانێکی تر هەبوون کە لە ڕێگەی دۆستان و ئاشنایان و یان هەوڵە تایبەتییەکانی خۆم، لە کۆمەڵگای گەورەتر، لە ڕەوتەکە ئاگادار کرابوونەوە. پۆلەکان بە بەشداری بیست و هەشت قوتابی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ دەستی پێکرد؛ هەژدە کچ و دە کوڕ کە زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان چوارده و

حەڤدە ساڵان بوو. لەگەڵ ئەوەی لە پۆلێکی جیادا، هونەرخوازانی بەساڵاچووتر، بۆ وێنە هەندێ لە فەرمانبەرانی ناوەند هەبوون کە ئەو داتایانەی وا لەوان وەدەست هاتبوو لە شیکاری کۆتاییدا ڕەچاو نەکرا.

پۆلەکانی کچان و کوڕان جیا بوون و لە سەرەتای خوولەکەدا، بەڕێوەبەری ناوەند دڵنیا کرایەوە کە بە هیچ چەشنێک نابێ تێکەڵ بن، بەڵام هەڵبژاردنی کات و نۆرەی پۆلەکان بە خۆم بوو. بەم وەسفانە، پاش تێپەڕینی دوو یان سێ حەفتە، چیتر هەستیارییەکی ئەوتۆ دەروەست بەم بابەتە بەدی نەدەکرا و منیش تا دەهات وردە وردە پۆلەکانم تێکەڵ دەکرد، چوونکە ڕێژەی کوڕان بۆ بەڕێوە بردنی پۆلی جیا تەواو نەبوو و هەروەها بە ئاوڕدانەوە لەم مەسەلە کە هەموو کچان و کوڕان لە قوتابخانەی جیا دەخوێنن، سەبارەت بە بینینی کاردانەوەی مێرمنداڵانەی ئەوان لە هەمبەر ڕەگەزی بەرامبەریش کونجکۆڵ بووم. هەڵبەت هەر دوو ڕەگەزەکە، لە هاتوچۆی خۆیان بۆ ناوەند یەکتریان دەبینی و بە دوور لە چاوی بەرپرسانی ئەوێ، لە پارک (ناوەندەکە لە ناوەڕاستی پارکێکی بچووک بینا کرا بوو) تێکەڵ دەبوون. ڕۆژانە چوار پۆل پێک دەهات؛ دوو پۆل لای بەیانان و دوو پۆل لای پاشنیوەڕوان بۆ ئەو کچ و کوڕانەی کە لە تاقە جیاوازەکانی بەیانان یان پاشنیوەڕوان دەچوونە قوتابخانە. دوا بە دوای ئەمانە، چوار کاتژمێر لە حەفتەش بۆ کارمەندانی ناوەند و گەورە ساڵان خوول بەڕێوە دەچوو کە لەو خوولانەدا کاریگەری وێنە و میدیاکان لە سەر مێرمنداڵان و شێوازی لێکدانەوەی شێوەکاریی و وێنەگریی مێرمنداڵانم تاوتوێ دەکرد.

کچان سێ ژێرگرووپی جیایان هەبوو؛ گرووپی یەکەم هەمان ئەندامانی ناوەندی ژمارە یەک بوون کە سەردانکەرانی هەمیشەیی و ئاشنا بە چالاکییەکانی زیادە بەرنامەی پێشکەش کراو لە لایەن دامەزراوە و یاسا و نۆرمە ڕەفتارییەکانی ناو ناوەندەکە بوون. گرووپی دووهەم سەر بەناوەندی ژمارە دوو بوون و ئەم گرووپە تامەزرۆییەکی زێدەتریان بۆ خوولەکە پیشان دەدا

و دیار بوو لە ڕووی ناچارییەوە ئامادە نین و نواندن و ئاراستەی جیاوازیان لە چاو گروپی یەکەمی ناوەند بە تەواوەتی دەبینرا. هەروەها لە کاتی کار کردن لە گرووپی بچووکتر یان بەڕێوەبردنی پیشانگا، ڕکابەری ئەم دوو گرووپە بەرهەست بوو. گروپی سێیەم ئەو کەسانە بوون کە بە شێوەی زارەکی لە بەرنامەکە ئاگادار بوون. لە حاڵێکدا سەردانکەرانی هەمیشەیی ناوەند بە شێوەی یەکدەست لە چینی نێوەنجی بوون. دوایین گرووپ هەڵگری چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگای خۆجێیی بوون؛ هەندێکیان لە بنەماڵەی خۆشگوزەران بە دایک و باوکی خوێندەوارەوە هاتبوون و هەندێکیان لە چینی کرێکار و ناوچە هەژارنشینەکانی مەهاباد وەکوو پشتتەپ بوون.

چەند کۆبوونەوەم بە شێوەی «چەق بەستن لە سەر گرووپ» ڕێک خست بۆ ئەوەی بەشداربووانی گەنج بتوانن پێکەوە لە پەیوەندیدا بن و بەرکەوتنیان پێکەوە هەبێ و هەروەها بەر لە دەستپێکی ئیشی وێنەگریی کردەیی، تێگەیشتنێک لە مەڕ هونەری وێنەگریی وەدەست بێنن. بۆم دەرکەوت کچان بۆ فێربوون و بەشداری لە بابەتە مەبەستەکان زیاتر هۆگریی دەنوێنن. زۆربەیان ئایدیایەکی دیاریکراویان بۆ پرۆژەکە لە سەردا بوو و دەیانزانی بە چی ئاراستەیەکدا پرۆژەکەیان بەرەو پێشەوە ببەن. لە هەمان کاتدا، لە ئاستەنگ و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بەر دەمیان زۆر بە باشی ئاگادار بوون. زۆربەیان لە دژی نۆرم و کردە کۆمەڵایەتییەکان، ناهومێدی و دڵساردی خۆیان دەردەبڕی و بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە کوڕان ئازادییەکی زێدەتریان هەیە، پێیان وا بوو کە وەبەر هەڵاواردن کەوتوون. باوەڕی گشتی ئەوە بوو کە کوڕان ئازادن بە بێ چاودێری بنەماڵە بچنە هەر کوێ و تەنیا بە هۆی ئەوەی کوڕن، زۆرێک لەو کارانەی کە پێویستی بە ئیزن وەرگرتن نییە، دەتوانن ئەنجامی بدەن. هەروەها لە هەندێ حاڵەتدا باوەڕیان وا بوو کە ئەگەر کچان تەنیا بچنە دەرەوە (بەدەر لە کاتی قوتابخانە و بەتایبەت شەوانە پاش تاریکایی) نە تەنیا کارێکی نەشیاوە، بەڵکوو

ئەم کارە وەک شوورەییەک (کارێکی نەشیاو یان شەرمهێنەر) سەیر دەکرێت. کچان لەم بابەتە بێتاقەت بوون کە کوڕان بەردەوام ناو و ناتۆرەی ئەوە لە کچێک دەدەن کە «کچێکی باش نییە».

سەبارەت بە دایک و باوکەکان دەبێ بڵێم کە ئەوان بێ پێچ و پەنا پێیان وا بوو کە ناوەند بۆ منداڵەکانیان دامەزراوەیەکی پارێزراو و پابەندە و سەبارەت بە شێوازەکان یان ئەو هونەرانەی کە فێریان دەکرێ کونجکۆڵییان نەدەکرد. ئەم مەسەلە بە پێچەوانەی ئەو ترسە ڕوو لە زیادبوونە بوو کە بۆ «مەترسییە» شاراوەکان بەدی دەکرا کە لەوانەیە منداڵان لێی زیانمەند بن و لە درێژەدا تاوتوێ دەکرێت. سەرەڕای ئەوەی جۆنز و والاس (١٩٩٢) باس لە زیادبوونی هۆگریی بۆ ڕادەستکردنی ڕۆڵی "نەریتی" خێزان لە ژیانی گەنجان بە حکوومەت دەکەن، بۆ بنەماڵەکانی چینی کرێکاریش بوونی منداڵەکانیان لەم چەشنە بەرنامانە بایەخێکی تایبەتی هەیە، چوونکە خەون بە نۆرم و بەهاکانی چینی خوێندەوارەوە دەبینن. لە درێژەدا دەبینین کە زەختی نافەرمی ئابڕوو و لایەنی کۆمەڵایەتی بنەماڵە لە چاو دەستێوەردانی دەوڵەتی و پەسندکراوە یاساییە ڕاستەوخۆکان دەڵێی کاریگەرییەکی زۆر زیاتریان لە سەر کۆنترۆڵی هەڵسووکەوت لە نۆرمە قبووڵ کراوەکان هەیە. لە ڕاستیدا لە ژێر زەختی بنەماڵەیی، ئەم چەشنە تەنگژە دەوڵەتییانە ناپێویستن.

## شێوازی لێکۆڵینەوە

شێوازە بەکارهێنراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوە مەیدانییە بریتییە لە ئاراستەی هاوبەشانە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵگا و سەرچاوە گیرۆدە دەبێ و بەشداربووان بۆ ناسینی بابەتە دڵخوازەکانیان سەبارەت بە شۆناسی خۆجێیی و نواندنەوەی ئەوان هان دەدات. هەر بەم شێوە لەم لێکۆڵینەوەدا، کارگە و گرووپە کۆجێییەکان (فۆکووسەکان) و هەروەها دیمانەی نافەرمی و چەند کاری

لێکۆڵینەوەیی کورت بە کار هێنرا بۆ ئەوەی داتا پێویستەکان بۆ یەکدەست کردنی «چوارچێوەی لێکۆڵینەوە»ی خۆجێیی لەگەڵ بابەتی بگۆڕی ئەم لێکۆڵینەوە کۆ ببنەوە. هەروەها کۆمەڵێ یادداشتی تێر و تەسەلم سەبارەت بە بینراوەکانم لە کاتی بەڕێوە بردنی پیشانگا لە هۆڵی شارەوانی و تێبینییە تایبەتییەکانی خۆم سەبارەت بە کاریگەری کەلتووری گشتی لە سەر پانتا گشتییەکانی شار ئامادە کرد. کارگەکان بۆ سەر دوو خوولی وێنەگریی هەواڵنێری و چیرۆکبێژی وێنەیی تەرخان کران. بۆ وەرگرتنی هێلاننامە لە ناوەند بە مەبەستی بەڕێوە بردنی ئەم پۆلانە، دەبوایە ڕاهێنانی خۆبەخشانە پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی منداڵان بەرەو فێربوونی تەکنیکی نوێ ڕێنوێنی بکەم و ناوەندیش بتوانێ لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا ئەم خوولە لە چوارچێوەی چالاکییەکدا ناوبردە بکا و لە ڕاستیدا ئاستی پێشینەی کارییەکەی بەرز بکاتەوە. بەم شێوە، شێوازی لێکۆڵینەوە بریتی بوو لە کار کردن لەگەڵ چەندین ڕێکخراو و دۆزینەوەی ڕیزبەندیکارییەک کە بۆ هەر دوو لا بەسوود بێ و هەموو لایەنە گیرۆدەکان ئەنجامێکیان هەبێت. وا هەست دەکرا کە لە نێوان ناوەند و وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنان ـ کە ناوەند خۆشی (ناوەندی پێگەیاندن) بەڕێوەی دەبرد ـ جۆرێک ڕکابەری بەدی دەکرێت. زۆربەی منداڵە قوتابخانەییەکان، لە چوارچێوەی سەفەری ڕۆژانەدا، دەبران بۆ ناوەندی پێگەیاندن و زۆر جار ناچار دەبوون لە چالاکی ڕۆژانە و هەندێ جار حەفتانەدا، وەک چالاکییە ئۆردووییەکان بەشداری بنوێنن. لەگەڵ ئەوەی ئەم دامەزراوە چالاکی باشی هەیە و کار بەدەستەکانی ڕاستەوخۆ لە لایەن وەزارەتی پەرورردە و ڕاهێنانەوە دەستنیشان دەکرێن، دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری یان ئیش کردن لەگەڵ مێرمنداڵەکانیان بە بێ ئیزنی تەواو و قبووڵکراو لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنانەوە تا ڕادەیەک نەگونجاو بوو و وەک دەزانرێ پەروەردە و ڕاهێنان وەک قەڵایەکی تۆکمە و پتەوە کە چوونە ناوی زۆر ئەستەمە. هەوڵم دا

لـەو بەرنامـە ڕۆژانانـەی کـە بـۆ چیرۆکبێـژی و شـێوەکاری ڕێکـم خسـتبوو بەشداری بکەم، بـەڵام نـاردرام بـۆ لای سـەرۆکی لقـی پـەروەردە و ڕاهێنـانی مەهاباد کە ئەویش بۆ دەرکردنی ڕەزامەندی پێویستی بە قبووڵ کردنی سەرۆکی ئیدارەی ورمێ بوو و ئەمیش دەبا لە تارانەوە ئیزنی وەربگرتایە. سەرەڕای ئـەوەی هیچکات نەچوومە ناو ناوەندەکەیان، بەڵام تەواو دیار بوو چـی چاودێرییـەک باڵی بە سەر قوتابخانەکاندا کێشاوە و دەوڵەت چەندە گرینگی دەدات بۆ ئەوەی پەروەردەیەک تەنیا لە ژێر چاودێری خۆیدا بێت.

ئەو بەشداربووانەی کە تەمەنیان لە نێوان تەمەنی چواردە بۆ حەڤـدە سـاڵان بوون، داوام لێ کردن بۆ ئەوەی وەک بەشـێک لـە چالاکییـەکانیان لـە کارگـە، ڕاپۆرتی وێنەگرتنەکانیان سـەبارەت بـە بابـەتێکی کۆمەڵایـەتی هـەڵبژاردراوی خۆیان تەواو بکەن. سەبارەت بە بە کارهێنانی گونجاوی شێوازە بینارییەکان لـە چیـرۆک بێـژی - ئـەوەی بـە وێنـە دەکـرێ و نـاکرێ بووترێـت - تـەکنیکی دیمانەگەرێتی و هەروەها تێبینییـە ئەخلاقییـەکان و شـێوازی خـۆ بـوواردن لـە ورووژانی بەرپرسانی پەیوەندیدار، کورتە پێشەکییەکم ئامادە کرد. بە ئاوڕدانەوە لـە ڕاگەیاندنـە هەواڵییـەکان، وەک بەسـتێنێک بـۆ دیبـەیت، لـە ئێرانـدا چـی ئاستەنگێکیان لە بەر دەمە، ئەم چینە مێرمنداڵـە زۆر ڕاکـێش و هـۆگری هێـزی چیرۆکبێژیی وێنەگریی و تواناکەی لە ڕوونکردنەوەی کاروباری دەروەست بە ئەزموونەکانیان بوون. هەروەها فرەدەنگ بوونی وێنەکانیش زۆر گرینگ بوون، چوونکە دەکرا پەیامەکان بە شێوازی جۆراوجۆر شی بکرێنەوە و بـەم چەشـنە، کـەمتر دەکەوتـە بـەر لێکدانـەوەی بەرپرسـانی بابەتەکـە. وا هەسـتم دەکـرد بەشداربووان بە ئیش کردن لە گرووپی بچووکدا نـامۆن و هـەر لەبـەر ئـەوەش بڕیارم دا پاش گەیشتن بە نیوەی کاتی دیاریکراوی هـەر پۆلێـک، قوتابیـان بـۆ سەر چەند گرووپی بچووک دابەش بکەم بۆ ئەوەی پێکەوە ئـیش بکـەن. پـاش ماوەیەک، ئەمەیان بە باش زانی و ئـیش کـردن لـە چوارچێـوەی گرووپیـان بـە

سوودمەند بەراورد کرد و پێیان وتم کە لە قوتابخانە، یان هەر ئیشی گرووپی ناکەن یان لە گرووپی زۆر گەورەتردا ئیش دەکەن و لە چاو ئیش کردن لە گرووپی بچووکی وەک ئەمە، بۆ خستنە ڕووی ئایدیا و بۆچوونەکانیان دەرفەتێکی ئەوتۆیان نییە.

بابەتێکی سەرنجڕاکێشی دیکە ئەوە بوو کە بەشداربووان لەوەی کە بە شادیی و هەستی ئازادییەوە بیر و باوەڕەکانیان دەردەبڕن چێژیان دەبینی و زۆریان، بەتایبەت کچان دەیانگوت لە قوتابخانە ناتوانن ئەوەندە پێبکەنن و زۆر جار مامۆستاکان سەختگیر و ڕەزاگرانن. هەروەها ئەوەی کە لە قوتابخانەکان، هەر کات باسەکە پەلی بەرەو بابەتەکانی دەروەست بە ڕەگەزی بەرامبەر هاویشتبێ، ئاستەنگ و سنووردارییەکان بەدی دەکرێن. پۆلەکانی ئێمە بە پێچەوانەوە، زۆر نافەرمی‌تر بوون و قوتابیان بۆیان بوو تا ڕادەیەکی پتر بیر و بۆچوونەکانی خۆیان بخەنە ڕوو. من خۆشم لە مەڕ هەندێ تابۆ و پرسی کۆمەڵایەتی، کە دەمزانی باسەکە لەو بارەوە بە لای مێرمندالانەوە سەرنجڕاکێشە، قسەم دەکرد و تێدەکۆشام کاردانەوەی ئەوان بەرامبەر بە دەربڕینی گشتیتری ئەم بابەتانە بەراوەرد بکەم. قسە و ڕا دەربڕین لە مەڕ ڕەگەزی بەرامبەر، «بەتین»ترین بابەتی پۆلەکان بوو، بابەتێکی جەماوەرپەسند کە بە چەندین جار دەگەڕاینەوە سەری. مەسەلەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە کاتێ سەرۆکی ناوەند، بۆ کورتە پشکنینێک، سەردانی پۆلەکانی دەکرد، هیچ باس و ڕادەربڕینێک لەم بارەوە ئەنجام نەدەدرا؛ تا ڕادەیەک کە هەر هەموو منداڵەکان زۆر بە باشی لە ئامادە بوونی ئەو لە سەر پۆل ئاگادار بوون و خۆیان سەنسۆڕ دەکرد و باسە «پەسندکراوەکانیان» دەخستە بەر باس. قەد لە نێوان من و قوتابیان سەبارەت بەم بابەتە قسەیەک نەکرا و بە شێوەی فەرمی هیچ وادەی دیدارێکمان دانەنا بوو، بەڵام هەر هەموویان بە بێ ئەوەی من هیچ ئاماژەیەکم کردبێ، ئاگاداری کردەوەکانیان بوون.

ئەوەی کە منداڵان دەیانهەوێ بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی هەڵسـووکەوتـی پەسندکراو و سەرپێچی کردن لێی، کارگەکان بقۆزنەوە' بە هاوکاری ئـەم پرسـە گونجا کە هەم لە ئاستی ڕێکخراوێکدا لە ناوەند دڵنیا بوون و هەمیش لە ئامادە بوونی من لەو شوێنە خاترجەم بوون. لە کەلتووری کوردیدا، جۆرێـک ڕێـزی تایبەت لە بلیمەتە خوێندەوارەکان دەگیرا و ڕەنگە ئەم ڕێزگرتنـە بـۆ کەسـانێکی وەکوو من کە چوومە پاڵ کۆچبەرانی ڕۆژئاوایی زیاتریش بێت. دەوری من لـە چوارچێوەی «مرۆڤناسی لە نیشتمان» بێ‌گومان دەبێتە هۆی سەپاندنی هەندێ ئاڵۆزیی، بەڵام دەرفەتگەلێکیشی بۆ بەرەو پێش بردنـی ئـەم لێکۆڵینـەوە دابـین دەکرد. کەواتە پێگەی من وەک توێژەر ئەگەرچی بووە هۆی بەدگومانی تایبەتی، بەڵام لانیکەم لە چاوی دایـک و بـاوک، جۆرێـک پڕەسـتیژی نەخوازراویشـی لەگەڵ بوو. بـە ئاوڕدانـەوە لـەو تەنگـەژە ئەخلاقییـەی کـە ئـەم پرسـە لـە مـەڕ بەرپرسایەتییەکانم بەرامبەر بە بنەماڵـەی بـەدی هێنـاوە، تێکۆشـام لـە ڕێگـەی پەیوەندیی کراوە و ڕوون لەگەڵ دایک و باوک و ئەو ڕێکخراوانەی کە گیرۆدەی ئیش کردن لە سەر ئەوان بووم، ئەم پرسە چارەسـەر بکـەم. هـەروەها هـۆش و بیری ئەوەم بوو کە لە بارەی لێکەوتە ئەگەرییـەکانی ئیشـەکانیان هۆشـداری بـە منداڵ و مێرمنداڵەکان بدەم و شێوازەکانی خۆ بە دوور گرتن لە چەرمەسەری و نانەوەی تێهەڵچوون لەگەڵ بەرپرسانی پرسەکەش فێریان بکەم. دڵنیا دەبوومەوە کە لە کاتی وانەبێژی و بـەکارهێنانیان بـە مەبەسـتی توێژینـەوەکانم یادداشـت هەڵدەگرمەوە و داتاکان کۆ دەکەمەوە و هەروەها ئامانجـەکانم لـەم لێکۆڵینـەوە بخەمە ڕوو. داوا لە دایک و باوک و فەرمانبەرانی ناوەند کرا کە ئەگـەر حـەزیان لێ بوو پۆلەکانیان لە ژێر چاودێری بێ یان تێیدا بەشداری بکەن.

## گرینگی تەکنیکە بینارییەکان

وەک پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، ئەم کارە بەم ئامانجە بەڕێوە چوو کە لێکۆڵینەوەیەک لە سەر کاردانەوەی هاوبەشانە بێ کە هەم تەکنیک و لێهاتووییەکانی کۆمەڵگا بناسێتەوە و هەمیش بە لایاندا بشکێتەوە و هەروەها ڕوانینێک بۆ تێگەیشتنی خۆجێیی، لەوەی کە «لێکۆڵینەوە»یەکی کارامە بیچم دەدا، لە خۆ بگرێت. لە ڕاگەیاندنەکانی ئێراندا، دەرفەتێکی کەم بە دەنگە سەربەخۆکان دەدرێ کە لە سەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان قسە بکەن و بەتایبەت هەر لەبەر ئەوەشە کە چینی گەنج وا هەست دەکا لە ژێربنەما دەوڵەتییەکاندا دەنگێکی ئەوتۆ بوونی نییە یان سەرمایە گوزارییەکە کە بەرژەوەندی و قازانجی ئەوی تێدا نییە؛ بەتایبەت ئافرەتانی گەنج بە بێدەنگی خراونەتە پەراوێزەوە یان بە جۆرێک لە پانتای گشتی تارێنراون. کەواتە وێنەگریی و ئەو شێوازە هاوبەشییانەی کە من تێکەڵ بە وێنەگریم کرد بۆ ئەو منداڵانەی کە ئەم لێکۆڵینەوە ئەوان تاوتوێ دەکا، بوو بە شێوازێک بۆ ڕەنگدانەوەی پانتای گشتی بە شێوەیەکی نوێ، کە ڕەنگە کاری لە سەر نەکرابێت. هەروەها ئەم کارە ئامرازێکی نوێی بۆ خۆ دەربڕین بۆ ئەم گرووپە ڕەخساند کە لە دیمانەی پەتی، کە ڕەنگە نەیاندەتوانی لەگەڵی پەیوەندیی ساز بکەن، کەمتر تۆقێنەر و زیاتر دەست پێڕاگەیشتوو بوو. بۆ کچان بەتایبەت، ئەم هەلە ڕەخسا بوو کە لە پانتایەکی گشتی بەشداری بنوێنن و هەمان پانتایەک بگێڕنەوە کە هەستیان دەکرد لێی تارێنراون. مێرمنداڵان بۆ گەشە و پەرە پێدانی ئەو ناوەرۆکە تایبەتانە هان دەدران کە بە ڕای خۆیان لەگەڵ باسەکە دەگوونجا. ئەم تەکنیکە هەمان ئیشی پێشەگانەی فیلمساز و مرۆڤناسی بیناری، جێین ڕۆچ (٢٠٠٣) بوو کە لە میانەی تامەزرۆیی ئەو بۆ دنیای ژیانی ڕۆژانەی سووژە بەرلێکۆڵینەوەکانی پەرەی سەندبوو و بەم شێوە، تێهەڵکێشراویی، ئاڵۆزیی و کەمایەسییەکانی ژیانی ئەوانی تۆمار دەکرد. لایەنگری ئەو لە ئاراستە زۆر ناپرۆفیشناڵەکەی بۆ

تەکنیکی بیناری و فیلمسازی، کە تێیدا لێهاتوویيە تەکنیکییەکان لە چاو ڕەنگ و جووڵەی ئاسایی و ڕۆژانە گرینگییەکی کەمتریان هەیە، هاریکاری تێگەیشتنی ئێمە لەو بەها ئێتنۆگرافییانە دەکا کە لە بەرهەمی وێنەیی بە ڕەواڵەت ئاماتۆرانەی بەشداربووانی گەنجدا بەدی دەکرێت.

بەو پێیەی کە شێوازی ئیشی من ڕاستەوخۆ لەگەڵ منداڵان / مێرمنداڵان هەر بەم شێوازە بوو، بۆ هەڵکشاندنی هەستی خاوەنداریێتی ئەوان لە سەر پرۆسەی کار، گرینگ بوو کە وێنە گیراوەکان لە کاتی برگەی کاری مەیدانی نیاز و واتای «ڕوون»یان هەبێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم وێنانە دەتوانن بۆ بەردەنگە جۆراوجۆرەکان واتای جیاوازیان هەبێ و وەک پینک (2001, p. 51) دەڵێ «مانای وێنەکان دڵخواز و زەینین»، لە قۆناغی ئیشی هاوبەشمان، هەوڵەکەم لە سەر ئەوە بوو کە شرۆڤە زەینییەکان بە وردی لە کار بسڕمەوە بۆ ئەوەی گرووپی ئامانج وێنەکان بخەنە خزمەت «قسە کردن» لە زمانی ئەزموونەکانی خۆیان.

سەرەڕای ئەمە، پاش کردەوە و دژکردەوە نێوان من و منداڵان و مێرمنداڵان، پیشانگایەک لە هۆڵی شارەوانی مەهاباد بەڕێوە چوو گیانێکی نوێی کردە بەر وێنەکان، چوونکە لە لایەن بەردەنگەکان، واتا و شرۆڤەی نوێ دەخرایە پاڵیان. ئەم وێنانە، بە ناوەڕۆکی دەروەست بە کۆمەڵگا و پانتای گشتی، ئێستا لە پانتای گشتی نمایش دەدران و تێگەیشتن و ناسینێکیان - ناو زەینی منداڵەکان - سەبارەت بە کەلتووری خۆجێیی دەخستە ڕوو کە بەر لەوە، بۆ گەورە سالانی شارەزا لە بواری گشتی نەناسراو بوو. ئەم پرسە یارمەتی تماشاوانانی دەدا بۆ ئەوەی ژینگەی دەوروبەریان لە گۆشە نیگایەکی نوێوە ببینن و بەم شێوە، سەری وتووێژی بۆ بەشە جیا جیاکانی کۆمەڵگا دەکردەوە. لە ڕوانگەی ئەوان، «واتای ئێتنۆگرافییانە»ی وێنەکان نە تەنیا بۆ من وەک ئێتنۆگرافێک بەڵکوو هاریکاری کۆمەڵگایەکی بەربڵاوتری دەکرد بۆ ئەوەی سەبارەت بە کەلتووری گەنجان لە

مەهاباد تێگەیشتنێکی نوێم هـەبێت. کـۆلێیر و کـۆلێیر (1986, p. 108) وەک شێوازێکی کاری مەیدانی لە ژێـر نـاوی «وێنـە – وتـار» ئامـاژە بـەم ئاراسـتە دەکەن: «کاتێک وتارێکی وێنەیی لە لایەن کەسێکی خۆجێیی دەخوێنرێتـەوە، ئەم پتانسییەلەی هەیە کە ببێتە بەشێکی پڕمانا و پڕبایەخ لە یادداشـتە مەیدانییـە خەڵکناسییەکان» ئەزموونی هاوکـاری کردنـی ڕێکخسـتنی پیشـانگاش بـەم شێوە بوو. بۆ وێنە یەکێک لە بەشداربووان لە دەفتەری میوانی پیشـانگا وەهـای نووسی:

**زۆر سەرنجڕاکێش بوو. فۆرم و بیچمێکی نوێی لە بینینی شار بـە مـن پیشـان دا؛ ئـەو شـەقامانەی وا ڕۆژانـە لێیـان تێپـەڕ دەبـین واتایـەکی جیاوازیـان هـەبوو. زۆر سەرنجڕاکێشە کە دیمەنـە جیاجیاکـانی مـەهاباد لـە چـاوی کەسـانی گـەنج و کـەم تەمەنەوە ببینین. بە ڕای من، هەژاریی بەرچاوتر و تۆختر لە هەر شتێکی دیکە، ئـەوەی کە چۆن دەیبینن (بڕوانە: وێنەی ژمارەی ٢٤).**

لیدال و ستێرکێر (2006, p. 138) لە بارەی پتانسییەلە بینارییەکان لە کـاری ئێتنـۆگرافی بـۆ خولقانـدنی «ئاگـادار بـوون لـە ڕوانگـەی ڕەگـەزێتیچی و بـە کارهێنانی ئەو، چی لە بەر کامێرا و چی پشت لەو» قسـە دەکـەن. بـۆ کچـانی بەشـداربوو لـە پـڕۆژە، دەربڕینـی ڕوانگـەکانیان سـەبارەت بـەو کێشـە و نادادپەروەرییانەی کە لە کەلتووری خۆجێیی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان تاقییـان دەکردەوە، ڕووداوێکی ناوازە و پیشاندەری کردەوەیـەکی خۆڕاگرانـەی بوێرانـە بوو. بەڵگە بۆ ئەم پرسە، بیر و بۆچوونی ڕاشـکاوی توندڕەوانـەی تماشـاوانانی پیشانگای وێنەی مێرمنداڵانە:

**پیشانگایەکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو. ئەگەرچی بە ڕای من، ئیشەکانی دەرووەست بە ڕەگەزێتی شیاو نەبوون. من لەو باوەڕەدام کە نابێ بە ئافرەتان دەوری گشـتی زیـاتر لە کۆمەڵگا بدرێ، چوونکە شوێنی ئەوان لەماڵەوەیە و پیـاوان دەبـێ ئـیش بکـەن و بژێوی ژیان دابین بکەن. لەو وێنانەی کە گرینگیی بنەماڵە و ڕێز لە دایـک و باوکیـان**

**پیشان دەدا زۆر چێژم برد (بڕوانە: وێنەی ژمارە ٢٤).**

سەیر لەوەدایە کە دەفتەری یادداشتی میوانەکانی پیشانگا بیچمێکی چاوەڕوان نەکراوی بە خۆ گرتبوو و تەنانەت بوو بە ڕاپۆرتێک لە مەڕ سرووشتی پەیوەندییە ڕەگەزێتییەکان لە بواری گشتی. پیاوانی کەم تەمەن بۆ گواستنەوەی پەیامی عاشقانە و شاعیرانە بۆ یار و خۆشەویستی داهاتوویان ئەم دەفتەرەیان بە کار دەهێنا بۆ ئەوەی هەم ئەم پەیامە لە شوێنێکی گشتی پێشکەش بکرێ و هەمیش ئەوەی سنووره قبووڵ کراوەکانی پەیوەندییە ڕەگەزێتییەکان نەبەزێنێ (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٩). لە ڕاستیدا پاش کۆتایی هاتنی پیشانگا، تێگەیشتم کە بە هۆی ئەم پەیامە قەدەغە کراوانەوە، لە نێوان چەند هاوژین پەیوەندیی دڵخوازیان بیچمی گرتووە. دەنگ و هەرای بەڕێوە بردنی ئەم پیشانگایە لە سەر ئاستی شار بووە هۆی ئەوەی پیاوانی گەنج و کچان و کوڕانێکی زۆر لە هۆڵی شارەوانی ئامادە بن بۆ ئەوەی دەرفەتی بزۆزی کردن لەگەڵ فێرخوازان وەدەست بێنن. هەر لەم بوارەدا، ئەوانی دیکە ئەم دەرفەتەیان وەدەست هێنا بۆ ئەوەی سرووشتی پەیوەندیی ئافرەتانە / پیاوانە زیاتر بخەنە ژێر ڕەخنە، چی سەبارەت بە پرس نوێندراوەکان لە وێنە و چی کرداری گەنجان لە کاتی بەڕێوە بردنی پیشانگا. بۆ نموونە دوو ئافرەتی گەنج لە دەفتەری میوانەکان نووسیبوویان:

**لە بینینی بەرهەم هێنانی ئەم کارانە لە مەهاباد بە ڕاستی خافڵگیر بووم. بەتایبەت ئەوەی کە لە لایەن کچانەوە ئەنجام دراوە و لە مەڕ ژیانی ئێمەی کچان دەدوێ، زۆر باشە. بەڵام تکاتان لێ دەکەم تکایە، تکایە، تکایە لە پەیوەندییەکانتان لەگەڵ کوڕان زێدەڕۆیی یان توندڕۆیی مەنوێنن، چوونکە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕاکێشی پەیوەندیی نەشیاو لەگەڵ کوڕان و پەیوەندیی سێکسی بۆ چێژی کورتخایەن ببن کە دواتر بە هۆی ئەمەوە قەزاوەتتان لە سەر دەکرێت (بڕوانە: وێنەی ٢٥)**

**بە بڕوای من پیشانگا هیچ کێشە و کەمایەسییەکی نەبوو. تەنیا بابەتێک کە هەمانە**

**نەبوونی ئازادییە و بە هۆی ئەوەی لە ژیانماندا ئاستەنگی زۆر لە بەر دەممانە، خەڵک زۆر ڕوو دەکەنە ساختەکاریی و گزە. ئەگەر ئەم ئاستەنگانە نەبوایە، چیتر سەبارەت بەم بابەتانە نەدەدواین. ئەگەر ئێوە کەسێک بە هۆی ئەنجامدانی ئیشێک بخەنە بەندیخانە و ئەویش بە ڕاستی بیهەوێ ئەو کارە بکات، بۆ ئەنجامدانی لە بن بەردیش بێ ڕێ دەرەتانێک دەدۆزێتەوە. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان کچان و کوڕان، من لەو باوەڕەدام کە مێرمنداڵان دەبێ زۆر بیر و هۆشیان چڕ بکەنەوە، چونکە ئەزموونی گەورە ساڵانیان نییە (بڕوانە: وێنەی ژمارە ٢٥).**

ئەو کارانەی کە منداڵان و مێرمنداڵان بەم شێوازە بەرهەمیان هێنا بیست و هەشت پرۆژەی وێنەگریی هەواڵدەریی لە خۆ دەگرت کە لە سەر ناوەرۆک-گەلی وەکوو بەڕێوەبەرایەتی پانتای گشتی و ناکۆکی لە سەر ئەوان و دەرخستنی ڕەگەزێتی و شووناسیان لەم پانتایە چڕ ببۆوە.

## ئێتنۆگرافی پرۆژە وێنەگرییەکانی منداڵان و مێرمنداڵان

لە درێژەدا، حەوت پرۆژەی تێر و تەسەلترم دەستنیشان کردووە کە بە ڕای من، زیاتر نوێنگەی کەڵکەڵەکانی ژیانی مێرمنداڵانی مەهابادی بوو و لە ڕێگەی ئەوانەوە درێژەم بە لێکۆڵینەوە و شیکاری داتاکان دا. لەم کارانەدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە دەوڵەت و بنەماڵە و ڕەگەزی بەرامبەر گیراوە و لە هەندێ حاڵەتدا، بۆ دوور کەوتنەوە لە ئاستەنگەکانی سەنسۆڕ شێوازی زیرەکانە بە کار هێنراوە. لە بەشی کۆتاییدا، ناوەرۆکی ئەم کارانە بە وردەکاری زۆرەوە شی دەکرێنەوە و تێدەکۆشین ئەو بابەتانە زەق بکەینەوە کە ئەم کارانە پێکەوە گرێ دەدەن بۆ ئەوەی تێبگەین چی بنەماگەلێک لە ڕاپۆرت و گێڕانەوەی «ئەم کاروبارانە» کاریگەری لە سەر گرووپی ئامانج داناوە.

بە مەبەستی ئاسان دەست پێڕاگەیشتن، پرۆژەکانمم بۆ سەر سێ ناوەرۆکی سەرەکی دابەش کردووە:

١ـ ئەوانەی وا بەکارهێنان تاوتوێ دەکەن؛

٢ـ ئەوانەی خۆشبژیویی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان تاوتوێ دەکەن؛

٣ـ ئەوانەی ڕەگەزێتیان ڕەچاو کردووە.

لە ڕاستیدا ئەم ناوەرۆکانە خاڵی هاوبەشی زۆریان پێکەوە هەیە و دەڵێی دزە دەکەنە ناو یەکتر، بەتایبەت لە بارەی پرسگەلی وەکوو پێویستییە سەپێنراوەکانی سەر کردەوە و ئازادیی ڕادەربڕینی گەنجان لە لایەن بنەماڵە و / یان دەوڵەت.

## ١ـ کاریگەری کەلتووری ئێتنیکی لە سەر بەکارهێنان خوازی

یەکێک لە کچانی گرووپ بڕیاری دا ڕاپۆرتێک لە مەڕ گرینگایەتی زێڕ لە کەلتوور و ئابووریی کوردەکان، بەتایبەت دیارییە ئاڵوگۆڕ کراوەکان لە ئاهەنگی هاوسەرگیری ئامادە بکات. بە شێوەی نەریتی، لە کەلتووری هەندێ لە ئێتنیکەکان بۆ وێنە کوردەکان، ئافرەت بوون یەکسان لەگەڵ ئەو ڕێژە زێڕە دادەنرێ وا کەسەکە هەیەتی. لە مەهاباد و شارە هاوشێوەکانیش هەر بنەماڵەیەک لە ڕووی عورفییەوە زێڕنگەرێکی تایبەتیان هەیە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو دووکانە زێڕنگەرە ڕێک دەخا و بۆ گۆڕینی پارچە گەوهەر و زێڕەکانی خۆی لەگەڵ مۆدێلی نوێتر و کڕینی بە مەرج و قەرز سەردانی هەمان زێڕنگەر دەکات. بۆ ئافرەتان، بە خۆ هەڵواسینی زێڕ و گەوهەر لە بۆنە گرینگەکان، بەتایبەت ئاهەنگی هاوسەرگیریدا زۆر گرینگە و ئەمە دەوری تەوەریی ئەم کاڵایە لە ژیان و بایەخی کۆمەڵایەتی بنەماڵەکاندا پیشان دەدا. بە شێوەی ڕۆژانە، ڕۆژنامەکان نرخی زێڕ لە بازاڕ چاپ دەکەن و لە ڕاگەیاندنەکاندا باسێکی زۆر دەروەست بەم پرسە و بە شێوەی گشتی کاریگەری ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان لە سەر سەقامگیری ئابووری و هەڵاوسان، بۆ وێنە گەمارۆی پێشنیاردراو لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەکان بۆ سەپاندن بە سەر ئێران، بیچم دەگرێت. لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە، کاتێک کچان و ژنان

دەمەو ئێواران بۆ قسە و یەکتر دواندنی ئاسایی، لە ماڵ دێنە دەرەوە، هەمیشە بـۆ بینین بە بێ ئەوەی خواستی کڕینیان هەیە، لـە بـەر دووکـانی زێڕنگەرییەکانـدا دەوەستن و لە ئاخافتن و قسە کردنەکانیاندا زۆر باسی زێڕ و گەوهـەر دەکـەن و لە نرخی ڕۆژی زێڕ بە ئاگان.




وێنەی ژمارە ١: گۆڕانەکانی نرخی ڕۆژانەی زێڕ کە لە ڕۆژنامەدا هاتووە و لە لایەن یەکێک لە وێنەگرەکانەوە تۆمار کراوە.

لە وێنەی ژمارە یەکدا (Error! Reference source not found.) دایک و کچێک دەبینین کە خەریکی کڕینـی زێـڕن و لـە ویترینـی گـەورەی دووکـانی زێڕنگەری، کاڵا بە کارهێنراوەکانیان بە هـەموو گەڕاندنـەوەکانیان بـە ئایـدیالی ئافرەتانە و عەشقی شاعیرانە دەبینرێن، وەکوو ئەوەی وا هاوشێوەی دڵـە. ئافرەتـە گەنجەکان بە ڕوانینێکی تێکەڵ بە ڕێزەوە سـەیری شـتومەکە پیشـان دراوەکـان دەکەن کە ئەمە خۆی بایەخی پارچە گەوهەرەکان تـۆخ دەکاتـەوە. یـەکێک لـە ئافرەتانی دیمانە لەگەڵکراو لەم پرۆژەدا وتوویەتی حەزی لێیە زێـڕی هـەبێ بـۆ ئەوەی جوان دەربکەوێ و بسەلمێنرێ کـە پێگـەی کۆمەڵایـەتی لـە ئاسـتێکی


باشــدایە، بەتایبــەت لــە کــۆ بوونــەوەی کۆمەڵایــەتی وەک ئاهەنگــەکانی هاوســەرگیری، بــەڵام ئەوەشــی وتبــوو کــە زێــڕ بــۆ ئــەو جۆرێــک ئاســایش و سەربەخۆیی ئابوورییە.




وێنەی ژمارە ٢: ملوانکەیەکی جوانی بووک بە نرخی نزیکەی ٥٧٠ هەزار تمەن

لە وێنەی دواییدا (وێنەی ژمارە ٣) کچێک بە جلی ســوورەوە دەبینــین کــە دەموچاوی لە وێنەکەدا نابینرێ و دەستەکانی بە شێوەی شانۆیی و زەق لە ســەر داوێنەکەی داناوە بــۆ ئــەوەی ئەنگوســتیلە و دەســتبەندە بێژمارەکــانی پیشــان بدات. لە لایەکەوە، ژێستی ژیرانە و شۆناسی نائاشکرای ئەم پۆرترە وێنەیــەکی نەریتی لە هەڵسوکەوتی ژنانە پیشان دەدا و لە لایەکی تریشەوە، ڕەنگی سووری گەشی کراسەکەی لێکدژییەکەی زەقی لەگەڵ مۆدێلی نەرم و نیانی کراســەکەی لە شوێنی گشتیدا هەیە و ئەم بابەتە خاڵێکە کە لە وێنەی مێرمنداڵانی دیکەشدا بەدی دەکرێ و شیاوی گەڕانەوەیە. لەم کۆمەڵــە وێنانــە دەتــوانین ئــەم ئەنجامــە دەســت بخــەین کــە زێــڕ وەک لــە ئاهــەنگی هاوســەرگیری، دەوری نــەریتیی بنەماڵەکان جێگیر دەکا، لە دابین کردنی ئاستێکی دیاریکراوی سەربەخۆیی بۆ

ژنانیش کارکردی هەیە.



وێنەی ژمارە ٣: شۆناسی شاراوەی سووژەی وێنەگریی ڕوانگەی نەریتخوازانە لە بارەی ڕەفتاری ژنانە

ناوەرۆکی پەیوەندییە نەریتییەکان و ئاستەنگەکانی بەر دەمیان لە شێواز و کاڵا بەکار هێنراوەکانیان لە وێنەی کچێکی تر دووبارە بووەتەوە. ناوبراو بڕیاری دابوو پرۆژە وێنەییەکەی بە ئەنجامدانی چەند دیمانە لەگەڵ دایک و باوکەکان، مامۆستایان و چەند کەسی گەنج لە بارەی ئەوە جلوبەرگانەی کە خەڵک بۆ پۆشین دەستنیشانی دەکەن و بۆچییەتییەکەی جێبەجێ بکات. ئەو هەروەها، بە وتەی خۆی، تێدەکۆشا تێبگات بۆچی باڵاپۆش لە پۆشاکی ئافرەتاندا دەوری تەوەریی دەبینێت. بەم شێوە، پرسیارەکانی کاریی ئەو، بە شێوەی ئاماژەیی ئاماژەی بە داڕووخانی شووناسی نەریتیی بە هۆی دەرکەوتنی مۆد و دژ بە قبووڵ کردنی مۆدێلی پۆشاکی «ڕۆژئاوایی» و مۆدێرن دەکرد. ناوبراو کۆمەڵێ وێنەی لەو کەسانە گرتبوو کە کراسی نەریتی کوردییان لە بەر بوو و لە درێژەدا لێیان دەپرسێ بۆچی لە بری مۆدێلی ڕۆژئاوایی ئەم پۆشاکەیان هەڵبژاردووە. هەڵبژاردنی وێنە پیشان دەدا کە ڕەنگە دۆزینەوەی کەسانێک کە جلوبەرگی


کوردییان لە بەرە بۆی ئەستەم بووە، چوونکە ئەم جلوبەرگـە خـۆی لـە خۆیـدا هەڵگری دەربڕینێکی کەلتووری یان سیاسییە.



وێنەی ژمارە ٤: وێنەیەک لە ئاهەنگی هاوسەرگیری کە هەمووان جلوبەرگی کوردییان لە بەر کردووە و خەریکی هەڵپەڕین و خۆشین.

لە وێنەی ژمارە ٤، وێنەگر وێنەی لـە ئاهـەنگێکی هاوسـەرگیری گرتـووە و ئاماژەی بەم خاڵە کردووە کە هەر هەموو کەسەکان جلوبەرگی کوردییان لە بەر کردووە - کە هەڵبەت ئەمە زیاتر ئافرەتەکان دەگرێتەوە - و بـە شـێوازی نـەریتی کـوردیی هەڵدەپـەڕن و تێکـەڵ بـوونی ژنـان و پیـاوان دەبینـرێ کـە لـە ڕووی کەلتووری کوردەکانەوە، لەم چەشنە بۆنە نەریتییانەدا ڕێگە پێدراوە. لەم چەشنە ڕێوڕەسمانەدا، کوڕان و کچانی گەنج دەست لە ناو دەستی یەکتر دەکەن و هیچ سنووردارییەک بۆ باڵاپۆش یان تەنانەت داپۆشینی قژی ژنان، کە لە بارودۆخی ئاساییدا دەبێ داپۆشرێ بوونی نییە. وەکوو ئەو کچەی کە زێڕ و گەوهـەرەکانی

پیشان دەدا (وێنەی ژمارە ٣)، لێرەشدا جۆرێک پاڕادۆکس و لێکدژیی بنـەڕەتی لە نێوان کەلتووری سەپێنراو لە لایەن دەوڵەت و پۆشـاکی نـەریتی و ڕەنگاڵـەی ژنانی کورد بەدی دەکەین کە لەم وێنـەدا، دنیـای هەمـەڕەنگ و شـادی ژنـانی کورد لە چوارچێوەی جلوبەرگی نەریتی و سەما دەبینرێت.




وێنەی ژمارە ٥: باوکێک لە پاڵ کوڕەکەی کە کوڕ بە هێمای کوردبوونی جلوبەرگی کوردیی لە بەر کردووە.

لە وێنەی ژمارە ٥، باوکێک دەبینین کە لە پاڵ کوڕەکەی دانیشـتووە کـە ئـەم کوڕە جل و بەرگی کوردی لە بەرە، بەڵام باوکی جلوبەرگی ڕۆژئاوایی لـە بـەرە، پانتۆڵێکی سادە و کراسێک. نـاوبراو لـە دیمانـەدا وتوویـەتی کـە پێـی خۆشـە کوڕەکەی «جلوبەرگی کوردی لەبەر بکا بۆ ئەوەی بزانێ کە کوردە». هـەواڵنێر، خۆی یادداشتی دەکا کە سەیرە باوک خۆی پانتۆڵ و کراسی لەبـەرە! و گێـڕەوەر

بەم شێوە ئاماژە بە ناکۆکی ناسکی پەیوەندییەکانی نێوان باوک و منداڵەکەی دەکات. سەرەڕای ئەوەی لەم ناوەڕۆکەدا، ئەم کچە ڕەخنە لە نەریتە سەپێنراوەکان دەگرێ، لە وێنەی دواییدا وێنەیەکی زۆر ئەرێنی لە کەلتووری نەریتیی و کاریگەریی ئەو لە سەر ژیانی گەنجان دەخاتە ڕوو.



وێنەی ژمارە ٦: کچێک بە جلوبەرگی مۆدێلی ڕۆژئاوایی کە بە ڕای ئەو لەبەر کردنی لە چاو چارشێو و جلوبەرگی کوردیی ئاسانترە.

لە وێنەیەکی دیکە (وێنەی ژمارە ٦) کچێکی مێرمنداڵ دەبینین کە کراسێکی قۆڵ درێژ و پانتۆڵی لی لەبەرە و لەچکێکی لە سەرە و لە ڕوونکردنەوەی وێنەکەدا وتراوە کە ئەم کچە جلوبەرگی مۆدێرنی لە جلوبەرگی نەریتیی کوردیی پێ باشترە، چوونکە جلوبەرگی ڕۆژئاوایی زۆر ئاسانترە. ئەو هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە لە کاتی چوونە کۆڵان و شەقام بە لەبەر کردنی جلوبەرگی کوردیی دەبێ چارشێو لە سەر بکا، لە حاڵێکدا کە بە لەبەر کردنی جلوبەرگی ڕۆژئاوایی پێویست بە چارشێو ناکات. ناوبراو هەروەها پێی وایە

بوونی باڵاپۆش بۆ ئەو چاکە، چوونکە قژی دادپۆشرێ و لە شوێنە گشتییەکاندا «حـەیا و ئـابڕووی دەپارێزێـت». لـە شـرۆڤەی ئـەم پرۆژانـە، نواندنـەوەی دووبەرەکی نێوان نەریت و مۆدێرنیتە لە مۆدێلی جلوبەرگ لە دوو دیوەوە خـۆی دەردەخاتەوە. وەک لە وێنەکەی سەرەوەدا پیشـان درا، کچـی بـاڵاپۆش‌دار ئـەم پرسە بۆ وێنە گشتییەکەی بە شیاو دەزانێ، بەڵام جلوبەرگی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی لە جلوبەرگی خۆجێیی کوردیی کە ئەگەری ئەوەی هەیە وەک «لـە بـاو و بـڕەو کەوتوو» سەیر بکـرێ، بـە باشـتر دەزانێـت. لـە لایەکیشـەوە کـارکردی‌بوونی جلوبـەرگی کـوردی زەقتـر دەبێتـەوە و ئەمـە وەک دەڵێـی پەیوەنـدیی لەگـەڵ تێگەیشتنێک لە ئازادیی نادەمارگرژانـەی ژنـان هەیـە کـە لـەم جلوبەرگـەدا بـە سیمبۆلیک کراوە، هاوشێوەی ڕاحەت بوونی لە پێکردنی پانتۆڵی جین و دەرباز بوون لە چارشێو و لە بەر کردنی مەنتۆ. لە هەمان کاتدا، ئێمە وێنەگـەلێک لـەم ئافرەتانە بەدی دەکەین کە کاتێک قژیان داناپۆشن لـە چوارچێـوەی وێنەگـەلی «داوێنپیسانە» ئاماژەیان پێ دەکرێـت. بـۆ ئـەم وێنـەگرە گەنجـە، جلوبـەرگی کوردی سەرەڕای نائاسوودە بوون و لە مۆدکەوتوویی، پەیوەندیی لەگەڵ وێنـەی شاد و نۆستالجیایی تێکەڵ بوونی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕادەیەک لـە ئـازادیی هەیە، بەتایبەت دژ بـە باڵاپۆشـی ناچـاریی لـە لایـەن حکومـەت لـە شـانەی گشتیتردا.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیـە کـە چـوار کـەس لـە کچـان بڕیاریـان دابـوو ئیشەکانیان بە چڕبوونەوە لە سەر «کۆمەڵێک کەسـایەتی نـاودار»ی خـۆجێیی مەهاباد ئەنجام بـدەن. لـەم شـارە، دوو ناوەنـدی هونـەریی شـوێنی چـالاکی پرۆفیشناڵی چەند پیاوی گـەنجی بـەناوبانگ بـوون. لـەم ناوەندانـەدا خـوولی مۆسیقا و شانۆ بەڕێوە دەچێ و کورتە ڤیدیۆکلیپیان بەرهەم دەهێنـا کـە هەنـدێ جار لە کەناڵە سەتەلایتییە بەناوبانگە کوردییـەکان و دیکـەی شـوێنەکان بـڵاو دەبێتەوە. لەو ڕووەوەی کە کوردەکانی ئێران کەناڵی سەتەلایتی ئەوتۆیان نییە (لە

کاتی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوە)، ئیشی ئەم گرووپە هونەرییانە زیاتر لە هەرێمی کوردستانی عێراق یان کەناڵەکانی ئەورووپا بڵاو دەبێتەوە. هەندێ لەم کورتە فیلم و ڤیدیۆکلیپانە لە بارەی مێژووی ناوچەی کوردستانی ئێران، بەرهەمی شاعیرانی خۆجێیی و گۆڕانیبێژە گەنجەکانە کە جار نە جارێ ڤیدیۆکلیپە نوێکانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە. بەو پێیەی ئەم سلیبریتییە گەنجانەی شاری مەهاباد بۆ خەڵکی خۆجێیی و بەتایبەت کچان ناسراوترن، چوار کەس لە قوتابیانی کچ بڕیاریان دا کە لەگەڵ هونەرمەندان، فیلمسازان و مۆسیقازانەکانی ئەم ناوەندە هونەرییانە، «موکریان» و «سیروان»، دیمانە ئەنجام بدەن. ئەم دوو ناوەندە بۆ بەرهەمهێنانی کەلتووری لەم ناوچە کوردنشینەکان شوێنی گرینگن و ئەگەرچی ئیشەکانیان بە شێوەی خۆجێیی و لە پێوەری بچووکتردا بەرهەم دەهێنرێ، بەڵام بە شێوەی بەربڵاو، بڵاو دەکرێتەوە و دەبیسترێ و هونەرمەندەکانیان دەوری «قارەمانانی خۆجێیی» دەگێڕن. من خۆم پێم وایە کچان، کە هەستیان دەکرد پڕۆژەی ناوەند سیمایەکی فەرمی و «گەورە ساڵ»ی پێ بەخشیون، ئەم مەسەلەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی دەستیان بە سلیبریتییە خۆجێییەکان بگا و بەم شێوە، ئیرەیی هاوتەمەنەکانیان ببزوێنن. هەروەها دواتر کە پیشانگامان لە هۆڵی شارەوانی بەڕێوە برد، زۆر بە هۆی ئیشەکەیان هەستیان بە لووتبەرزیی دەکرد و سەبارەت بەوان و دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ سلیبریتییەکان زێدەڕۆییان دەکرد. کچان بۆ پێنج جار دیمانە، تەنیا لە سەر هونەرمەندە پیاوەکان بەرنامەڕێژیان کرد و پرسیارگەلی تایبەتییان لە مەڕ ژیان، کار، ڕابواردن و هۆگرییەکانیان پرسیبوو. لە وێنەکانیاندا ئەم بابەتە بەرهەستە کە پیاوانی گەنجی دیمانە لەگەڵکراو، پتر لە هەر شتێک، بە گوێرەی پێوەرەکانی خۆشپۆشی، خۆشدیمەنی، مۆدێلی قژی بەڕۆژ و هەستی لووتبەرزی بە هۆی پێگەی بەرزیان لە سەر ئاستی کۆمەڵگای مەهاباد بەدی دەکرێن. لەگەڵ تێپەڕینی زەمان، ئەم کچانە لە بەرکەوتن لەگەڵ ئەم پیاوە


گەنجانــە متمانــە بــە خۆبوونیــان وەدەســت هێنــا و لــە هەنــدێ حاڵەتــدا، «سووژە»کانیان بۆ «خۆنواندن» بانگێهێشتی کارگەکان دەکرد. هەر بەم شـێوە، لە کاتی بەڕێوە بردنی پیشانگاش، کاتێک ئەوانیان بەرەو هۆڵ ڕێنوێنی دەکرد و کچانی دیکە سەیریان دەکردن، کەیفخۆشییان بە هـۆی بوونیـان لەگـەڵ ئـەم کەسانە بەرهەست بوو (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٧، دەقی کوردی).



وێنەی ژمارە ٧: کچانی گەنج (لای ڕاست) لەگەڵ سلیبریتییە خۆجێییەکان (لای چەپ) دیمانە دەکەن. ئەم هونەرمەندانە بە جلوبەرگی مۆدێل نوێ و قژ و پرچی بالیوودییەوە دەبینرێن و چوار دیواری ژوورەکە بە وێنەی ئەستێرە بە ناوبانگەکان ڕازێنراوەتەوە.

لە وێنەی ژمارە ٧: کۆمەڵێ لەم کەسە بەناوبانگانــە دەبیــنن کــە دیمانــەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەم پرسە کــە کچــان ئــەم هەلــەیان بــۆ نوانــدن و پیشــاندانی ئیشەکانیان بە کار دەهێنا لێرەوە دەردەکەوێ کە ئەوان لە جیاتی ئــەوەی خۆیــان وێنە بگرن، داوایان لە کەسێکی دیکە دەکرد کە وێنە بگرێ و ئەوان بەرامبەر بــە «سووژە»کانیان پیشان بدا (کچان لە لای ڕاستی وێنە دەبینرێن، کە دانیشــتوون


و خــەریکی ســتایش و پێداهــەڵگووتنن). مــۆدێلی قــژ و جلوبــەرگی ئــەم سلیبریتییانە زۆر هاوشێوەی ئەکتەرانی بالیوودی بوو کـە لـە نـاو مێرمنـداڵانی ئێرانیدا زۆر لایەنگریان هەیـە. لـە وێنەکـەدا دەبینـین کـە دیـوار بـە پۆسـتەری ئەستێرەکانی سینەما و گرووپە مۆسیقاییە ئێرانییەکان داپۆشرا بوو کە زۆربـەیـان فارس زمانن. بینینی وێنەی ئەستێرەکانی کورد زۆر باو نییە، چوونکە بـە هـۆی سینەمای تازە دەست بە کاربووی کـوردیی، لـەم بـوارەدا کەسـایەتی ناسـراوی سینەمایی نییە. سەرەڕای ئەمە، لە فرووشگا مۆسیقاییەکانی سەر ئاسـتی شـار، وێنەی مۆسـیقازانە کوردییـەکان دەبینـرا کـە هەڵبـەت زۆریـان هونەرمەنـدانی بەتەمەنن کە زیاتر کەسانی مامناوەند تەمەن لایەنگریانن تا گەنجان. بەرهـەم و وێنە کەلتوورییەکانی «باوی ڕۆژبوون» یان «مۆدە» کە کاریگـەری لەسـەریان هەیە، هەموویان لە لایەن کەلتووری زاڵی فارسـەوە هـەنارده دەکرێـت، لەوانـە فیلمـی سـینەمایی و ئەسـتێرەکانی تەلـەڤیزیۆن و مۆسـیقاژەنەکان. لـە ناوچـە کوردنشینەکان تەنیا کەسانی بەتەمەنتر کە جۆرێک نیـازی خەباتکارانـەیان لـە هـەڵبژاردنی هونەرمەنـدانی کـورد بەرامبـەر بـە فـارس هەیـە، زۆر ستایشـی کەلتووری زاڵ و جەماوەرپەسـندی فـارس ناکـەن. ئەکتـەرانی فارسـی وەکـوو هەدییـە تـارانی، لــە نـاو کچانـدا لایـەنگرێکی زۆری هەیـە و لـە زۆربـەی دووکانەکان، وێنەکانیان لەگەڵ ئەستێرە ژنەکاندا و پیاوی هیندی و تـورکی، لـە پـاڵ ئەرشـیڤی کچانــە دەبینــرا. فیلمــی هۆلیــوودی «تایتانیــک»یــش بــە پۆسـتەرەکانی، لــە دووکــان و مــاڵان و تەنانــەت ئۆتۆمبێلــەکان، تــوخمێکی دووپاتەیی و دڵخـوازی دیکەیـە لـە کەلتـووری بـەکارهێنانخوازی گـەنجان و ئایدیاکانی دەرووەست بە کەسانی بەناوبانگ.



وێنەی ژمارە ٨: پڕۆژەیەکی تر لە بارەی سلیبریتییە خۆجێییەکان کە هەواڵنێر سپاس و دەستخۆشی خۆی ئاراستەی هاوکاری ئەم هونەرمەندانە کردووە.

وێنەی ژمارە ٨ دوو پیاو لە ناوەندی «سیروان» پیشان دەدا کە لە سەرکەوتووترین مۆسیقازانەکانی مەهابادن و بە شێوەی بەرچاو لە ناو کچاندا ڕێزێکی تایبەتیان هەیە. ژێست و زمانی جەستەیان لە وێنەکەدا گوزارشتە لە دڵنیایی و متمانە بە خۆبوونی ئەوان کە ڕاستەوخۆ سەیری کامێرا دەکەن و ئامێرە مۆسیقاییەکانیان وەک هێمای بایەخ و پێگەیان بە دەستیانەوە گرتووە. کچان ئەم پۆرترانەیان لەگەڵ کورتە دیمانە بە شێوازی «ئاماری ژیان» خستە ڕوو کە

تێیاندا ناو، پیشە، و کورتە پرسیاری دەروەست بە بنەماڵـە، کـار، هونـەر و ئـەم چەشنە بابەتانەیان پرسی بوو. ڕەنگ بێ ئەم دیمانانە و لە ڕاستیدا کۆی پڕۆژەکە بە جۆرێک لەگەڵ چەمکی «سلیبریتی» بەرکەوتنی هەبێ کە بە قووڵی لـە ژێـر کاریگەری گۆڤاری چاپکراوی مێرمنداڵان لـە وڵاتـی ئێرانـە و ئەمـەش خـۆی هاوشێوەی مۆدێلی ڕۆژئاوایی گۆڤاری کچانە و هەڵبەت فوکووسـیان لـە سـەر کەلتووری جەماوەرپەسندی فارسییە. شێوازی دیمانەکان هاوشێوەی نموونـەی دیمانە «پێنج خوولەکییەکان»ی گۆڤارە سەرگەرمییەکانە و ئەو وێنانەی کـە لـەم کەسانەیان دەگرت وەبیرهێنەرەوەی سەرچەشنی پۆستەرەکانی فـیلم و کەسـانی بەناوبانگن کە ڕازێنەرەوەی تابلۆی ڕیکلامی گشتی و دیواری ژووری ماڵانن.



وێنەی ژمارە ٩: تەکنیکی «دیمانەی پێنج خوولەکی» کە لە لێدوان لەگەڵ سیلبریتییە خۆجێییەکان بە کار هێنرا.

بۆ وێنە وێنەی ژمارە ٩ کۆمەڵێک لە کوڕان لە پارکێک لە ناوەندی مەهاباد پیشان دەدا کە دیمانە لەوێ ئەنجام دراوە. کوڕانی ناو دیمەنەکە ئەکتەرانی تەنیا گرووپی شانۆی مەهابادن. ئەوان زیاتر لە ڕێوڕەسمی فەرمی وەکوو حەفتەی

هونەری ئێران و ڕێوڕەسمی ئایینی وەکوو جەژنی قوروان و غەدیری خوم و ڕەمەزان و حەفتەی وەحدەت نمایش بەڕێوە دەبەن. وێنەکە کە نافەرمییە و کەمتر حاڵەتی پۆرترەی هەیە، گرووپێک پیشان دەدا کە خۆمانە لە سەر چیمەنەکە دانیشتوون و بۆ نەمایشدانی «دۆستایەتییەکی بێگەردانە» ژێستیان گرتووە و یەکتر دەدوێنن، دیمەنێک کە دەتوانێ تیتراژی دەستپێکی شانۆیەکی کۆمێدی تەلەڤیزیۆنی بێت. کوڕان لە دیمانە دەڵێن کە لە ژیانیان ڕازیین و گەنجانی تر، بەتایبەت کچان، زۆریان سەرنج پێ دەدەن. یەکێک لە کوڕەکان دەڵێ: «ئەوەندە زۆرن کە دەتوانم بۆ خۆمیان دەستنیشان بکەم!» لە شرۆڤەی ئەم لێکۆڵینەوەش - وەک لە بارەی پیشانگای هۆڵی شارەوانی باسی کرا - دەبێ بڵێین کە سرووشتی ستایشی سلیبریتییەکان کەمێک ڕووخێنەرە و بیانوویەکی ناسکە بۆ ڕووداری و خۆنواندن. لە هەمان کاتدا، بە گوێرەی ڕاپۆرتی کۆمەڵایەتی ژێر وێنەکە، لە چاوی دیمانەکاران، پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم کەسانە وەک سلیبریتی خۆجێیی و پێگەیان وەک پیاوانی ئایدیال، لە ناو چەندین دەرفەتدا ئازادییەکی زیاتریان بۆ هەڵبژاردن هەیە. لە ڕوونکردنەوەی ژێر وێنە، کە لە لایەن دیمانەکارانی کچەوە نووسراوە، ئەمە هاتووە: «بریا ئێمەش وەک ئەوان کوڕ بوایەین بۆ ئەوەی بمانتوانیبا بارتەقای ئەوان چێژ لە ژیانمان ببینین!»


## 1- خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان

لە پرۆژەی دواییدا، یەکێک لە کچان بڕیاری دابوو کە لە سەر دۆخی خراپی سواڵکەرەکانی سەر شەقام و لە سەر بارودۆخی ئەوان لە وڵات ئیش بکات. مەهابادیش هاوشێوەی دیکەی شارەکانی وڵاتی ئێران گیرۆدەی کێشەی ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشان و بوونی بەرچاوی سواڵکەری سەر شەقامە و ئەم کێشە تا ڕادەیەکی زۆر بنەچەی دەچێتەوە سەر دوایین کۆچەکانی گوندیی - شاریی. ئەم

کەسانە لە هەموو شەقامەکاندا بوونیان هەیە. هەندێ شوێن بۆ سەقامگیر بوونی خۆیان ڕەچاو دەکەن کە زۆر جار دەوروبەری ناوەندەکانی شار و بە شێوەی دیاریکراو لە بەر مزگەوتەکان لە کاتی نوێژە بۆ ئەوەی داوای پارە لە نوێژخوێنان بکەن. وەک کاردانەوە بەرامبەر بەم دیاردە ڕوو لە هەڵکشانە، دەزگا چاپەمەنی و تەلەڤیزیۆنییەکانی وڵاتی ئێران سەرنجی خۆیان لە سەر سواڵکەرانی سەر شەقام لە کۆمەڵگادا چڕ کردۆتەوە. باوەڕی گشتی لەم دیکۆمێنتانە، کە هەندێ جار لە لایەن خەڵکی گشتییەوە پشتیوانی دەکرێن، ئەوەیە کە سواڵکەران کۆمەڵێ سەربارن کە نابێ باوەڕیان پێ بکرێ و لە ڕاستیدا هەندێ جار لە ڕووی ماڵییەوە لە بارودۆخێکی باشدان. لە هەندێ حاڵەتدا ڕاپۆرتە میدیاییەکان باس لە دەوڵەمەند بوونی کۆمەڵێ سواڵکەر دەکەن کە پاش مەرگیان سامان و داراییان ئاشکرا بووە. لێکدانەوەی باو ئەوەیە کە نابێ متمانە بە سواڵکەرەکانی سەرشەقام بکرێت، چوونکە ئەوان کەسانێکی تەوەزەل و دەوڵەمەندن کە زۆر جار کەمئەندامبوونیان بۆ مەبەستی خراپ بە کار دەبەن. تەنانەت چەند ئەکتەری کۆمێدیش لەم ساڵانەی دواییدا ئەم ئەفسانە جەماوەرپەسەندانەیان هێنایە ناو بەرنامەکانیان. بەڵام بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگاش بۆ دۆخی ئەم سواڵکەرانە، بەتایبەت ئافرەتان و بەساڵاچووان، هاوخەمی دەردەبڕن. کومیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی، کە بە ئامانجی خستنە ژێر باڵی بێوەژن و بەساڵاچووانی بێ داهات دامەزراوە، ڕێژەیەکی کەمی خۆراک و پارەی نەخت دەدا بەم کەسانە. ئەم پرۆژە وێنەگرییە بێگومان لە باسە گشتییەکانەوە ئیلهامی سەندووە کە نە تەنیا لە ڕاگەیاندنە هەواڵییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵکوو لە کەلتووری گشتی و تێگەیشتنی گشتگیرتر لە مەڕ ڕاگرتن لە شوێنە گشتی و شەقامەکاندا شوێنی خۆیان کردووەتەوە.

بەشداربوویەکی گەنج کە لە سەر ئەم بەشە ئیشی دەکرد، چەند لێدوانی لەگەڵ پۆلیس، کاربەدەستانی کۆمیتەی ئیمداد، فەرمانبەرانی دابین کردنی


کۆمەڵایەتی و کەسانی کۆمەڵگا ڕێک خستبوو. بەم حاڵەوە، بڕیاری دا لە جیاتی خزاندنی وێنەی ئەم دیمانانە، وێنە لە دەموچاوی ئاشکرای ئەم دیاردە لە سەر شەقامەکانی مەهاباد بگرێت.




وێنەی ژمارە ١٠: ژن و مێردێکی نابینای سواڵکەر کە بەرامبەریان (لای چەپی وێنەکە) سندووقی نیلی کومیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی دانراوە. لە ژێرنووسنی وێنەکەدا هاتووە: «ئەگەر خەڵک بە بێ ناوبژیوانێک یارمەتی سواڵکەرەکان بکەن، بوونی ئەم سندووقانە چی کەڵکێکی هەیە؟»

لە وێنەی ژمارە ١٠، ژن و مێردێکی نابینا بەدی دەکەین کە پێکەوە لە یەکێک لە شارێکانی قەرەباڵغی مەهاباد ئیش دەکەن. ئەوان لە لای بانکێک جێگیر بوون. بەرامبەریان (لە لای چەپی وێنەکە) سندووقی ڕەنگ نیلی

کومیتەی ئیمداد هەیە کە داوا لە خەڵک دەکا کە هاوکارییەکانیان بخەنە ناو ئەم سندووقە. وێنەگری هەواڵنێری گەنج ئەم باسە دێنێتە پێشەوە کە ڕێبوارا‌ن باوەڕیان بەم دامەزراوە خێرخوازییە نییە، چوونکە پێیان وایە خێر و سەدەقەکانیان خەرجی کەسانی هەژار ناکرێ و دەچێتە گیرفانی دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی لە کاروباری دیکەدا خەرج بکرێ و یان لە وڵاتانی دیکەدا خەرج بکرێت. ناوبراو لە لێدوانێکیدا لە ئەندامانی پۆلیسی پرسیبوو کە بۆچی بە گوێرەی یاسا، بە کۆ کردنەوەی ئەم کەسانە لە سەر شەقامەکان دژ بەم «کێشانە» ناوەستنەوە. ڕەنگ بێ ئەو بە ڕەخنەیەکی تەوساوییەوە بەم شێوە تێماندەگەیێنێ کە دەوڵەت لە پێڕاگەیشتن بەم بابەتە داپەڕی پێویست ئەنجام نادا و لەبەر ئەوەش ئێمە شایەتحاڵی شانۆی هەژاری لە دیمەنی گشتین، بابەتێک کە پەسندکراوی شارومەندانی چینی مامناوەند نییە. لە هەمان کاتدا، شی دەکاتەوە کە سەدەقەبەخشە ئەگەرییەکان باوەڕ بە سواڵکەرەکان ناکەن و بە پێچەوانەی ئەم پرسە، شارومەندان بە هەڵبژاردەی خۆیان وایان پێ باشترە یارمەتی سواڵکەرەکان بدەن نەک سیستەمی دەوڵەتی.




وێنەی ژمارە ١١: ئافرەتێکی سواڵکەر کە بە تەمەنی زۆرەوە ناتوانێ پێویستی خۆی دابین بکا و ناچارە سواڵ بکات.

لە وێنەی ژمـارە ١١، پیرەژنێـک بـەدی دەکـەین کـە ڕاسـتەوخۆ لـە کـامێرا دەڕوانێ و جلوبەرگێکی شڕ و کۆنەی لە بەرە. ڕوانینی ئـەو بـۆ کـامێرا و سـیما بێهەستەکەی دەڵێی بە مەبەستی ڕاکێشانی هاوسۆزی ڕێبوارانی سەر پیـادەڕەوە.

لە سەر پیادەڕەو لە بەر دەمی خۆی، پەڕۆیەکی ڕاخستووە کە لە سەری کۆمەڵێ پارەی کۆکراوەی لە سەر داناوە، چەند سکە و دراو. لە ژێرنووسەکەدا کە لە لایەن قوتابییەکی گەنجەوە نووسراوە هاتووە: «ئافرەتێک کە لەم وێنەدا بەدی دەکرێ بەم تەمەنەوە خەریکی سواڵکەرییە و ئەمە خاڵێکی ڕوونە کە ئافرەتێک ئەویش بەم تەمەنەوە ناتوانێ بۆ دەستخستنی داهات و دابین کردنی پێویستییەکانی ژیانی دەست بداتە کارێک. سەرەڕای ئەمە، ئەم کەسە بۆ دابین کردنی پێویستییە مادییەکانی دەبێ دەست بەرەو لای پیاو و ناپیاو درێژ بکاتەوە.» ئەوەی لەم وێنەدا دەبینرێ، ڕاستەوخۆ و تا ڕادەیەک نارەزایەتییانە هەستی هاوخەمی نواندن بۆ ئەم ژنەیە، ئەو دیوی دیکەی سواڵکەران کە بە بۆچوونی ئەنجامدەری پرۆژە، کە لە وەها هەلومەرجێکی دژوار و پتر لە هەموو سووکایەتیبەخش دێنە سەر شەقام. لە سۆنگەی کەلتوورییەوە، ئافرەتێک کە لە چەندین حاڵەتی چارەڕەشی و نەداریی لە شوێنی گشتیدا دەردەکەوێ، سەری بۆ هەموو سووکایەتییەکان نەوی کردووە. وێنەگری گەنجیش، بە پێچەوانەی متمانە نەکردن بە سواڵکەرەکانی دیکە و دەوڵەت و دامەزراوە خێرخوازییەکان، بۆ ئەم پرسە کە «ژنێک» بە هۆی تەمەن و ڕەگەزێتییەکەی ناتوانێ ئیش بکا، هەندێ هۆکار دێنێتەوە و ئاماژە بەو باوەڕانە دەکا کە ئەم دەرهاویشتانەیان لێ کەوتۆتەوە.



وێنەی ژمارە ١٢: وەرگرانی هاوکاری کە لە ناوەندی کومیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی سەرەیان گرتووە.


لە وێنەی ژمارە ١٢، سەرەی دوور و درێژەی ئافرەتان و پیاوانێک بەدی دەکەین کە لە بەر ناوەندی کۆمیتەی ئیمام خومەینی گیراوە. بە شێوەی ئاسایی، زۆر کەس لەم دامەزراوە ئامادە دەبن کە زۆریان ژنان یان پیاوانی بەتەمەنن کە دەبێ لە لایەن کۆمیتە، لە ژێر ناوی پیر یان بێکار و بێهێز و لاکەوتە تۆمار بکرێن. توێژەری مێرمنداڵ لە ڕاپۆرتەکەیدا لە پاڵ وێنەکانی دەڵێ زۆرێک لە سواڵکەرەکان لێرەش ناویان بۆ کەڵک وەرگرتن لە خزمەتە خێرخوازییەکان تۆمار کراوە کە بە گۆڕینی جلوبەرگەکانیان لە سەرەدا ئامادە دەبن بۆ ئەوەی

مووچەکەیان وەربگرن. لەم وێنەدا، وەرگرانی سەدەقە زۆر نەناسراوتر و پیرتر لە سواڵکەرانی سەرشەقام دەبینرێن. بە بۆچوونی هەواڵنێر، زۆرێک لەم سواڵکەرە سەر شەقامییانە بە هۆی ئەوەی لە درێژەی ساڵدا لە سەر پیادەڕۆکان شـوێنێکی نەگۆڕیان هەیە، بۆ هەمووان ناسراون. ئەم ئەنجامدەرە پێی وایە دەوڵەت ئـاوڕی لەم پرسە نەداوەتەوە و ئەم کەسـانە بوونەتـە بەشـێک لـە ئاسـۆ و پڕەسـپێکتیڤی ناوەندی شاری مەهاباد. بە خستنە پاڵ یەکی ئـەم وێنانـە، ڕەنـگ بـێ پـەیامی سەرەکی لە ئاماژە بەم کێشە، ڕەخنە گـرتن لـە دەوڵـەت و هـەروەها لـەقاودانی بەشێکی «چەواشـە» و متمانەپێنـەکـراوی کۆمـەڵگا بێـت. لـەم وێنانـەدا، بـە پێچەوانەی ئەوەی کە لە هەندێ دیوەوە بە شـێوەی خەمخۆرانـە هەڵسـووکەوت لەگەڵ سواڵکەرەکان دەکـرێ، بـە هـەمان ڕادەش وەک کەسـانێکی گومانـاوی دەبینرێن، بە جۆرێک کـە دەتـوانین ڕەخنـە لـەم پرسـە بگـرین کـە لـە لایـەن بەرپرسانی پەیوەندیـدارەوە، داپـەڕی پێویسـت بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی ئـەم کێشـە ئەنجام نەدراوە. لە ڕاستیدا ئەم پرسە هێمایەکـە لـە نەخۆشـی گشـتی گەشـەی لاواز و سەرچاوەی زۆر کەم لە ناوچەی مەهاباد، شوێنێک کە بە چەندین مایل لە ناوەندی دەسەڵات و ئیمتیازەکانی تاران بە دوورە و بابەتی هەمیشەیی ناوەنـد - پەراوێز دووبارە دەخاتەوە ڕوو.

یەکێک لەو چەند کوڕەی کە بەردەوام لە سەر پۆلەکان ئامادە دەبـوو، پـرۆژە وێنەگرییەکـەی لـە بـارەی بـارودۆخی پارکـەکانی مـەهاباد و قوتابخانـە خۆجێییەکان ئەنجام دا و تێیدا بە هۆی کەم و کورتی لە بەرپرسایەتییەکانیان لـە ڕاگرتنی شوێنە گشتییەکان ڕەخنەکانی ئاراستەی بەرپرسانی خـۆجێیی دەکـرد. ناوبراو هەروەها ئەم پرسەی خسـتە ڕوو کـە گوژمەیـەک کـە دەبـێ تـەرخانی سازکردنەوە و پاراستنی ئەم پارکانە بکرێ، لە کوێ خەرج دەکرێت.

هاوشێوەی ئـەوەی ڕەنگـە مێرمنـداڵانی سەرتاسـەری دنیـا بگرێتـەوە، لـە مەهابادیش لە لایەن ئەو مێرمنداڵانەی کـە ئیشـم لەگـەڵ دەکـردن، جۆرێـک

هەستی بێمتمانەیی بە شارەوانی و بەرپرسانی دەوڵەتی بەدی دەکرا و ئەم زەینییەتە، بەتایبەت لە پرۆژەی وێنەگرتن لە پارکەکان، ڕەنگی دابووەوە. زۆریان لەو باوەڕەدا بوون کە بەرپرسان کارێکی ئەوتۆ ناکەن و تەنانەت هەندێکیان پێیان وایە کە گوژمەی گشتی لە لایەن ئەوانەوە دەدزرێت. ئەم بابەتە لە لێدوانەکانم لەگەڵ گەنجان و مێرمنداڵان زەق بوو، یەکێک لە کوڕەکان پێی وتم: «لەوێ پارە هەیە، ڕەنگە زۆر نەبێ، بەڵام پارەیەک کە لەوێ هەیە هەڵیدەگرن و لە شوێنێکی دیکە خەرجی دەکەن یان بە تەواوەتی هەڵیدەگرن بۆ خۆیان.» بەم وەسفانە، ئایدیای گشتی گەندەڵی لە سەرتاسەری کۆمەڵگای ئێران باوە و یەکێک لە بابەتە دڵخوازەکان بۆ قسە و باسی ڕاشکاو لە شوێنە گشتییەکان و هەروەها ماڵانیشە. لە ماڵاندا، قسە کردن سەبارەت بەم بابەتانە وەک بوارێکی «پیاوانە» دێتە هەژمار و زیاتر لە کاتی میوانداریی کردن لە میوانەکان، چاوەڕوانیی ئەوە لە کوڕانی مێرمنداڵ دەکرێ کە چا بۆ میوانانی پیاو بێنن و لە دانیشتنەکەدا ئامادە بن و بەم شێوە، گوێی کوڕان لە تەمەنی کەمەوە لەگەڵ بابەتگەلی دەرووست بە کۆبوونەوەی پیاوانە، ئاشنا دەبێت. کەواتە ئەوەی کە کوڕێکی مێرمنداڵ ئیشی وێنەگریی و ڕەخنەکەی لە سەر وەها ناوەڕۆکگەلێک چڕ دەکاتەوە، پیشاندەری ئەوەیە کە بە نیازە خۆی لە دنیایەکی گشتی پیاوانەدا جێگیر بکات.




وێنەی ژمارە ١٣: منداڵانێک بەدی  دەکەن کە لە کۆڵان یاری تۆپێن دەکەن، بەڵام حەزیان دەکرد لە شوێنێکی باشتر یاری بکەن.

گرووپێک لە منداڵان پیشان دەدا کە لە کۆڵانی گەڕەکی لای ماڵی خۆیان خەریکی یاری کردنن. بە باوەڕی وێنەگر، چونکە لە سەر ئاستی شار زەوییەکی یاری گونجاو بۆ منداڵان بوونی نییە، سەرەڕای هەموو مەترسییەکان، ئەوان بەدەر لە یاری لە کۆڵان دەرەتانێکی دیکەیان نییە. وێنەگر ڕوونی دەکاتەوە کە بۆ وێنە لە ماوەی مانگی ڕابردوو، کاتێک کوڕێکی تەمەن ١٢ ساڵان لە دەرەوەی ماڵ یاری تۆپی پێی دەکرد، لە پێکدادان لەگەڵ ئۆتۆمبێلێک گیانی لە دەستدا و وێڕای ئاماژە بە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی بە ناوی

(جۆنگێ جەوان) ـ بەرنامەیەکی ڕۆاژنە و پەیوەست بەو کاروبارانەی کە گرووپی ئامانجەکەی مێرمندالانن – درێژەی پێ دەدا کە لە شار و شارە گەورەکاندا، هەر ناوچەیەک زەوی یاری دیزاینکراوی خۆی هەیە. ئەگەرچی بەرنامەی (جۆنگێ جەوان) ژیانی چینی مامناوەندی گەڕەکەکانی باکووری تاران بە زەوی یاری سەوز و بەشە وەرزشییەکان پیشان دەدات، بەڵام مندالانی مەهاباد وێڕای بوونی خەونی ئەم شێوازە ژیانە، ئەوانە لەگەڵ ڕاستییەکانی خۆیان بە ناسازگار دەبینن. یاری تۆپێن بەشی گرینگی کەلتووری گەنجان و مێرمندالانی مەهابادە. هەڵبەت زۆرینەی ئێرانییەکان بە وردییەوە بە دواداچوون بۆ تۆپێن دەکەن، تا ئەو ڕادە کە کاتێ من خەریکی لێکۆڵینەوەی مەیدانی بووم، بە هۆی دەستپێکردنی مۆندیالی جیهانییەوە، بەرنامەی تاقیکاری قوتابخانەکانی وڵات چوار حەفتە گۆڕانیان بە سەر هات. زیاتر، کوڕان لە بەر درگای ماڵەکانیان یاری تۆپێن دەکەن و دایک و باوکەکانیان پێیان باشترە هەتا ئەو جێی دەکرێ ئەوان لە ماڵ نزیک بن بۆ ئەوەی لە پارێزراو بوونیان دڵنیا بن و هەمیش بۆ کڕینی پێویستییەکان و کڕینی نانی شەو لە نانەواخانە دەست پێڕاگەیشتنیان ئاسانتر بێت. ئەم وێنە گرووپێک لە کوڕان بە تەمەنی جیاوازەوە پیشان دەدا کە لە کۆڵان شەق لە تۆپەکە دەدەن. شوێنەکە تەنگەبەر و خۆڵاوییە و تەماشەوانان لە سەر پارچە شکاوی کۆنکرێت دانیشتوون. وا دیارە پێوەرێکی شاراوە لە نێوان شێوازی ژیانی گەنجانێک کە تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتیی ئێران پیشانی دەدا و تێیدا سەروەت و سامان پیشان دەدرێت و دیمەنی ژیانێکی فەوتاو و ڕەنگە تا ڕادەیەک بێبەش و شوێنێکی گشتی پیشاندراو بەدی دەکرێت.



وێنەی ژمارە ١٤: پارکێکی یاری خۆجێیی لە شاری مەهاباد

هەر ئەم پرسە وێنەکانی دیکـەش دەگرێتـەوە. وێنـەی ژمـارە ١٤ پـارکێکی خۆجێیی لە مەهاباد پیشان دەدا و وێنـەگر بـە ڕاوێژێکـی تونـدەوە دەنووسـێ: «هەموو ئەو پارە و گوژمـەی کـە شـارەوانی بـۆ پاراسـتنی پـارک و زەوی یـاری وەریدەگرێ، دەچێ بۆ کوێ؟ بۆچی دەوڵەت هیچ ئاوڕێک لە ژیـانی منـدالان ناداتەوە؟» ئایا ئەمە زەوی یارییە؟» وێنەکە پارکێکی یاری چۆڵ پیشان دەدا، بـە زەوییەکی قوڕاویی، کەرەسەی یـاری شـکاو و کەڵەکـە بـوونی دار و پـەردوو و مادەی بیناسـازی لـە دەوروبەرەکـەی. لـە ژێرنووسـی وێنەکـەدا هـاتووە کـە جۆلانێی شکاو و کەرەسەی یـاری بـۆ منـدالان زۆر مەترسـیدارن و ئامـاژە بـە

ڕووداوێکی هاتوچۆ دەکەن کە لە شاری یاری مەهاباد ڕووی داوە کە چەرخ سووڕدەرێکی گەورە کەوتە خوارەوە و بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان منداڵ و دایک و باوکیان. ئەم شاری یارییە لە ساڵی ١٣٨٢ هەتاوی داخرا. وێنەگری سووژە وەها پرسیارێکی گەڵاڵە کردووە: «بۆچی دەبێ ئەمە ڕوو بدات و ئایا شارەوانی نابێ سەرنجێکی زیاتر بخاتە سەر چاک کردنەوەی دۆخی پارک و زەوی یارییەکان؟»




وێنەی ژمارە ١٥: پارکێکی یاری لە ورمێ

وێنەی ژمارە ١٥ لە شاری ورمێ، شاری دراوسێ و ناوەندی پارێزگا، گیراوە. کاتێک وێنەگر لە سەفەرێکی یەک ڕۆژەدا لەگەڵ بنەماڵەکەی چووە بۆ ئەوێ. لەم وێنەدا، پانتا یارییەکانی مەهاباد لەگەڵ جیازاتی نوێ، درەوشاوە و خاوێنی ورمێ بەراورد کراوە، چیمەنەکەی تازە کێڵدراوە و جۆلانێ و دیکەی کەرەسەکانی بەم نزیکانە ڕەنگ کراون. ڕەنگ بێ زەوی یاری و کەرەسەی یاری، سەرەڕای سادەیی و ئاسایی بوونیان، تازە بن و بە باشی پارێزرابێتن.

کوڕە ڕاپۆرتچییەکە ئەم ژێرنووسەی بۆ وێنەکە نووسیوە: «بۆ نابێ پارکەکانی شاری ئێمەش هاوشێوەی ئەمە جوان و پارێزراو بن؟» هەروەها لە ڕوونکردنەوەی وێنەکەدا هاتووە: «بەرپرسانی شار بیریان لای ئیشەکەیان نییە و دەوڵەت پارەیەکی زێدەتر لە شاری ورمێ سەرف دەکا، چوونکە ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوایە.» و ئەمە دەتوانێ تەوسێک بێ لە پێکهاتەی ئێتنیکی شاری ورمێ کە زۆرینەیان تورک زمان و شیعە مەزهەبن.

تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی ئێران زیاتر خەریکی بڵاوکردنەوەی مۆسیقای نەریتی و نیوە مۆدێڕنی مەجازییە؛ و لە ڤیدیۆکلیپەکانی وێنەی سرووشت و تاڤگەی سەوز و هەروەها ژیانی شار لە شەقامەکانی تاران پیشان دەدرێ کە خەڵک لە پارکەکاندا بۆ سەیران و ڕابواردن کۆ بوونەتەوە یان منداڵان لە شاری یاری خەریکی یاری کردنن. ئەم وێنانە لەگەڵ ژیانی ناوچە جیا جیاکانی وڵاتی ئێران جیاوازە و وەها نواندنەوەیەک لە وڵات و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ناوچە پێداویستیدارەکانی وەکوو پێتەخت و شارە گەورەکان ئەوە دەگەیێنێ کە گەنجان لە وێنەکاندا ڕاستییەکانی ژیانی خۆیان بەدی ناکەن، بەڵکوو مۆدێلێک لە ڕاستییەکان دەخرێتە ڕوو کە هەست دەکەن لێی بێبەشن و چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە هەمان پێداویستی بۆ ئەوانیش دابین ببێت.

## ٢ـ جیاوازییە ڕەگەزێتییەکان

یەکێک لە کچەکان پرۆژەکەی لە بارەی دیکەی کچانی مێرمنداڵ و بە سەرنج خستنە سەر ئەم پرسە ئەنجام دا کە ڕا و بۆچوونی کچان سەبارەت بە کوڕان چییە. ناوبراو لە پێشەکی ئەم پرۆژە نووسیویەتی: «ئامانجی من لە ئەنجامدانی ئەم پرۆژە ڕوونکردنەوەی هەواڵێکە کە بڵێم کوڕان و کچان نابێ پێکەوە لە پەیوەندیدا بن. ئەگەر بە ڕاستی پێیان خۆشە، کێشە نییە بەڵام ئەگەر نایەنەوێ کە ئابڕووی خۆیان و بنەماڵەکەیان ببەن، نابێ ئەم کارە بکەن. من نازانم بۆچی

کچ یان کوڕێک کە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و خوداپێداو گەورە بووە وەها کارێک دەکات. ئایا تەنیا بۆ خۆشییە؟ یان بۆ چێژە؟ بۆچی وانەکانی قوتابخانەیان ئەنجام نادەن و ڕێز لە بنەماڵەکانیان ناگرن؟ لە دایک و باوکیان ناترسن؟ من باش دەزانم کە ناترسن. دەی باشە، لانیکەم لە خوا بترسن، هەر هەموو ئەم کارانە گوناحن. داواتان لێ دەکەم بیر لە وتەکانم بکەنەوە. ئەگەر قازانجتان کرد، زۆر باشە، ئەگەر نا .... .»



وێنەی ژمارە ١٦: وێنەی کچێک پاش «تراژێدیا»ی کۆتایی هاتنی پەیوەندییەکەی لەگەڵ دۆستە خۆشەویستەکەی کە لە لایەن کچانەوە دڵنەوایی دەدرێت.

سەرەڕای ئەوەی ئەم وتە و نووسراوانە تا ڕادەیەک توندڕەوانەن و ڕەنگە بتوانین وەک نوێنەری شێوازی تێڕامانی کۆنسێرڤاتیو و نەریتخوازانەی کۆمەڵگای شاریی لێی بڕوانین کە لە مۆدێڕنیزم بە دوورە، بەڵام هەوڵنێری مێرمنداڵ لە ئیشەکەیدا شانۆیەکی زەقی پیشان داوە کە لە ژێر کاریگەری بنەما

کەلتوورییە جەماوەرپەسندەکانی تەلەڤیزیۆنە. ئاراستەی ئەو بۆ ئـەم بەسـەرهاتە پرسینی پرسیارگەلی دەرووەست بەوان و ڕەچاو کردنی شوێنێکی سـنووردار بـۆ وڵامەکان بوو. کۆمەڵێ پرسیاری هەمەجۆر ئاراسـتە کـرا بـوو کـە هەنـدێکیان گونجاو لەگەڵ پێوەر و ستاندارده عورفییە تەواو تایبەتییەکان گەلالە کرا بوو، بـۆ وێنە: «ئایا تۆ کوڕێکت خۆش دەوێ؟ لە کوێ و چۆن لەگەڵی ژوانت دانا؟ ئایا ئەو ئێوەی خۆش دەوێ و چەندە؟» ئینجا هەواڵنێر ڕا و بۆچوونی کەسەکانی لە بارەی ئەوەی کە بۆچی «پێویسـتیان» بـە خۆشویسـتنی کوڕێکـە پرسـی بـوو، هەروەها ئەم پرسیارەی ئاراستە کردبوو کە ئەگـەر دایـک و باوکیـان بـەم بابەتـە بزانن، چی دەبێ؟ دەتوانین بڵێین لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەم پرسیارەی ئاراسـتە کردبوو: «بۆچی لێک دابڕان؟» و «ئایا دەتانهەوێ چاوتان بـە کەسـێکی دیکـە بکەوێ و بۆچی؟» پەیامی ژێر دەقەکە ڕەنگ بێ جۆرێـک ڕاپـۆرتی ئـەخلاقی بێت. ناوبراو هەر دیمانەیەکی بە ئامۆژگاری کردنی دیکـەی ئـەو کچانـەی کـە هەتا ئێستا دۆستی کوڕیان نەبووە، کۆتایی پێ هێناوە.

وێنەکان تەنانەت لـەوەش سـەرتر دەچـن و بەسـەرهاتی ئامۆژگارییانـەیان ڕووڕاستترە، ڕستەیەک بەم ناوەرۆکەوە «ئەگەر بـە بێ‌ئـابڕوویی» هەڵسـووکەوت بنوێنی، ئەوە چارەنووسێکە کـە چاوەڕوانتـە». خـاڵی سـەرنجڕاکێش لـەبارەی وێنەکانی ئەم پاژە شـێوازی دیمەنسـازی و دیمـەنی دراماتیکییـە کـە هەیانـە و دەستبەجێ منی وەبیر نەمایشی هەستیاری ژنانە لە زنجیرە دراما سادە و ئاسـت نزم و بەناوبانگەکانی ئێران خستەوە کە تێیاندا ژنان بۆ هەر ڕووداوێکی دڵتەزێن بە یەک هەستی ورووژان و غەمی زیادەڕۆیانە کاردانەوەیان دەبێت. لەم چەشنە دیمەنانە لـە بەرنامـە تەلەڤیزیۆنییەکانـدا، ناچارانـە نومـای نزیـک لـە سـیمای شێواوی ئەکتەرێکی ئافرەت بەدی دەکـەین کـە لـە ڕووی هەسـتەوە بشـێوی و تێکچوونی پێوە دیارە. لە وێنەی ژمارە ١٧، وەها نومایەکی داخراو لـە کچێکـی گەنج دەبینین کە بۆتە قوربانی خـراپ بـەکارهێنانی کوڕێـک و ئـەوەی کـە لـە

سۆنگەی ئەخلاقی و دەروونییەوە کـڕ و ماتـە. لـەو ڕووەوەی کـە دەموچـاوی داپۆشراوە، کامێرا لە سەر سەری کە داشۆڕاوە زوومی کردووە و کۆمەڵێکی زۆر دەسماڵ کە فرمێسکەکانی پێ سڕییەوە لە دەوروبەری بڵاو بۆتـەوە. لـە وێنـەی ژمارەی حەڤدە کچێکی دیکە دەبینین کە هاوڕێکانی دڵخۆشی دەدەنەوە. سەیر لەوەدایە کە هەواڵنێرەکەمان بۆ سـووژەی وێنـەکانی ئـەو کچانـەی دەستنیشـان کردووە کە جلی نەریتیی یان پۆشاکی باڵاپۆشی ڕەشی قوتابخانەیان لـە بـەرە و ئەم پرسەش ڕەنگە پتر لە هەر شتێکی تر، پیشاندەری سروشـتی دیمەنسـازیی وێنەکان لە قوتابخانە بـێ، ئـەم وێنانـە ئەگـەر پیشـاندەری هـەموو خاڵـەکانی دیکـەی دەروەسـت بـە نـۆرم و بـەهاکانی نێـوان پەیوەندییـە ڕەگەزێتییـەکانی کۆمەڵگای ئێرانیش بـێ، کێشـانەوەیەکی سـەیر و تـا ڕادەیـەک تەوسـاویی لـە ڕوانگـەی «پەسـندکراو» (شـیاو) بەرامبـەر بـە پەیوەندییـە عاشـقانە ڕێگـە پێنـەدراوەکان و دەرهاویشـتەکانی لادان لـەم چەشـنە ڕوانگانـە دەخەنـە ڕوو. پەیامی ئامۆژگارییانە و ئەنجامی هەر لێدوانێک کە لە ڕێگـەی وێنەکانـەوە زەق دەکرێتـەوە، ئەوەیـە کـە چوونـە دەرەوە لەگـەڵ کوڕێـک، غـەم و خەفـەت، شەرمەزاری و تەنیایی لێ دەکەوێتەوە. گشتێتی پرۆژەکـە بـە قـووڵی درێـژە بـە هـەمان وێنـای شـانۆیی دەدا کـە لـە سـەر بنـەمای شـکێنەریی و هەسـتیاری ئافرەتانە، چی ئەو بیچمەی کە لە فۆرم و بیچمەکانی کەلتووری گشتیی، وەکوو تەلەڤیزیۆن بەرهەم دێت و چی ئەو بیچمـەی کـە لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـە ڕاستەقینەکاندا فێر دەکرێت.



وێنەی ژمارە17: وێنە لە نومایەکی داخراو لە کچێکی گەنج دەبینین کە بۆتە قوربانی دەستدرێژی کوڕێک و ئەوەی کە لە ڕووی ئەخلاقی و دەروونییەوە کڕ و ماتە .

یەکێکی دیکە لە بەشداربووان ئیشەکەی تەرخانی ئەم بابەتە کردبوو کە بۆچی لە شانەی بنەماڵە، هەڵسووکەوتی بەرانبەر بە کچ لەگەڵ هەڵسووکەوتی بەرانبەر بە کوڕ جیاوازە. ناوبراو بە گرتنی وێنەی زۆر، قەبارەیەکی مەزنی لە دەق و ژێرنووس بۆ هەر کام لەم وێنانە و هەروەها دیمانەی ورد لەگەڵ دایک و باوکەکان، مامۆستایان، و کچان و کوڕان، کارێکی وێنەگریی هەواڵی گشتگیری ئەنجام دا.

ناوبراو لە پێشەکی پرۆژەکەیدا وەهای نووسیوە: «ئەگەر ئەوان (دایک و باوکەکان) کوڕان لە دەرەوەی قوتابخانەی کچان ببینن، زۆر کەمتەرخەمانە دەڵێن کێشە نییە، گەنجە، بەڵام ئەگەر کچەکەیان لە حاڵەتێکدا ببینن کە سەیری کوڕێک دەکا کارەساتە. تەنانەت ڕەنگە بە زۆری لە قوتابخانە

بیگێڕێنەوە و لـە ماڵـەوە بیهێڵنـەوە. بەهـەر حـاڵ، کچـان هەمیشـە لـە ماڵـەوە دەهێڵدرێنەوە بۆ ئەوەی ئیشی کابانێتی فێر بن، ئەوە لە حاڵێکدایە کـە کـوڕان و پیاوان زیاتری کاتـەکانیان لـە شـەقام و دەرەوە بـە سـەر دەبـەن و لـە کۆتاییـدا دەردەکەوێ کە شەوگەڕن. بەڵام کچان بە هـۆی ئـەوەی بەنـد کـراون، کاتێـک ڕووداوێکی نەخوازراو دەکەوێتەوە لە ماڵـەوە ڕا دەکـەن. زۆربـەی سـەروەت و سامانی بنەماڵە دەدرێ بە کوڕان و مافی تەڵاق هی مێـردە. بـە ڕای مـن مـافی ئافرەتان تەنیا لە دەقێکدا نووسراوە و لـە کـردەوەدا هیچیـان نـابینرێن. ئافرەتـان هــەلی کــاری کــەمتریان هەیــە و بــەردەوام پێیــان دەگــوترێ کــە وریــای دەوروبەرەکانتان بن.» لە درێژەدا ناوبراو مەبەستەکەی بە بەڵگەوە دەسـەلمێنێ کە لە کاتی بەڕێوە چوونی پیشانگا لە هۆڵی شارەوانی، دەبینرا کە کـوڕان زیـاتر بە تەنیایی ئامادە دەبـوون، بـەڵام کچـان یـان کەسـێکیان لەگـەڵ بـوو یـان لـە گرووپی گەورەتردا ئامادە بوون.

ڕەنگ بێ ئـەم وێنـەگرە هەواڵییـە، لـە سەرتاسـەری ئیشـەکەدا، خـەریکی شاردنەوەی جۆرێک دوودڵییە کـە سـەبارەت بـە پێگـەی «ئـەخلاق» و ژنـانی سەربەخۆ لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە و هـەروەها مەترسـییە ڕاسـتەقینەکان یـان خەیاڵییەکان کە لە بەر دەم ئەو کەسانەیە کە بڕیار بـۆ سـەربەخۆیی دەدەن. بـۆ وێنە لە هەمان کاتدا وا هەست دەکرێ ئەم وێنـەگرە لایـەنگری بزاڤـی ئـازادی کچانە، دەڵێ تەنانەت ئەو کوڕ و پیاوانەی کە کاتی خۆیان لە «شەقام و دەرەوە» بە سەر دەبەن، دەبنە کەسایەتی ڕەش و هەڵە یان «شەوگەڕەکان». سەیر لەوەدایە کە وا هەست دەکرێ لەو وێنانـەی وا ئـەو هـەڵیبژاردووە ـ وێنەگـەلێک کـە بـە شێوەی دووانە بە کاریان دێنێ بۆ ئەوەی ڕۆڵی پیـاوان و ژنـان بـەراورد بکـات . پیاوان بە شێوەی ئاگادارانە چوونەتە ناو سناریۆی «ڕۆژئاوایی» یان بە جۆرێـک مۆدێڕن دانراون و ژنان لـە شـانەی نەریتیـدا پیشـان دەدرێـن. بـەڵام تەنانـەت سەرەڕای ئەوەی ئەم بەراوردە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی وێنەکانەوە ئەنجام

دەدرێ، ناتوانین ئاوا لێبڕاوانە بڕیار بدەین کە ئایا ئەو ڕەخنەکەی ئاراستەی بارودۆخی داتەپێنراوی ئافرەتان لە کۆمەڵگای ئێران دەکا یان ئاراستەی پێگەی «لە ڕادەبەدەر ئازادانە»ـیەک دەکا کە پیاوان هەیانە.



وێنەی ژمارە ١٨: هێمایەک لە پیاوەتی مۆدێڕن

بۆ وێنە لە وێنەی ژمارە ١٨، پیاوێکی گەنج لە سەر ماتۆڕێک بەدی دەکەین کە حاڵەت و ئاوێتەیەکی لە خۆ گرتووە کە دەڵێی خەریکی لاسایی کردنەوەی پۆستەری فیلمێکی بەناوبانگی هیندی جەماوەرپەسندە. هەواڵنێری مێرمنداڵی کچ بەم شێوە بەڵگە دێنێتەوە کە هەر هەموو ئەو کوڕانەی کە دیمانەیان لەگەڵ کرا، لەگەڵ خۆیان زۆر ئاسوودە بوون هەرچییەکیان پێ جوان بووایە، لەبەریان بوو، وەکوو «دەستبەند، گوارە و ملبەند». لە ژێرنووسی وێنەکەدا وەها هاتووە: «سەیری ئەم وێنە بکەن کە تەنانەت کوڕێکی گەنجی ماتۆرسواریش بۆ کامێراکەی من ژێستی گرتووە. ئەو زۆر لە خۆی دڵنیایە و ئەوەندە متمانەی بە خۆی هەیە کە دەمدوێنێ و ڕا و بۆچوونەکانی دەردەبڕێت.»



وێنەی ژمارە ١٩: ئیزن بە کچان نادەن بە تەنیا لە ماڵ بێنە دەرەوە، بەتایبـەت بۆ شەقام و کۆڵانە چۆڵ و «مەترسیدارەکان»

کچی ڕاپۆرتچی تەنانەت تێدەکۆشێ ئـەو «تـرس»ەی کـە بـەرۆکی ژنـانی گرتووە، پیشان بدات. بۆ وێنە لە وێنەی ژمارە ١٩ کە ڕەنگە لە پاشـنیوەڕۆیەکی گەرم، کاتێک زۆربەی خەڵک خەریکی پشووی دوای نانی نیوەڕۆن، گیـرا بـێ کە وێنەیەکی شڵەژێنەرە و توخمێکی شاعیرانەی لە خـۆدا هـەڵگرتووە، شـەقام چۆڵە و پشتی ژنێکی چارشێوبەسەر ڕوو لە کامێرایە کە لـە کـوێرە جادەیـەکی بۆر بەرەو سووچی گۆشەگیری پاشەکشـێی کـردووە. لـە ژێرنووسـی وێنەکـەدا هاتووە: «کچانی گـەنج لـەم کاتانـەی ڕۆژدا نـاتوانن لـە شـوێنە گشـتییەکاندا دەربکەون، چوونکە زۆر پارێزراو نین و دەبێ کەسێکی دیکەیان لەگـەڵ بێـت. بەڵام کوڕان ئەم چەشنە ئاستەنگانە لە بەر دەمیاندا نییە.»



وێنەی ژمارە ٢٠: وێنەی کچانێک کە بۆ وێنەگرتن پێویستیان بە ئیزنی بنەماڵەکانیانە.

لە وێنەی ژمارە ٢٠، وێنەگر هەر ئەم ناوەرۆکە دەگرێتە بەر و ئاماژە بەم بابەتە دەکا کە ئەو کچانەی وا دیمانەی لەگەڵ کردوون ئیزنیان نەدەدا دەموچاویان لە وێنەکاندا بە باشی دەربکەوێت. ئێمە لێرە وتووێژی تایبەتی وێنەگر و دوو کچی دیکە بەدی دەکەین کە پێکەوە گفتوگۆ دەکەن و دیسانیش کچەکان پشتیان لە کامێرا کردووە و سەرتاپا ڕەشپۆشن. وێنەگر جەخت دەکاتەوە کە کچان ئیزنتان پێ نادەن کە وێنەیان لێ بگرن، چوونکە پێیان وایە دەبێ ئیزن لە بنەماڵەکانیان وەربگرن.



وێنەی ژمارە ٢١: وێنەی کۆمەڵێ کوڕی بچووک کە لە شەقام یاری دەکەن و یەکیان دەمامکی لە دەموچاوی داوە.


لە لایەکی دیکەوە، لە وێنەی ژمارە ٢١، کۆمەڵێ لە کوڕانی گەنج و منداڵی بچووک بەدی دەکرێن کە لە سەر شەقام خەریکی یارین. ئەوان ژێستیان گرتووە و ئەگەرچی یەکیان ڕاستەوخۆ لە کامێرا دەڕوانێ و بزە لە سەر لێویەتی، ئەوەی لای ڕاست جیدییە و سەیری بەر پێی دەکات. منداڵە هەرە بچووکەکە دەمامکێکی لە چەشنی «فیلمی ئەژدیهاییەکان»ی لە دەموچاوی داوە، بەڵام هیچ ناوەرۆکێک بۆ ئەم کارە بۆ ئێمە ناخاتە ڕوو. بە هەر حاڵ، وێنەگر بڕیاری داوە وێنەیەکی نائاسایی بگرێ کە تیشکی سەرنجی ئێمەش بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت. ناوبراو، خۆی لە ژێرنووسی وێنەکەدا بەم شێوە نووسیویەتی: «سەیری ئەم کوڕە بچکۆلە بکەن کە دەمامکی ئاژەڵانی لە دەموچاوی داوە. ئەگەر من ئەم دەمامکە بدەم لە دەموچاوم و بچمە سەر شەقام، خودا دەزانێ خەڵک پشتە مل چیم پێ دەڵێن.» دیسان لە شیکاری ئەم بۆچوونە دوودڵ دەبین کە ئایا ناوبراو لە نەبوونی ئازادی بۆ ئافرەتان، لە شوێنێک کە بە وتەی خۆی پڕ لە مەترسی شاراوە، چی کۆمەڵایەتی و چی مادیی، شەمزاوە یان لەم

شەرمەزارییەی کە تەنانەت کوڕە منداڵەکانیش هەڵسووکەوتی «نەشیاو»یان هەیە.

هەروەها ئەو بە وتنی ئەم ڕستە کە «ئیزن بە هیچ کچێک نادرێ بە تەنیا لە ماڵ بێتە دەرەوە یان ئەوان تەنانەت ناتوانن بە بێ ئیزن وێنە بگرن»، سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە مەهاباد گشتیبێژی دەکا، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ڕاستیدا خۆی و هەندێ لە هاوڕێکانی لەم «پوانە» سوودمەندن. بە هەر حاڵ، هەوڵی ئەو لە پێناوی ئەوەیە کە سەرنجی ئێمە بەرەو لای ئەو کێشانە ڕابکێشێ کە ژنانی مەهاباد لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئیدەعا سەرەتاییەکەی کە فوکووس کردن لە سەر هەڵسووکەوت لەگەڵ ژنان لە ژیانی بنەماڵەیی کە بە ڕێکەوت دەیتوانی نایەکسانییە چەسپاوەکانیش ڕوون بکاتەوە، لە هیچ کام لە وێنەکانی بچووکترین ئاماژەیەک بەم پرسە ناکرێت.

لە کۆتاییدا یەکێکی تر لە منداڵەکان، کە خوشکەکەشی لە سەر پۆل ئامادە بوو، پرۆژەکەی بە بابەتی باڵاپۆش و ئەوەی کە بۆچی بوونی باڵاپۆش بۆ ژنان وەک پێویستیی سەیر دەکرێ، خستە ڕوو. ناوبراو قەبارەیەکی زۆری دیمانە، لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئامادە کردبوو کە ژنانی بەساڵاچوو و گەنج، و تەنانەت زانایانی ئایینی خۆجێیی لە مزگەوتیشی لە خۆ دەگرت و لە بارەی ئەم بابەتە پرسیاری لێ کردبوون. بابەتی سەرنجڕاکێش لە بارەی تێگەیشتنی بارودۆخ، کە ڕەنگە کاریگەری لە سەر ئەویش دانابێ، ئەوە بوو کە دایکی کوردی عێراق بوو کە لە دەیەی ١٣٦٠ی هەتاوی لەگەڵ بنەماڵەکەی بەرەو ئێران ڕایان کردبوو و ئینجا لەگەڵ کوردێکی ئێرانی هاوسەرگیری کردبوو. کچە هەواڵنێرەکە وەک بەشێک لە پرۆژەکەی، دیمانەی لەگەڵ دایکی کردبوو و ئەویش لە وڵامدا وتبووی کە لە عێراق ناچار نەبووە باڵاپۆشی ببێ، چوونکە لە لایەن دەوڵەتەوە نەسەپێنرا بوو و لە درێژەدا وتی حەزی لێ نییە لەچک لە سەر بکا، بەڵام لە ئێران ناچارە باڵاپۆشی بێ ، چوونکە نەبوونی پێچەوانەی یاسای

ئەم وڵاتەیە. ناوبراو هەروەها زیادی کرد بوو کە ئەگەر مافی هەڵبژاردنی هەبوایە، ئیزنی نەدەدا کچەکەی باڵاپۆشی بێت. وێنەگریی هەواڵیی گەنج لە پێشەکییەکەیدا لە سەر ئەم کارە نووسیویەتی کە خۆشی حەزی لە باڵاپۆش نییە، بەڵام لە قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان ناچارە باڵاپۆشی بێت، بەڵام هەر کات دەرفەتی بۆ هەڵبکەوێ لەچکەکەی لە سەر دادەگرێ، بۆ وێنە لە ماڵ یان ئاهەنگە هاوسەرگیرییەکان. ناوبراو هەروەها لەگەڵ کچانی دیکەش دیمانەی ئەنجام دابوو ئەوانیش ڕا و بۆچوونی هاوشێوەیان هەبووە.



وێنەی ژمارە ٢٢: وێنەیەک لە کچانی بە باڵاپۆش لە یەکێک لە ئاهەنگەکانی قوتابخانە

سەرنجڕاکێشترین ڕووداو پەیوەست بەم کارە، شێوازی مامەڵەی سەرۆکی ناوەند و کاردانەوەی کچە گەنجەکان لە هەمبەر ئەو بوو. لەگەڵ بیچم گرتنی ئەم دیالۆگە نەوتراوە، ئەوەی زەق بووەوە ئەو دژوارییانەی بوو کە هەڵسووکەوتی سەپێنراو و ڕێگە پێدراو و هەروەها ڕادەبرینە گشتییەکانی دەورە دابوو. بۆ کردنەوەی پیشانگا لە هۆڵی شارەوانی، هەموو پرۆژەکان لە لایەن سەرۆکی

ناوەند ـ کە لە خێڵی مەنگوورِ بوو و پێشینەی سوپایی هـەبوو ، بـە وردی لێـک درانەوە. بەڕێزیان لە هەندێ لە بابەتەکان بێتاقـەت بـوو و وتـی بـۆ پیشـاندانی لانیکەم سێ دانە لە پرۆژەکان تووشی «چەرمەسـەریی» دەبـین. لـە ئەنجامـدا داوای کرد کە هەندێ لە وێنە و ڕا و بۆچوونەکان بقرتێنرێن، بۆ وێنە ئەم کـارەی دوایی. لە کۆتاییدا بە دەستێوەردانی من، ئەم کچە پرۆژەکەی بـردەوە بـۆ مـاڵ و سەر لە نوێ دەستی پێکردەوە. وێنەی زیاتری گـرت و هەنـدێ لـە ژێرنووسـی وێنەکان و وردەکاریی لێدوانەکانی گۆڕی. کاتێک ئیشەکەی هێناوە، فوکووس و کۆجێی گشتی ئیشەکە زۆر گۆڕانی بـە سـەردا هـاتبوو. بـۆ نموونـە لـە وێـنەی ژمارەی ٢٣، ناوبراو دیسان وێنـەی لـە یـەکێک لـە هـەمان کچـەکانی پێشـوو گرتەوە کە لە سەرەتادا دژی باڵاپۆش بوو و وتبووی حەزی لێ نییە. لـە وێنـەی نوێدا، ناوبراو بە وێنەیەکی ناپابەندانە بالاپۆشی هەیە و لەچکەکەی خەریکە لە سەری دەکەوێت و قـژی دیـارە (بـە هـەمان شـێوەیەک کـە بەتایبـەتی لـە نـاو ئافرەتانی ناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا باوە). ڕەنگ بـێ ئـەم وێنـە بـە نیشـتنی زەردەخەنەیـەکی هاوشـێوەی مۆنـالیزا لـە سـەر سـیمای کەسـێک، لـە ڕووی وشیاری و بە ئەنقەسـتانە گیرابـێ و دەتـوانین جۆرێـک گاڵتـەجاڕیی لـە سـەر سیمای کچە مێرمنداڵەکە بەدی بکەین. لە ژێر نوسی وێنەکە، لە سووژە، وەهـا گێڕدراوەتەوە: «من حەزم لە باڵاپۆشە. هەموو ژنان و کچـان دەبـێ باڵاپۆشـیان بێت .» هەروەها یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی بە وێنەیەکی کۆن لـە ئـەلبۆمی وێنەیی بنەماڵەیی گۆڕیبوو (بڕوانە: وێنەی ژمارە ٢٢). ئـەم وێنـە کۆمـەڵێ لـە کچـانی خوێنـدواری لـە ئاهـەنگی نـەریتی قوتابخانـە بـە نـاوی «ئاهـەنگی گوڵەکان» پیشان دا. هەموو کچانی ناو ئەم وێنە باڵاپۆشـی تـەواو ئیسـلامییان هەیە و چارشێو و تاجی گوڵیان لە سەرە. بەتایبـەت وێنـەگر بـۆ پاڕادۆکسـترین وێنەکان سەبارەت بە ئایتەمی دڵخوازی دەگەڕا و لە ڕوونکردنەوەی وێنەکەیـدا وتوویەتی: «هەموو هاوڕێکانم دەڵـێن نـەبـوونی بـاڵاپۆش حەرامـە.» نـاوبراو

هەروەها بۆچوونی دایکیشی بەم دێڕە گۆڕیبـوو کـە «ئێمـە دەبـێ باڵاپۆشـمان بێت، چوونکە وەجـە و ئابڕوومـان پـێ دەبەخشـێت.» و وێنەیـەکی نـوێی بـە سەرپۆشەوە دانا بوو بە پێچەوانەی وێنە پێشووەکەی کـە ئارایشـت و مـەیکاپی کردبوو و بێباڵاپۆش بوو و لە ئاهەنگی هاوسەرگیری کێشا بووی.



وێنەی ژمارە ٢٣: کچێک کە ناپابەندانە حیجابی کردووە و زەردەخەنەیەکی تەوساویی لە سەر لێوی نیشتووە: «من حەزم لە باڵاپۆشە. هەموو ژنان و کچان دەبێ باڵاپۆشیان بێت.»

پرۆژەی ئەم کچە مێرمنداڵە کە لە سەروبەندی ئەنجامـدا زۆری گـۆڕان بـە سەردا هات، لەو ڕووەوەی کە وێنەی تەوساوییانەی بە کار هێناوە زۆر جوانـە و بە وشیارییەوە، تـەوس وەک ئامرازێـک بـە کـار دەبـات بـۆ ئـەوەی ئـەو بنیاتـە دیسیپلەینە زاڵەی کە دژیەتی لەق بکات. تەنانەت سەرەڕای ئـەو ئاسـتەنگانەی کە هێنرایە سەر ڕێی، ئەو ڕێگەیەکی دۆزییەوە بۆ ئەوەی وێنەکان خۆیان بدوێن و دەنگ و پەیامی ئەو بگوازنەوە. ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی گرینگیی پرۆژەی ئەم لێکۆڵینەوە و ئیشی من لەگەڵ منداڵانی ناوەنـدە. لـەم سـۆنگەوە، ڕاپـۆرتی

نووسراو و پیشانگایەک کە لە پێشی بوو لە چاو ئەنجامی پرۆسەیەک کە مـن و منداڵەکان پێکەوە تێپەڕمان کرد لە پلەی دووهەمدا بوو.

## شیکاری وێنەکان

لـە خوێندنـەوەی شـیکارانەی پرۆژەکـان دەردەکـەوێ کـە چەنـدین هۆکـاری کەلتووری کاریگەری لە سەر چینی گـەنجان دادەنـێن و زۆر جـار بـە شـێوەی پرۆسەگەلی لێکدژ دێنە نـاو ژیانیانـەوە. بـۆ نموونـە، وێنەگـەلی کلیشـەیی لـە «کەلتـــووری ڕۆژئـــاوایی» لەگـــەڵ دیمۆکراســـی و یەکســـانییە ڕەگەزێتییـــە گشتگیرەکەی لە لایەن باوەڕە هەمـەجۆرەکان دەخرێنـە بـەر بـاس و لاسـایی-کردنەوە. دەڵێی جۆرێک دوودڵی ڕەسەن سەبارەت بـە دنیـای ڕۆژئـاوا هەیـە و ڕۆژئاوا لە چوارچێوەی ئامرازی سیمبۆلی لە ژیانی ئـەم مێرمنـداڵ و گەنجانـە دەرکەوتووە و خـۆی دەنـوێنێ کـە لـە ڕێگـەی ئـەوەوە، ئـەوان کۆمەڵگاکـەیان هەڵدەسـەنگێنن و وەک سـەرچاوەی ڕزگـاریی و سـەرتریی لێـی دەڕوانـن کـە هەڵبەت گەندەڵی ئەخلاقی و نەمانی بەهاکانی لێ دەکەوێتەوە. ئەمە گێچەڵێک نییە کە تایبەت بە کۆمەڵگای ئێران بێ، بەڵام بە تێگەیشتنی ڕوو لە هەڵکشـانی خراپ بە کارهێنانی مادەی هۆشبەر و کحۆل لە ئێران و کوردستانی هاوچەرخ، ڕەنگ بێ بابەتێکی گرینگی ڕووی لـە هەڵکشـان بێـت. وەک جـۆنز و والاس ئاماژەیان پێداوە، لەم ساڵانەی دواییدا لە وڵاتانی ڕۆژئاواییش هەستێکی گشتی بۆ تێگەیشتن لە هەڵسووکەوت و مامەڵەی گەنجان لە چوارچێوەی چەمکگەلی وەکوو «مەترسی» و «خەسارناسی» بوونی هەبووە:

لە ژێر «یاسا نوێکان» کۆمەڵە دەنگێک بووژاونەتەوە کە هەڵکشانی ڕێـژەی لە دایکبوون لە مێرمنداڵان، تاوان و توونـد و تیژی یـان خواردنـەوەی کحـۆل و مادەی هۆشبەر لە مێرمنداڵان بە پێوەری کاڵبوونەوەی ئەخلاقییەک دەزانن کـە بنەچەکەی دەچێتەوە سـەر دارِمـانی بـەها و نۆرمـە نەریتییـەکان، ئـەو بـەها و

نۆرمانەی کە لە ژیانی خێزانی نەریتییانەدا بە شێوەی باو لە ڕێگەی باڵادەستی دایک و باوکەوە جێگیر دەکرا. «لۆژیک»ی ئەم باسە کۆمەڵە سیاسەتێکی لێ کەوتۆتەوە کە داڕێژراون بۆ ئەوەی پشتیوانی لە «بەها خێزانییە نەریتییەکان» بکەن، ڕێگری لە ڕووخانی بنەماڵە بکەن و پارێزەری هەیمەنە و پابەندێتی خێزانی دایک و باوک بن (Jones & Wallace, 1992, p. 45).

لە بەر ڕۆشنایی ئەم بابەتە، ئەو داب و نەریتانەی کە ڕەنگە «نەریتی» سەیر بکرێن، بۆ وێنە زیادبوونی سنووردارییەکانی سەر گەنجان و بەتایبەت ئازادی کردەیی ئافرەتان لە دەرەوەی سنووری ماڵ دەتوانین نە لە چوارچێوەی تۆکمە بوونی بەها و نۆرمە نەریتییە خێزانییەکان بەڵکوو وەک کاردانەوەیەکی نوێ و لە حاڵی بیچم گرتن لە هەمبەر مەترسی فام کراوی مۆدێڕنیتە بۆ سەر کەلتووری گەنجان بزانین. بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، هەمیشە کۆنترۆڵی بنەماڵە بە سەر گەنجان و بەتایبەتی کچان قورستر و ڕاستەوخۆتر بووە، لە ئێستادا، هەر بەم هۆیەوە، ئەم کۆنترۆڵە گەشە سەندنێکی ڕوو لە زیادبوونی گرتۆتە خۆی. لەو ماوەی کە لە مەهاباد بووم، هەر کات دەرفەتی وتووێژ لەگەڵ ئەو دایک و باوکانەم بۆ هەڵدەکەوت کە بۆ بەشداری لە پۆلەکان هاوڕێیەتی مێرمنداڵەکانیان دەکرد، هەمیشە بەشی مەزنی باسەکەیان لە بارەی زۆنگاوی ئەو کێشانە بوو کە بە هۆی خراپ بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و خواردنەوەی کحۆل لە کۆمەڵگای کوردی بەدی دەکرا. ئەمە دیاردە-یەکی تازە دەرکەوتووە و زۆرێک لە هاوقسەکانم لەو باوەڕەدا بوون کە ئەمە سیاسەتی دەوڵەتی ئێرانە کە مادەی هۆشبەری هەرزان بێنێتە ناو ناوچە کوردنشینەکان بۆ ئەوەی شۆڕشی حەشیمەتی گەنجی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات.

جیا لە تیۆرییەکانی پلانی سیاسی، پرسەکانی بەردەم گەنجان هەمیشە لە باسی جۆنز و والاس (١٩٩٢) دەخرێنە ڕوو، بەدەر لە بابەتی دووگیان بوونی

مێرمنداڵان (هەڵبەت ئەمە دووگیان بوونی بە هۆی هاوسەرگیری منداڵان دەگرێتەوە. تەمەنی هاوسەرگیری لە وڵاتی ئێران بۆ کچان نۆ ساڵ و بۆ کوڕان پازدە ساڵانە)، لە وڵاتی ئێرانیش خەریکە دەبێتە دیاردە کە هەڵبەت لە گوتاری کۆمەڵایەتی، ڕەنگ بێ ئەم پرسانە هێشتا وەک کێشەی گەندەڵی ئەخلاقی «مۆدێڕن» و «ڕۆژئاوایی» بخرێنە ڕوو و لە ڕاگەیاندنە هەواڵدەرییە خۆجێییەکانیش لە چوارچێوەی دیمانە بەرنامەگەلێکیان بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردبێت. ئەم بەرنامانە زیاتر یارمەتی بیچم گرتنی زەینییەتی لە «کەلتوورتۆقێنی» دەدەن کە ئامانجەکەی دەبێتە ناتەبایی لەگەڵ گەنجان، بەتایبەت ئەو مێرمنداڵانەی کە لە خۆهۆشیاریی گەشە سەندوو سوودمەندن و ڕەخنە لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەگرن. ئەم پرسە، بۆ وێنە، لە کارێک کە ئازادی ئافرەتان لە شوێنە گشتییەکان تاوتوێ دەکا دەبینرێت (وێنەی ژمارە ١٩). لەم کارەدا، کچی گەنج پێناسەی نەبوونی ئاسایش دەکا کە وێدەچێ لە شەقامێکی چۆڵ بێ و ئەو کوڕانەی کە کاتەکەیان تەرخانی خولانەوە لە شوێنە گشتییەکان دەکەن بەم شێوە پێناسە دەکا کە دەبنە بوونەوەرانێکی «شەوگەڕ». لە ئیشێکدا کە بابەتی کچان و دۆستەکانیانی تاوتوێ دەکرد، هەر هەموو حاڵەتەکان لە لایەن کوڕانەوە «دەستدرێژی کرابووە سەریان» و «گوێبیستی درۆ» ببوون (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٦ و وێنەی ژمارە ١٧). ئێرە هەمان ڕەگەزی بەرانبەرە کە سەپێنەری گەورەترین هەڕەشەکانە، ئەگەرچی دیسانیش لە شانەی پەیوەندییە ڕەگەزێتییە «مۆدێڕن»ـەکان ئەم پەیوەندییە لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیرییە. وەک لابلان (2000, p. 201) باسی دەکا، پێوەندی نێوان زاڵ بوون بە سەر بێبەشایەتی لە شوێنی گشتی و مافی ڕەگەزێتی بۆ ئافرەتان لە ئایدیاگەلێک لە ترس و «ئاسایشی گشتی» بە «نهێنی» دەکرێن.

سەبارەت بە بەکارهێنانخوازی مادیش بە هۆی ئاگادار بوون لە شووناسی کەمینەی جیاوازی کورد و هێمای کەلتووری ڕەپاڵ خراویان، گەنگەشەکانی

نێوان کاریگەری بە کارهێنانخوازیی «نەریتی» و «مۆدێڕن» دەردەکەوێت. ئەم حاڵەتە لەو پرۆژانەدا دیارە کە جۆری جلوبەرگ (هەم جۆری جلوبەرگی نەریتیی کوردی و هم جۆری ئاینیی ئیسلامی) و سلیبریتییە خۆجێییەکان لە مەهاباد تاوتوێ دەکات. بۆ وێنە لە یەکێک لە پرۆژەکان (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٦) کچان لایەنگری بە کارهێنانی باڵاپۆشن، بەڵام لەگەڵ جلوبەرگی مۆدێلی ڕۆژئاوایی، ئەگینا جلوبەرگی نەریتی کوردییان بە دڵ نەبوو، ئەگەرچی لەوانەیە ئەم چەشنە پۆشاکە دەرفەتێکی دەگمەن بۆ ڕزگاربوون لە ئاستەنگەکانی پۆشینی ئیسلامی دابین بکات. وێنەکانی ئەم کارەش (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ١٨ – ٢١) ڕەخنە لە سنووردارییەکانی پۆشینی ئیسلامی و هەڵسووکەوتی پەسەندکراوی ئافرەتان دەگرێت. بەڵام وێڕای ئەمانە، هەستی نارەزایەتیش لە دژی ئاراستەی ئازادی لە ڕادەبەدەری کوڕان و پیاوان بەدی دەکەین کە ئامراز و کەرەسە مۆدێڕنەکان (سیکلێت و دەمامکی ئەژدیها) پیشان دەدەن. تەوحیدی (١٩٩٤)، وێڕای ئاماژە بە کۆمەڵگای ئێران، ئەوە پیشان دەدا کە دیوە «نەریتی» و پێشتر فەرزکراوەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەت بە دەرفەتی ڕزگاریی بۆ ئافرەتان، لە کاتی کۆماری ئیسلامی ١٣٥٧ی هەتاوی چۆن پیشان دراون و چی پێشکەوتنگەلێکیان هەبووە. بە ڕای ئەو، خۆڕاگری لە هەمبەر بیچمە دەستێوەردەرە ڕۆژئاواییەکان لە دوای ئاشنا بوون لەگەڵ چەمکی «ڕۆژئاوایی بوون» دێت و زۆر بوونی بەها و نۆرمی لە ڕادەبەدەر ئازادیخوازانە و ڕۆژئاوایی بۆتە هۆی دابەزینی ڕەوشت و ئەخلاق. ئەم پرسە لە لایەن هەندێ لە سەرچاوەکانەوە وەک بەشێک لە گوتاری سیاسی خراوەتە ڕوو. سەرنج پرژاندنە سەر ئەم بابەتە کە بیر و باوەڕی بەم شێوە تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا خراونەتە بەر باس، ئێمە بەرەو پرسی ئەو دژایەتییە ڕاشکاوانە پەلکێش دەکا کە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یان نەریت و مۆدێڕنیتەدا بوونی هەیە و بۆ فام و تێگەیشتنمان لە ئاراستەیەکی ئاڵۆز هاریکاریمان دەکا کە لە پرۆژە

وێنەگرییەکانی منداڵان و ناوەڕۆکە لێهەڵقوڵاوەکانی دەبینرێت. ئەم ئایدیایە لە چوارچێوەی چەمکی خۆماڵی «کچانی سەتەلایتی» بە چالنج دەکێشرێ، دێڕێک کە لە وەسفی ئافرەتە گەنجەکانە کە هەم چەمکی پێناسە و پێداهەڵگوتن و هەمیش ناشیرین کردن و تەمێ کردنە. کچانی سەتەلایتی ئەوانەن کە ڕێباز و شێوازی تاکەکەسییان لە ژێر کاریگەری کەناڵە سەتەلایتییەکانە. ئەوان تەڕپۆش و چاو و گوێ کراوەن و لە هەمان کاتدا ڕۆحسووکترن و «ئاساییتر دێنە ناو کۆبوونەوەی کوڕانەوە». لە وتووێژی خەڵک کە بە شێوەی ڕێکەوتانە بەر گوێم دەکەوت، هەندێ جار ئەم چەمکە گشتییانەیان بە کار دەهێنا.

سەرەڕای ئەمە، بیر و بڕواکان دەروەست بە ڕەگەزێتی لە کۆمەڵگای ئێران بە شێوەی ناچاری دەکەوێتە بەر کاریگەری ئایدیا «ڕۆژئاوا»ییەکانی بەرکەوتن لەگەڵ ڕەگەزێتیی کە لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا، بوونەتە ئایدیالیش. لەم بارودۆخەی ئێستادا، تەنانەت ئەم ڕووداوەش دەکەوێتەوە کە لە هەندێ حاڵەتدا ئەم بیر و باوەڕانە دەچنە پاڵ بیر و باوەڕی وەکوو «خەڵکی هۆگری ئازادیی» کە لە ئەمریکا و بەریتانیا، لە گوتارێکی میدیایی نێودەوڵەتی و لە کاردانەوەی بەرانبەر بە شەڕی دژ بە تێرۆریزم بەدی هاتوون. نموونەیەک لەم حاڵەتانە لە وتووێژەکانی کوڕێکی گەنج بەدی دەکرێ کە لە پیشانگا ئامادە ببوو:

**بە ڕای من، لە کۆمەڵگای ئێراندا، ئێستا ژن یەکسانە لەگەڵ کەنیز، کارەکەر و ڕایەت. لە کۆمەڵگایەکدا کە دیمۆکراسی بوونی نەبێ، نابێ ناوی بنرێ وڵات. بە باوەڕی من، دەبێ ئیسلامی لێ جیا بکرێتەوە بۆ ئەوەی بە یەک چاو و یەک ڕوانگە بتوانرێ هەموو تاکەکان، چی پیاو و چی ئافرەت بەراورد بکرێن (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٤)**

دەتوانین هێڵە هاوتەریبەکانی نێوان «دیمۆکراسی» بەدی بکەین کە بە شێوەی هێمایی ئاماژە بە ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا و بۆچوونگەلێک لە بارەی سوودمەندی دەوڵەتە سکۆلارەکان لە ئازادی ڕەگەزێتی دەکات. زانیاری

زەمینـــەیی ئـــەم چەشـــنە بیـــر و باوەڕانـــە بێگومـــان لـــە میـــدیا مـــەجازی و هەواڵدەرییەکانەوە سەرچاوە دەگـرێ کـە لـەو دیـو سـنوورەکان و لـە ڕێگـەی سەتەلایت و ئەنتەرنێتەوە بۆ مێرمنداڵان و گەنجانی ئێرانـی دەخرێتـە ڕوو و بـە تایبەتی سەبارەت بە چینی گەنجانی کورد، ڕەنگە کەسـانێک بگرێتـەوە کـە لـە ماڵەوە دەستیان بە میدیا سەتەلایتییەکانی کوردانی تاراوگە کـە زیـاتر سیاسـیین بگا و دایک و باوکیـان لـە سـایەی پێشـکەوتنەکانی ئـەم دواییانـەی هاوزمانـە کوردەکانیان لە هەرێمی کوردستان، بـە پێچەوانـەی زۆرینـەی کۆمـەڵگا، زۆر دژی بەها و نۆرمە ڕۆژئاوایی یان «ئەمریکییەکان» نین.

پرۆژەیەک کە لە بارەی سلیبریتییەکانی مەهاباد بوو پیشاندەری کاریگـەری فرەچەشنی بیچمە میدیاییە جۆراوجۆرەکان بـوو. سـەرەڕای ئـەوەی مۆسـیقای جەماوەرپەسندی فارسی بـاوترین شـێوە مۆسـیقای چینـی گەنجانـە ( Shay, 2000, p. 69)، تەنانەت لە ناوچە کوردنشـیەکانیش ڕێزگـرتن لـە سـەرکەوتنی کوردەکان، کە هەم بە شێوەی سرووشتی خۆجێییە و هەمیش لە ڕێگەی میـدیا سـەتەلایتییەکانەوە بـە شـێوەی ئەوپـەڕ نیشـتمانی کـەڵکی لـێ وەردەگیـرێ، پیشاندەری تێکەڵ بوونی کەلتـووری ناوچـەیی، نیشـتمانی و نێونەتەوەییـە. بـە ئاماژە دان بە پەیوەندی نێوان بە کارهێنانخـوازیی و کەلتـووری خـۆجێیی، لـە ڕاستیدا لە بارەی پانتایەک قسە دەکەین کە شوێنی یەکترگرتنی ڕوانگـە گشـتییە هەمە جۆرەکانە کـە هـەر کامیـان کۆمەڵـە چـاوەڕوانی و خواسـتی کەلتـووری جیاواز بە سەر ئەو پانتایەدا دەسەپێنن. ئەم ڕوانگە لەم پرۆسەی کە باس کرا، لە ڕێگە جیاوازەکانـەوە سـازێنەری شووناسـی خۆجێییشـە. ئـەو ڕەوتـە بـە بـە-کارهێنانی هەمان زانستی بناغەیی دەروەست بە پرسی خـۆجێیی، ڕێکخـراوی کۆمەڵایەتی و شوێنییەکەی دەست پێ دەکا و هەڵبەت دەبێ ئەم زانستە بە بەها گشـتییەکانی خۆیـەوە دەوڵەمەنـد بکـرێ و لـە پێنـاو خولقانـدنی گێڕانـەوە تایبەتـەکانی بـە کـار بهێنرێـت. بـە بـاوەڕی گـەنجان، یـەکێک لـە سـەرچاوە

کلیلییەکان بۆ ئاسانکاری ئەم گێڕانەوانە مۆسیقای جەماوەرپەسند و میکانیزمە ستایلییەکانی دەروەست بەوە (Bennett, 2000, p. 66).

سەبارەت بەو مێرمنداڵە کوردانەی کە پێکەوە ئیشمان کرد، بەشێک لەم «زانست»ـە لە بارەی شووناسی کوردی تێکەڵ بە ستایش و خۆڕاگری جار نە جار لە هەمبەر کاریگەری کەلتووری ڕۆژئاوایی پەیوەندیدار بە سیاسەتە دەوڵەتی و حکومەتییەکانی ئێران و فاکتەرە فرەچەشنەکانی دیکە بوو. بۆ وێنە، چینی نوێ زیاتر ڕاکێشی مۆسیقای جەماوەرپەسندی فارسی و هەندێ جار تورکی ئیستانبۆڵی دەبن و زیاتر لە شانەی ڕووداوە بە کۆمەڵییەکانی وەکوو ئاهەنگی هاوسەرگیری گوێیان لە مۆسیقای کوردی دەبێت. ئەگەر پرسیاریان لێ بکرێ کە ئایا لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری خۆجێیی بەشداریی دەکەن، یەکێک لە کەڵکەڵەکانیان ئەوەیە کە کام یەک لە هونەرمەندانی خۆجێیی (تیپ وشەی کوردی بۆ گرووپی مۆسیقایە) لەو ڕێوڕەسمەدا گۆرانی دەڵێ کە شادتر دەژەنێ بۆ ئەوەی بتوانن پڕوزەتر و کەیف خۆشتر هەڵپەڕن. ئەمە یەکێک لە گرینگترین بابەتە گەڵاڵە کراوەکانی پێش لەم چەشنە ڕووداوە گشتییانەیە. ڕووداوەکانی دەروەست بە شووناسی گشتی کوردیی ساتەوەختی تیژتێپەڕن لە خۆڕاگری لە هەمبەر هەژموونی ئایدۆلۆژیا دەوڵەتییە فارسییەکان (ئێران) و ڕزگار بوون لێی، بۆ وێنە سنوردارێتی گشتی لە بارەی باڵاپۆشدار بوونی ئافرەتان. ئەوەتان لێ ناشارینەوە کە حکومەت کەمتر پێویستی بەوە دەبێ کە ناچار بە سەپاندنی بەها بنیاتییە «ئیسلامیی»ـەکانی بێ، چوونکە بە پێچەوانەی چەند حاڵەتی دەگمەن، دەوری خانەوادە بەتایبەت سەبارەت بە پاراستنی ئابڕوو و وەجهی بنەماڵەیی، بە هۆی زەختە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دەستەبەری «کردەوەی گونجاو»ی تاکەکانە.

لە پاڵ ئەمانە، کاریگەری یەکتربڕی دیکەش هەن کە لە دوورنوما و ئاسۆمان بۆ هەڵسەنگاندنی ئاشکرا و لێبڕاوانەی «ڕۆژهەڵات» و «ڕۆژئاوا»

کێشە دەنێنەوە. وەک کلیشەگەلێک لەم پرسە لە سەر ئاستی بیناری ئیشی گەنجاندا بەر چاو دەکەوێت. بۆ وێنە لەو ئیشانەی کە لە سەر جلوبەرگی کوردی و پاراستنی پارکەکان بوو، ڕاشکاوانە ڕەوتی شاراوەی بیچم گرتنی شووناس لە ڕوانگەی کۆمەڵگایەکی کەمینەی بندەستی حکومەتی سەرکوتکەری ئێران - کە تێدەکۆشێ شووناسی ئێتنیکی کاڵ بکاتەوە - بەدی دەکەین. قسە کردن سەبارەت بە پارکەکان پیشاندەری چڕۆ کردنی هەستی پابەندێتی بە حەشیمەتی ئێتنیکی پەراوێزخراوە کە لە لایەن بەرپرسانی ناوەندی، یان فەرامۆش کراوە یان جیاکارییان بە سەردا سەپێنراوە. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو ئیشەی وا لە بارەی باڵاپۆش بوو (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٢ و وێنەی ژمارە ٢٣)، بە ئاماژە کردن بە دایکی کوردی کۆچبەری عێراقی، ڕاپۆرت لە هەستی کەوتنە بەر دژایەتی نەریتی دیاریکراوی ئێتنیکیی لە لایەن بەرپرسانی ناوەندیی دەکات. کەواتە ئەو زەخت و فاکتەرانەی کە بۆ بە هاوشێوە کردن بە کار دەهێنرێن نە تەنیا بە هۆی دابەش کردنی دوو جەمسەری ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوایە، بەڵکوو بە هەمان ڕادەش سەرچاوەی لە هەستی گشتگیری هەلومەرجی کەمینەیەکی ئێتنیکی وەرگرتووە کە پێکهاتەی سیاسی هەیە. توێژینەوەکانی ئەم دواییە لە بارەی گرینگیی کۆمەڵایەتی و سیاسی باڵاپۆش لە چوارچێوەی سیمبۆلی خۆجێیی خۆڕاگری لە هەمبەر کاریگەری هەژموونییەکانی «ڕۆژئاوا»، سەرنجێکی ئەوتۆی بە واتا زۆرەکانی گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی نادات. سەرەڕای ئەمە، شرۆڤەگەلی وەکوو باڵاپۆش لە ئێل گوونیندی (1999, p. 189) بە دروستی ئاماژە بە سوودی باڵاپۆش لە بزووتنەوەکانی بووژاندنەوەی ئاینیی ئیسلام لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوو دەکا کە بە «ئازادبوون لە شووناسە هاوردەیی و سەپێنراوەکان، هەڵسووکەوتی بەکارهێنەرانە و کەلتووری ڕوو لە گەشەی مادیی‌خوازیی» بانگەشەی بۆ دەکرێت. ئەم حاڵەتە تەنیا لە بارەی کەسانێک دروستە کە لە

ناوەندی ئەم بزووتنەوانەدا دەسەڵاتیان هەبووە. کچانی مێرمندالی کورد، کە تێگەیشتنیان لە شوێن، لە ژێر کاریگەری دێڕە سیاسییەکان لە بارەی کوردەکان وەک ئێتنیکێک لە کۆمەڵگای ئێرانە، ڕەنگە شایەتحاڵی ساختەکاریی کالی ئافرەتانی «ئامادە لە ناوەند» بن کە ڕەخنە لە کەلتووری مادیی‌خوازی ڕۆژئاوایی دەگرن، لە حاڵێکدا خۆیان لەم خاڵە بەهرەمەند دەبن. لە لایەکی تریشەوە، ژنانی کورد کەسانێکی پەراوێزخراون و ناتوانن لە هیچ کام لەم خاڵە مادییانە کەڵک وەربگرن کە «خوشکان»ـی موسڵمانی ئێرانیان هەیانە. بە هەر حاڵ، بە کارهێنانی باڵاپۆش لە کۆمەڵگای ئێرانی زۆر سەپێنراو و نەخوازراوانەیە و شێوەی خۆڕاگری کردن لە هەمبەر ئەم پرسە لە ناو کوردەکان ڕەچاو نەکردنی باڵاپۆش و وانە ئیسلامییەکان بە پابەند نەبوون و ڕێز نەگرتنی عورفی جلوبەرگەکەی یان بە تەواوەتی واز لێ‌هێنانی لە شوێنە گشتییەکان و ئەو ڕێوڕەسمانەیە کە بە بێ هیچ چاودێرێکی دەرەکی پیشاندەری کەلتووری کوردیین، وەکوو ئاهەنگی هاوسەرگیری (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤).

**ڕای دیدەنکاران پیشانگا لە مەڕوێنەکان**

بە ناوی خوا

وێڕای ڕێز و سڵاو

لەم پیشانگایەدا، زۆر وێنەی جوان بەدی کرا، بەڵام ڕازاندنەوەیان باش نەبوو و زۆرێک لە ئیشەکان لە کۆمپیوتەر گیرا بوون.

بە سپاسەوە

ڕامین سەراجی؛ فەرزین عەرەبی

..............................................................................

یەکەم ئەوەی کە، پیشانگا بە ڕاستی سەرنجڕاکێش بوو، بەتایبەت تابلۆ کێشراوەکان. ئینجا لە هەمووی بۆ من سەرنجڕاکێشتر، وێنەکانی بەڕێز

ئەحمەدی بوو کە لە ناویاندا، جیاوازییەکانی نێوان کچان و کوڕان بەدی دەکـرا کە لە ئاستێکی سەرنجڕاکێشدا بوو، بەڵام ڕا و بۆچوونی تایبەتی من ئەوەیە کـە نابێ کچان هیچ چەشنە ئازادییەکی ڕا دەربـڕین و زەینییـان هـەبێت، چوونکـە لای ئێمە وا باوە پیاو بۆ ئیش و هەوڵدان و ژن بۆ ماڵ و خزمەت بـە هاوسـەر و منداڵەکانی باشە. بابەتی سەرنجڕاکێشی دیکە ئەوەیە کە وێنەکانی خزمەت بـە دایک و باوک و ناوچە هەژارنشینەکانە.

هێمن یەزدانی


٨٥/٢/٢٥

........................................................................

من کوڕ = بە ڕای من، لـە کۆمـەڵگای ئێرانـدا، ئێسـتا ژن یەکسـانە لەگـەڵ کەنیز، کارەکەر و ڕایەت. لە کۆمەڵگایەکدا کە دیمۆکڕاسی بوونی نـەبێ، نـابێ ناوی بنرێ وڵات. بە باوەڕی من، دەبێ ئیسلامی لێ جیا بکرێتەوە بۆ ئەوەی بـە یەک چاو و یەک ڕوانگە بتوانرێ هەموو تاکـەکان، چـی پیـاو و چـی ئـافرەت بەراورد بکرێن.

........................................................................

من شارۆمەندێکی مەهابادیم. من کوڕم. مـن لـە گـەڕەکێکی هەژارنشـیندا دەژیم. ئێمە هەمیشە لە بارودۆخێکی نالەباردابین، ئەویش بـە هـۆی سیاسـەتە هەڵە و نادروستەکانی ئەم حکومەتە زاڵەیە و ئێستاش کە لە گەمارۆی سیاسـیدا دەژین.



وێنەی ژمارە ۲٤: ڕا و بۆچوونی لێکدژ سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگای ئێران، لە کتێبی میوانی پیشانگا

به ناوی خودا

کچ: ئیشەکانتان زۆر سەرنجڕاکێش بوو و بە ڕاستی کاریگەری لە سەرم دانا، چوونکە زۆرێک لەم وێنانە کە خوێندمەوە دەتوانم ڕاشکاوانە بڵێم کە ڕەنگە زۆر هاوشێوەی ژیانی من و زۆر کەسی دیکە بێت. ڕای من: ۱- سەبارەت بە هەژاری دەبێ بڵێم بە ڕاستی پڕکێشەترین ڕاستییەکە کە بۆ هەموو کەس ڕوو دەدات؛ واتە زۆر ئاکاری لێ دەبێتەوە، تەنانەت زۆر کەس بە هۆی هەژارییەوە دەست دەدەنە ئیشی ناڕەوا. بۆ وێنە کچێک کە شوو دەکا و چاوەڕوانە کە مێردەکەی بتوانێ دابینی بکا، بەڵام ئەو ئەمە ناکا و لەوانەیە

داوێنپیس بێ و بە لەشفرۆشی کردن و زۆر کردەوەی دیکە بژێوی خۆی دابین بکا و یان تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا، ئەوە مێردەکە خۆیەتی کە ژنەکەی ناچار بەم کردەوە دەکا کە بۆ بژێوی ئەو لەشفرۆشی بکات. بە ڕای من، لە سۆنگەی ئابووریی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و هتد زۆر گیر و گرفت هەیە کە دەتوانێ کۆمەڵگا بەرەو گەندەڵی ببا کە ئەمە تەنیا گۆشەیەک لەم کێشانە بوو. هەڵبەت زۆر فاکتەری دیکە دەتوانن ببنە هۆی هەژاری یان بۆ وێنە هەندێ پێیان وایە کە ئەگەر ئافرەت ئازاد بێ، داوێنپیس دەبێ و تەنیا دەبێ لە ماڵەوە زیندانی بکرێ، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، بەڵکوو ئەمە بەستراوەتەوە بە ڕەوشتی کەسەکە خۆی. بە بۆچوونی من، ئەگەر کەسەکە خاوەن ڕەوشت نەبێ، ئەگەر زیندانیش بکرێ لە بن بەردیش بێ دەتوانێ کاری هەڵە بکا، بەڵام ئەگەر ئازادی لە داوێنپیسی و بێڕەوشتی نەبینێ، دەتوانێ لە کۆمەڵگادا لە زۆرێک لە کارەکاندا لەگەڵ پیاوان بێ و بە شێوەی تەندروست و شیاو. کەواتە دەبێ بڵێم هەموو شتێک دەچێتەوە سەر ڕەوشت و ڕوانگەی تاکەکان لە ئازادی کە چۆن هەڵسووکەوت بکەن؛ واتە ئەگەر کەسێک لە ڕووی ئەخلاقییەوە کامڵ و تەواوکۆ بێ، هیچ شتێک ناتوانێ لە خشتەی ببات.

٢- پەیوەندی نێوان کچان و کوڕان: ئەم پەیوەندییە بە ڕای من هیچ کێشەیەکی تێدا نییە. دیارە هەموو مرۆڤێک پێویستی بە هاوهەستێکە. هەڵبەت ئەگەر پێویستت بە ڕەگەزی بەرانبەرە بۆ ئەوەی لێت تێبگا و دۆستایەتی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر و هاوڕەگەز زۆر جیاوازە؛ واتە من وای نابینم کە هاوڕەگەز بتوانێ هەر پێویستییەک، هەڵبەت مەبەست لە خواستی تێگەیشتنە، هاوپەیڤی لەگەڵ کەسێک کە خاوەن ڕەوشتە و هەروەها ئەوەی کە من ئەم پەیەوندییە لە تەمەنی کەم بە شیاو نازانم و بە ڕای من دەبێ تەمەنی بۆ دیاری بکرێ، چوونکە لەم حاڵەتەدایە کە چی کەس ناتوانێ دەستدرێژی بکاتە سەری و دەتوانی کەسی بەرانبەر باشتر بناسی و بزانی چی جۆر کەسێکە، تەنانەت بۆ ژیانی

داهاتووت دەستنیشانی بکەیت.

بە سپاسەوە

..........................................................................

کچ: وێنە و پێشنیارەکانتان زۆر سەرنجڕاکێش و شڵەژێنەر بوون. ئێستا چی لە ڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی یان سۆنگەی ژیان و بژێوی ژیان، و ... ، بە ڕاستی بۆ ماوەی چەند خوولەک مرۆڤ دەخاتە تێڕامان سەبارەت بە خۆی و بنەماڵەکەی یان ڕەنگە کەسانێک کە لە ژیاندا لە سۆنگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یان پرسە داراییەکان تووشی دۆڕان بوون. دەمەوێ بە هەموو کچان و کوڕانی هاوشاریم بڵێم کە هەمیشە وریای هەڵسووکەوتەکانیان بن. لە پەیوەندییەکانیاندا پشت بە کەس نەبەستن، چوونکە تا دێت کچان عەشق و خۆشەویستییان لە بیر دەکەن و خولیای داوێنپیسی، پەیوەندیی ناڕەوا، ئاهەنگ و ڕابواردن دەبن، بە بێ ئەوەی بیر لە ئاکامی کردەوە نگریسەکەیان بکەنەوە. ئەوەتان پێ دەڵێم کە هاوتەمەنەکانم وا نەزانن من کەسێکی بێهەستم، نا منیش هەستم هەیە، بەڵام تکاتان لێ دەکەم وریای خۆتان بن، چوونکە بۆسەی گەندەڵی، گیرۆدە بوون بە مادەی هۆشبەر و ئایدز چاوەڕوانی لە ئامێزگرتنی ئێوەیە. ئەوەندە بەسە کە بە وتنی نایەک خۆتان لەم ئاکارانە بپارێزن. ئەگەر خوداپێداو و دەوڵەمەندن ئەم هەلەتان بقۆزنەوە و بە دوای کاری دزێو نەکەون. من خۆم کچێکم کە لە سەرەتادا سەرەڕای ئەوەی کچێکی باش بووم، بەڵام بنەماڵەکەم سنووردارییان کردبوومەوە. پێیان وا بوو بە چووونە دەرەوە و خوێندن کەمە کەمە بەرەو گەندەڵی و هیچ و پووچی ڕادەکێشرێم، بەڵام بە هۆی ئەوەی ژیر بووم، لەگەڵ تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر توانیم متمانەی بنەماڵەکەم بەرەو لای خۆم ڕابکێشم و دیسان درێژە بە خوێندن بدەمەوە. ڕەنگە بەسەرهاتی زۆرێک لە ئێوە هاوشێوەی بەسەرهاتی من بێت. بە هەر حاڵ، هۆشداریم زیاتر بۆ ئەو کچانەیە وا لە تەمەنێکی هەستیاردان. من ئەو مافەتان پێ دەدەم کە دڵداری

بکەن، بەڵام تکایە ڕێگە مەدەن بە هیچ چەشنێک دەستدرێژی بکرێتە سەرتان. کوڕان بە پێشنیاری خۆشەویستی هیچیان لـێ کـەم نابێتـەوە، بـەڵام وردە وردە ئەوە ئێوەن کە لە ناو دەچن. هەڵبەت ئێوە بۆتان هەیە کە بڵێن هۆکاری زۆربـەی هەڵەکان لە کوڕانە، بـەڵام تکایـە ئەگـەر هـەژار و بێدەسـەڵاتن، هـەوڵ بـدەن ژیانێکی بەرز و ئابڕوومەندانەتان هەبێت، چوونکە ئێمەش ڕۆژێک دەمرین بـا ناوی چاکمان لێ بە جێ بمێنێت. ئەوەتان لە بەر چاو بێ کـە لـە دنیـادا تاوانـە گەورە و بچووکەکان دەسڕێنەوە، بەڵام تاوانی زینا و داوێنپیسی [دەمێنێتەوە.]



وێنەی ژمارە ٢٥: ڕا و بۆچوونی دوور و درێژی دوو کەس لە تماشاوانان

سەرەتا سڵاوم هەیە لە خزمەت هەموو ئەو کەسانەی کە بـۆ بـەڕێوە بردنـی

وەها پیشـانگایەک هـەوڵیان دا. هیـوادارم لـە هـەموو سـاتەوەختەکانی ژیانـدا سەرکەوتوو بـن. بـە ڕاسـتی وێنـە جوانـەکان بـە هونـەرەوە نوێنـدراون. بـەڵام سەبارەت بە پیشانگا دەتوانم بڵێم تەنیا پشتیوانی لە کچان کراوە و هەموو کوڕان وەکوو یەک نین.

........................................................................

E ....................................

به ناوی خوای گەورە


لە لایەن خۆمەوە کـاک مسـتەفا ڕەسـووڵی. کـوڕی سـەعیدی نەمەدبـەگی مەزناوایی سەردەشت. داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم. هەر بژین بۆ کوردستان.

مستەفا مەزناوایی

........................................................................

..........................................

بە ڕای من ئەمە باشترین پیشـانگایەکە کـە لـە سـەر ئاسـتی ئازەربایجـانی ڕۆژئاوا بەڕێوە چوو.


به ناوی خودای گەورە
لە لایەن خۆمەوە کاک مصطفی رسولی
کوری سەعیدی ئەحمەدبەگی مەرزناوی
ئالادینی سەردەشت
داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم
هەربژین بۆ کوردستان
مصطفی مەرزناوی

وێنەی ژمارە ٢٦: یادداشتێکی پێداهەڵگوتنانە بە زمانی کوردی کە سرووشتی نیشتمان پەروەرانە و نەتەوەخوازی پێوە دیارە: «بژین بۆ کوردستان»

دەستتان خۆش، زۆر بە کەڵک بوو.


بۆ بەرەو پێش‌چوونی هونەر، بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ یەکتر یان هەموو مرۆڤەکان، ئەمەش هەنگاوێکی جوان بوو و جوانتر لەوانەش بەشدار بوونی کەم تەمەنەکان بوو کە لە داهاتوودا متمانە بە خۆ بوونیان هەبێ و خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا بسەلمێنن و وێڕای هەموو خاڵە بەهێزەکان، بێگومان کەمێکیش خاڵی لاواز هەیە کە پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵ بکرێ:

١ـ بریا کەسێک ڕێنوێنی ئەم زەحمەتکێشانەی لە بواری نووسینی کوردی کردبوایە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی ئاسانتر بوایە.

٢ـ هەرچەند کارەکەتان کارێکی نوێیە و چاومان پێ ڕوون بووەوە. بەڵام جێبەجێ‌بوونی فیمینیستێکی دوگم هاتە بەرچاوم. واتە پیاوان لە کۆمەڵگادا ژنانیان پەراوێز خستووە و بە زەبری قەمچی کاری زۆرەملێیان لێ دەکێشن (ئەگەرچی ئەو دۆخەی کە ژنان تێیدا دەژین ڕەنگدانەوەی ڕەوشتی خۆیانە و خۆیان دەیانهەوێ وا بژین.)

٣ـ ئەدی بۆ لێش دەدەن و دەشگرین؟!

٤ـ هەواڵ وێنەکان لە چاو کەسانێکی ئاماتۆر.



وێنەی ژمارەی ٢٧: یادداشتێک بە زمانی کوردی کە ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی: «زۆر پێی قەڵس و ناڕەحەت دەبم کە هەندێ لە نووسراوە کوردییەکان پڕ لە هەڵەن و ئەمە بێڕێزییە بە زمانی کوردی. هەروەها بۆچوونەکانتان لە مەڕ ئافرەتان یەکلایەنەیە.»

به ناوی ئافرێنەری هونەر

به هیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بۆ یەک یەکی ئێوەی ئازیزان و هونەرمەندان، به ڕاستی گەلی کورد پێویستی بەم هونەرمەندانەیە و هەر پێویستی پێ دەبێ و خۆزگە دەخوازم که له درێژەی ژیاندا، چ کەسایەتی و چ هونەری، سەرکەوتوو و بەردەوام بن.

به سپاسەوه

٨٥/٢/٢٥

........................................................................

......................................


به ناوی خوێندکاری زانکۆی هەبوون

خوایه گیان شوکر بۆ تۆ. خوایه گیان شادین. خوایه گیان لەوەش شادتر دەبین که تواناکانمان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ له ناو گەنجاندا زیاتر بێ و هەڵکشان به خۆوه ببینێت. کەواته توانا و ئەوەی شیاوترینه پێمانی ببەخشه که هەموو ڕۆژێک له هەموو هۆڵەکاندا شایەتی وەها پیشانگاگەلێک بین و بتوانین قسه بکەین، بتوانین گرێی دڵمان بکەینەوه و زیاتر هیوادار بین، وەکوو ئەورۆ.

٨٥/٢/٢٥

کۆمەڵێک له دۆستانی گرووپی شانۆی سیروان مەهاباد

سەید سامان پاک؛ محەمەد سارەوای؛ شەهران ئێراندۆست؛ فەرهاد زەهابی



وێنەی ژمارە ٢٨: یادداشتی دەستخۆشی لە لایەن پێرسۆنێلی ناوەندی هونەری بۆ پیشاندانی ئیشەکانیان بە خەڵک

وێڕای سڵاو لە خزمەتی ئازیزان

پیشانگایەکی جوان بی، جیگەر (بۆ گاڵتە جاڕیی)

پێرسپۆلیس ئاغای ئیستقلالە

ئیستقلال کونە لە سەر دڵم نووسراوە عەلی سوڵتان عەشقە

A

.............................................................................

..........................................

وێڕای سڵاو لە کیژە ژیکەڵەکانی پیشانگای شارەوانی. هیوادارم باش بن. زۆر پێ خۆشحاڵم کە چاوم پێتان ڕوون بووەوە. هیوادارم مێردێکی باش بکەن، کە ئەمانەی هەبێت (ئۆتۆمبێلی ٢٠٦، شووقە یان ڤێلا و قژی پڕ و جوان) خواتان لە گەڵ (Buy)


پێی بڵێن

.............................................................................

..........................................

پەروین، ئاری هان

پێرسپۆلیسی قارەمان



وێنەی ژمارە ٢٩: هێماکانی ژیانی مێرمنداڵی، وتووێژی بە فێڵ و تەڵەکە کە لە دەفتەری میوان نووسراوە، لە پاڵ هوتافە فوتبۆڵییەکان

## ئەنجام گرتن

گەنجان و مێرمندالأنی کورد، لەگەڵ کەوتنە ناو ئەم ڕوانگە یەکتربڕانە، جۆرە هەمەچەشنەکانی وێنە لە زەمینە جۆراوجۆرەکان بە کار دەهێنن، کردەوەیەک کە ڕەنگە دیکەی گەنجانی دنیا تێیدا هاوبەش بن.[1] یەکێک لەم حاڵەتانە بە کارهێنانی کلیشە ڕەگەزێتییە نەگۆڕەکانی ئافرەت - پیاوە کە بێ‌گومان بە هەمان ڕادە، بە هۆی ئادیاگەلی پەیوەندیداربە گریمانە ڕۆژئاواییە ڕەگەزێتییەکان و لە تەوەری ئەواندا بەدی هاتووە کە لە لایەن پێکهاتە ڕەگەزێتییەکانەوە لە شانەی کوردیی، ئێرانی یان ئیسلامی بوونی هەیە. باسی نادر (١٩٨٩) لە بارەی پەیوەندیی نێوان کلیشە جیا جیاکان پیشاندەری کاریگەری ئەوان لە سەر ڕۆڵی ئافرەتانە. بە باوەڕی ئەو، دەبێ پێداچوونەوە بە تیۆرییە نەریتییەکانی دەروەست بە ڕۆژهەڵات‌خوازیی بکرێتەوە «بۆ ئەوەی هەڵگری ئەو بیرۆکەیە بێ کە ڕۆژئاواش بۆ جیهانی ئیسلام بوونی هەیە و لەو بەراورددا، ئەو لێکدژییەی کە خۆڕاگری ژنان کۆنترۆڵ و تەسک دەکاتەوە دەورێکی گرینگ دەبینێت و پێکهاتەی ڕەگەزێتی بە شێوەی بەرهەمێک لە نێوانکردەیی نێوان دوو دنیای ئایینی گەورە، واتە ڕۆژئاوای ئەورووپایی و ڕۆژهەڵاتی عەرەب، شی دەکاتەوە (Nader, 1989, p. 325).»

ئەم خاڵە لەم ڕووەشەوە گرینگە کە پیشاندەری شێوازی پشتگوێ خستنی کاریگەرییە هەمە جۆرە کەلتووریی و کەمینەییەکان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە لایەن ڕوانگەی دژ بە یەکانەی ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا، «عەرەب» و «ئەورووپایی»ـە. سەرەڕای ئەمە، ڕەگەزێتی هەمەگیرییە کە دەتوانین بڵێین تا

---

١ـ بڕوانە :

Baumann, Gerd, (1996), *Contesting Culture: Discourses of Identity in Multi-ethnic*, London Cambridge: Cambridge University Press.

ڕادەیەک لە هەموو پرۆژەکانی گەنجاندا بوونی هەیە، هەمان تەوەری ئەخلاقییەک کە لە پرۆژەی سوالْکەرانی سەر شەقامیشدا دەبینرێ و بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە سەرەتادا تیشک دەخاتە سەر بەڕێوەبەرێتی خراپی دەوڵەتیی، بەڵام هۆگریی بۆ کێشانەوەی سنووری نێوان دەورە ژنانە و پیاوانە شیاوەکان لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکانیشی پێوە دیارە. ئەم ڕوانگە بێگومان تایبەتی کۆمەڵگای ئیسلامی یان ئێرانی نییە و هاوشێوەی ئەوەیە کە پاسارۆ لە کۆت و بەندی خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگای ئەمریکا دەگێڕێتەوە: «ڕێز گرتن لە بنەماڵەی ناوەندیی (بنەماڵەیەک کە دایک و باوک و منداڵی تێیدا دەژین.) و ئایدۆلۆژیاکانی پەیوەست بە ڕەگەزێتی بە جۆرێک یەکگرتووییان هەیە کە کەسی لانەواز زیاتر، بکەنە بابەتی سووکایەتی بۆ ئەوەی هاوخەمی دروست بکەن.» (Passaro, 1997, p. 159) بە ئاوڕدانەوە لەم ئاراستە کە سواڵکەرەکان ساختەکار یان تەنانەت دەوڵەمەند بەدی دەکرێن، لێرەشدا پرسەکە ئەوەیە، لە لایەکی تریشەوە سواڵکەری ژن بە پێی ئەو ڕۆڵەی کە دەبێ لە کۆمەڵگای ئێرانیدا وەئەستۆی بگرێ و چالنجەکانی بەردەمی وەک ئافرەتێک پێناسە دەکرێت. ئایا ئەم ڕەخنەش یەکێکی تر لە عورفە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دەربڕینی کردەوەی ڕەگەزێتییە یان یاسا و ڕێسای جیاکارییانەی دەوڵەت لە بارەی ناوچەیەکی هەژارە؟

پەیوەندیی گەنجان لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەڵات، واتە بنەماڵە و کۆمەڵگا و دەوڵەت، چەسپاو نییە و هەر ئەم بابەتە ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانە بێ کە ئەوان سەبارەت بە پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگا و ئەو دەنگە «شیاوانە»ـی کە وەک بەشێک لەم ڕۆڵە دەتوانن و دەبێ دەریببڕن، بە گومانن. مید (١٩٦٤) لە ئیشە کلاسیکییەکەیدا لە بارەی بە ئێتنۆگرافی گەنجان، باڵقبوون لە سامائۆ، تیشک دەخاتە سەر ئەم باسە کە پێویست ناکا بە هەستی ترس و بە شێوەی زێدەڕۆیانە تێپەڕین لە قۆناغی منداڵییەوە بۆ گەورە ساڵی پیشان بدرێت. لە ڕاستیدا ناوبراو

لەو باوەڕەدایە کە ئەم بابەتە لەگەڵ ئەو نۆرمە کەلتوورییانە پێکهاتەبەند دەکرێ کە لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، لە هەمبەر ڕۆڵ و بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان کە گەورەساڵی لێ دەکەوێتەوە هەڵوێستێکی ڕوون و لێبڕاوەی نییە. مێرمندالانی کورد، بەتایبەت هەر لەو تەمەنە کەمەدا، بەشداربوونێکی چالاکانەیان لە کاروباری ناو ماڵدا هەیە کە لەگەڵ بۆچوونی مید لە مەڕ بەرپرسایەتییە پێناسەکراوە ئاشکراکان و بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەم بەرپرسایەتییانە لە تافی گەنجێتیدا هاوئاراستە. گەنجانی بنەماڵە، ئەرکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی کاروباری ناو ماڵ یان کڕین دەخرێتە ئەستۆیان کە زیاتر سەبارەت لە ڕەگەزێتییە جیاوازەکاندا جیاوازی هەیە. بۆ وێنە کچان فێر دەکرێن کە چۆن چێشت لێ بنێن یان سفرە و خوان بڕازێننەوە، ماڵەوە پاک و خاوێن بکەن و ئیشی لەم چەشنە، لە حاڵێکدا ئەرکی کوڕان زیاتر لە دەرەوەی ماڵە. وەک ڕاوەستان لە سەرەکانی خۆراکی گشتی گەڕەک و کڕینی نان و گۆشت و دیکەی پێداویستییە خۆراکییەکان. ڕەنگ بێ دەور و ڕۆڵە چەسپاوەکانی پیاوان و ئافرەتان لە مەهاباد زیاتر بەدی بکرێت. هەروەها کوڕان ئەرکی زیاتر، و ئازادی زیاتریان هەیە کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر لە ماڵ بێنە دەرەوە و بەم شێوە هەر لە تافی منداڵییەوە لەگەڵ پانتای شەقام و دەرەوەی ماڵ پەیوەندییەکی زێدەتر ساز دەکەن. هەر بۆیە، ڕەنگە زۆر سەیر نەبێ کە ناوەرۆکەکانی شوێنە گشتییەکان و باڵادەستی پیاوان لەو شوێنانە لە زۆرێک لە ئیشەکانی کچە گەنجەکاندا بوونی هەیە. وەک لابلان پیشانی داوە، «شوێنە خۆشگوزەرانییەکانی نیمچە گشتی و تایبەتی، وەکوو یانە و بارەکان، هەندێ یاسا و ڕێسا دەسەپێنن کە بە شێوەی تایبەت، بە جۆرێک داڕێژراون کە ژنان بتارێنن. ئەگەرچی ئەم نۆرم و بەها ئاشکرای هەڵاواردنی ڕەگەزێتییە تا ڕادەیەکی زۆر لە ناو چوون، بەڵام شوێنە گشتییەکان هێشتا فەرزی پیاوانەی خۆیان پاراستووە. لە ئێستادا شوێنە گشتییەکان، بۆ وێنە شەقام و پارک، هێشتا

وەک مەڵبەندی پیاوانە لە قەڵەم دەدرێن و زۆربەی ئەم شوێنانە «لە ژێـر ڕکێفـی بەڕێوەبەرایەتی» پیاواندایە، چوونکە پیاوان زیاتر و سەربەسـتانەتر ئـەم شـوێنە گشتییانە بە کار دەبەن.» (LeBlanc, 2000, p. 207)

سـەرەڕای ئەمـە، وەک میـد سـەبارەت بـە سـامۆئا شـی دەکاتـەوە، لەو کۆمەڵگایانەی وا بە تەواوەتی پێش‌پیشەسازی نین و لە پێـوەرێکی گـەورەدا لـە ژێر کاریگەری بەها ئیسلامییەکان بیچمیان گرتووە، شایەتی هۆگریی هاوشێوە بۆ سەردەمی گەورەساڵی وەک کاتی بشێویی، ئیسترێس و کارەساتی شاراوەین. ئاماژەی مید بـە زەینییـەتی ئـازاد لـە هەمبـەر پەیوەنـدیی عاشـقانە و سێکسـی گەورەسالآن و ئازادیی ئەزموون لە سەرەتای گەورەساڵی لە نـاو سـامۆئاییەکان، ڕاست خاڵی بەرامبـەری ئەزموونـەکانی چینـی گـەنج لـە کوردسـتانی ئێرانـە (ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان) کـە تێیـدا دابڕانـی نێـوان دوو ڕەگـەز و قەدەغـەی پەیوەندییەکان، بە بڕ و بیانووی مەترسییەکانی پەیوەندیی سێکسـی، چـاودێری دەکرێـت. لـەم ڕوانگـەوە ڕەنـگ بـێ ئـەو بیـر و خەیاڵانـەی کـە لـە بـارەی مەترسییەکانی نێوان پەیوەندیی پیاوانە - ژنانە بەر لە هاوسەرگیری بوونیان هەیە، زۆر پەشۆکێنەر نەبن. «ئایدیالەکان»ـی ڕەفتاری ژنانە، کە هاوکـات شـانۆیی، دراماتیک و هەروەها تـا ڕادەیـەک تێکـەڵ بـە شـەرمەزاری و دەروونخوازییـە (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧، وێنەی ژمارە ١٦، وێنەی ژمارە ١٧ و وێنەی ژمارە ٢٠) - دەتوانرێ لەگەڵ هەستی نیگەرانییەک بەراورد بکرێ کە تێکـەڵ بـە سـەردەمی گەورەساڵی «ڕۆژئـاوایی» و شـانۆی ژیـانی ڕۆژانەیـە. ڕەنگـە تێیـدا خـاڵێکی سەرنجڕاکێش لە ڕەوتی منداڵ‌وێنایانەی دەوری ژنان لە گەورەسـاڵیدا حەشـار درابێ، هەمان حاڵەتێک کە لە ڕەفتارە ڕووکەشی و پـڕ لـە لەنجـەی ئەکتـەرانی ئـافرەتی ئێرانـی، وەکـوو هەدیـە تێهرانـی و دیکـەی ئەسـتێرەکانی زنجیـرە تەلەڤیزیۆنییەکان خۆی دەنوێنێت.

خاڵی بەرامبەر کوڕان لە مـاوەی پرۆسـەیەکی یەکسـان و لـە سـەروبەندی

خزمەتی سەربازی ئامادەی بەشداری لە کۆمەڵگان، هەمان سەردەمێک کە تێیدا، حکومەت ڕاستەوخۆ لە باروودۆخی تێپەڕین لە گەنجێتییەوە بۆ گەورەساڵی خۆ تێهەڵدەقورتێنێ (Sinclair-Webb, 2000؛ Kaplan, 2000 ) پاش ئەم سەردەمە، ئەگەر ئەوان پیشەیەک فێر نەبن یان بڕیار نەدەن درێژە بە خوێندن بدەن، زیاتر وەک لە کوردستان باوە - یان ڕاکێشی ئیشی بنەماڵەیی دەبن یان بە هاوکاری بنەماڵە، دوکانێکی بچووک دادەنێن و دەست دەکەن بە ئیش.

کاریگەری تێکدەرانەی سەقامگیری مۆدێرنیزاسیۆن زیاتر لە سەر پرسی ڕۆڵ و دەوری ژنان جێی تێڕامانە. لە سۆنگەی نەریتییەوە ژنان تەنیا لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە دەگوازرێنەوە بۆ هەرەتی گەورەساڵی، بەڵام لە ئێستادا، هەندێکیان یەک یان دوو ساڵ پێش یان پاش تەمەنی بیست ساڵان لە بنەماڵە جیا دەبنەوە بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندنیان بدەن و بەم شێوە تا ڕادەیەک سەربەخۆیی ئابووریی وەدەست دێنن.

ئێستا ئەوەی کە گرفتی بێکاریی، بە گشتی لە ناوچەی کوردستان، ڕێژەیەکی زۆری لە خۆ گرتووە و بۆ ژنان هەلی کار کەمتر و کەمتری لە بواری گشتی یان کەرتی تایبەت، کە زیاتر وەک مەڵبەندی پیاوانە سەیر دەکرێ، بوونی هەیە (Tohidi, 1994).

لە بەر ڕۆشنایی ئەم پێناسانە، لە هەر هەموو مژارەکاندا، دەوری دەوڵەت لە بە کۆمەڵایەتی کردنی گەنجان لە مێرمنداڵییەوە بۆ گەورەساڵی بەدی دەکەین. لە مەهابادیش لە ڕێگەی ئەزموونی گەنجان و لە ژێر کارگەرییە سیاسییەکانی ئامۆژەکانی دایک و باوک، پیشاندەری پێویستیی خۆڕاگری کەمینەیەکی ئێتنیکی لە هەمبەر دەستێوەردانەکانی دەوڵەت، هەمان پرۆسەیەک دەگوازرێتەوە کە بە شێوەی گشتی گریمانە دەکرێت ( Jones & Wallace, 1992; Kaplan, 2000; Sinclair-Webb, 2000). ئەو گەورەسالانەی وا لە

پیشانگای هـۆڵی شـارەوانی ئامـادە بـوون، لـە ڕێگـەی وێنـەکانی وێنـەگرانی مێرمنداڵ توانیان ڕوانگەیەکی نوێ بەرامبەر بە کەلتووری خۆجێیی بەدی بکەن و ئەم هەلەیان بۆ گواستنەوەی پەیامەکانی خۆیان قۆستەوە. لە حاڵێکدا کـە بـۆ گەنجان ئەم دەرەفەتە ڕەخسا بوو بۆ ئـەوەی پەیوەنـدیی کۆمەڵایـەتی زیاتریـان هەبێ و لە ڕادە بەدەر ڕایبووێرن. یەکێک لـە پیـاوانی تەمـەن مامناوەنـد کـە لـە پیشانگا ئامادە ببوو لە دەفتەری میواندا وەک یادگاری پەیامی خۆی دانا:

**ئەم کارە زۆر باش بوو و من سەرسام بووم کە چۆن توانیتان بیخەنـە بـەر دیـدەی هەمووان؟ ئەم ئیشانە تەنیا بەشێکی بچووک لە ژیانی کوردەواری پیشـان دەدات. بـە ئاوڕدانەوە لە پرسی ژنان، ئێمە نە تەنیا لە لایەن حکومەت بەڵکوو لـە لایـەن خـەڵکی خۆشمان کەوتووینەتـە بـەر شـەپۆلی هـەڵاواردن. لەگـەڵ ئەوەشـدا کاتێـک وێنـەی زبڵەکان لە شەقام و شێوازی پاراستنی قوتابخانەکان بەدی دەکەی، بۆت دەردەکـەوێ کە دەوڵەت هیچ گرینگییەک بە خەڵک یان ناوچەکە نادا و هەروەها ئـەوەی کـە ئێمـە خۆشمان ئاگامان لە یەکتر نییە. هیچ پلەیەکی فـەرمی بـە کوردەکـان نـادرێ. ئەمانـە پیشان دەدەن کە چۆن گەنجەکانمان حەرام و دیلی مـادەی هۆشـبەر دەبـن. (بڕوانـە وێنەی ٢٦).**

بە باوەڕی هەندێکیش «گواستنەوەی هێورانە» ـ کە لـە لایـەن میـدەوە شـی کراوەتەوە ـ لە دنیایەک کە بە خێرایی خەریکی جیهانی بوونە کە گەنجـەکانی، بە بـێ سـەرنج خسـتنە سـەر پێگـەی جوگرافیاییـان، تێدەکۆشـن بـە کەرەسـە تەکنەلۆژییـە مۆدێرنـەکان پـا بـە پـا لەگـەڵ پێشـکەوتنەکانی دەورووبـەریان بجووڵێن، زۆر شیاوی بەرگری نییە. لە مـەهاباد گـەنجان لـە ژێـر کاریگـەری نموونەی خۆجێیی شووناسی کوردیی و مەهابادیدان، بەڵام لە هەمان کاتدا، لە بەردەم ڕەوتە ئەوپەڕ نیشتمانیی میـدیا تاراوگـەکانی کـوردی و فارسـی، فیلمـە هیندییـە بـالیوودیی و ئـەمریکایی هۆلیـوودیی و نموونـەی ئێرانـی شووناسـی ئیسلامی و خۆڕاگری لە هەمبەر باڵادەستی بیانی (بۆ وێنـە ئەمریکایی)ــشن.

ئەمــە، ســەرەڕای ئــەوەی مەودایــەکی زۆری لەگــەڵ ئــەوان هەیــە، بــەڵام کاریگەرییەکی سـەیر لـە سـەر ئـەو جلوبەرگـەی کـە لـە بـەری دەکـەن، ئـەو مۆسیقایەی گوێبیستی دەبـن و شـێوازی سـازدانی پەیوەنـدییان لەگـەڵ یـەکتر دادەنێت. ڕاگەیاندنەکانیش بێگومان لـەم نێوەنـدەدا دەور دەبیـنن و بـەم شـێوە، ئێرانــی کۆمـاری ئیسـلامی، لـە نێـوان دوو جەمسـەری ئاشـکرای لێکـدژی کەلتووریی، بەرەو بابەتی خۆجێیی و ئـاینی یـان کەلتـووری جەماوەرپەسـندی جیهانی کە زیـاتر لـە لایـەن ڕۆژئـاواوە هـەنارده دەکـرێ سـەری لـێ شـێواوە (Sreberny-Mohammadi & Mohammadi, 1994, p. 187). لە ڕاستیدا لە دنیایەکدا کە بەرەو جیهانی بوون دەچی، کاریگەری میـدیا و ڕاگەیاندنـەکان و ئەو لێکدژیی و ناکۆکییەی کە دەتوانن بیبزوێنن زۆر زیاتر لە بەریـەک کـەوتنی سادەی خۆجێیی بە دەستێوەردانی میدیا ڕۆژئاواییەکانە.

وەک لە پرۆژەکانی دەروەست بـە زێـڕ (کاڵایـەک کـە نرخەکـەی لـە ژێـر کاریگەری ناوەندە ڕەگەزێتییـە نەریتییـەکان و هـەروەها ڕووداوەکـانی بـەر دەم وڵاتی ئێران لە سەر ئاستی جیهانییە) و بەدبەڕێوەبەری بواری گشتی لـە بـارەی هەژاران و شوێنە سەوزەکان دەبینرێ، چینـی گـەنج لـە ناوچـە سـنوورییەکانی ئێران گیرۆدە و دیلی پرسی گرینگتر لە سیاسەتی ناوچەیی و جیهانییە و دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو ترس و بەدگومانییە شـاراوە و هەمـەگیرە نـەرم دەکـات کـە شوێنە گشتییە «مەترسیدار» و فەرامۆشکراوەکانی ئەم ناوچانـە بـەدی هێنـاوە. بابەتی ترس لە بارەی ئاسایشی منداڵان، کـە بیرکردنـەوەی دایـک و باوکـەکان بیچم دەدا و لە بەرامبەردا کاریگەری لە سـەر شـێوازی وەرگرتنـی گـەنجان لـە شوێنە فیزیایی و کۆمەڵایەتییـەکانیش دادەنـێ، لـە شـانەی گوتارەکـانی سـەر ئاستی دەسەڵات لە دەرووبەری کەسانی «گومانـاویی» (سواڵکەر، بیرجیاواز و دزەکان) و مەترسـییە شـاراوەکان گەشـە دەکـەن. ڕەنـگە بتـوانین ئـەم پرسـە و باوەڕمەند بوون بە پیلان و کاریگەرییـە پەسـتەکانی «بیـانی» و «مـۆدێرن» بـە

شێوەی ڕاستەوخۆ گرێ بدەینـەوە بـەم جـەوە بێنێونجییـە و گوتـاری دژایـەتی ڕۆژئاوا و بەتایبەت گەمارۆکان یان هێرشی سەربازیی ئەمریکا بۆ سـەر ئێـران. ئەگەرچی لە سێبەری پێشـکەوتنەکانی ئـەم دواییانـەی کوردەکـانی هـەرێم بـە هاوکاری ئەمریکا، ڕەنگە کوردەکانی ئێران بـە دوودڵییـەوە لـەم پرسـە بـڕوانن. بەڵام ساتەوەختگەلێکیش هەن کە ئەوان، هەسـتی هاوپەیوەنـدێتی بـۆ وڵاتـی ئێران و بەرگری لەو دەردەبڕن.

لە کۆتاییدا ئەوەی کە تەنانەت لە هەندێ حاڵەتـدا کـە لـە لایـەن منـداڵان خۆیانەوە ئاماژە بە ڕەفتاری «شیاو» و ڕێبازی ڕێنومایی ئیسلامی یان نـەریتیی کوردیی دەکرێ، شێواز و بیچمـی خۆڕاگرانـەی ڕۆژانـە دژ بـەوان لـە ئارادایـە. نموونە بیناریيە پیشان کراوەکان، هەر خۆیان پیشاندەری ئایدیالی ڕفتاری شیاو و لە هەمان کاتدا کۆمەڵە لادانی جیاواز لەون کـە ڕەنگـە بتـوانین نـاوی بنێـین «ڕونووسە شاراوە»ـکانی گرووپێک کە خواست و دەنگیـان لـە نـاو بنەمـاڵە و پێکهاتە ڕەگەزێتییەکان، عورفی کۆمەڵایەتی لـە شـوێنە گشـتییەکان و کـۆت و بەندی حکومەتی کۆنترۆڵ کراوە. هەر بۆیە، ڕەنگە نموونـە فەرمییـە «شـیاو»، «نەریتیی» و «مۆدێرن»ـەکان لە کردەوە و ڕەفتاردا لێکدژ و ناکۆک بن. لە کاتی ئیشی مەیدانی لـە شـوێنی کراوەتـری پـۆل، بەڵگـەی ڕاسـتەوخۆ لـەم پرسـە، پێکەنین بە دەنگی بەرز و پەیوەندیی پـڕ لـە نـاز و لەنجـەداری نێـوان کـوڕان و کچان، دەبینرا. سەرەڕای ئەوەی دەقی زیادکراو بە وێنـەکان ئامـاژە بـە هەنـدێ ناوەرۆکی وەکوو «شەرەف» و «ئابڕوو» دەکا، ڕەنگە وێنـەکان خۆیـان هـەم لـە لایەن بەرهەمهێنەر و هەمیش لە بواری گشتی، خوێندنەوەیەکی جیاوازیـان بـۆ بکرێت. لێرەشدا دیسـان توانـای فرەدەنگبـوونی وێنـەکان وەبیـر دێنێتـەوە. بـە باوەڕی پینک، «وێنەیەکی یـەکگرتوو ڕەنگـە کـەڵکی جیـاوازی تایبـەتی یـان «ئێتنۆگرافییانە»ـی هەبێ، تەنانـەت ڕەنگـە هـەڵگریی واتاگـەلی بـە ڕەواڵـەت لێکدژ بێت» (Pink, 2001, p. 151). مێرمنداڵانی مەهابادیش بە دڵنیاییەوە لە

ژێر کاریگەری ئەو هەواڵانـەن وا لـە لایـەن دەسـەڵاتەوە بـڵاو دەبێتـەوە و ئـەو کتێبانەی وا لـە قوتابخانـە دەیخـوێنن و لـە بـواری پرۆژەیـەک کـە، هەڵبـەت چاودێری ڕێکخراوەییشی لە سەر بوو، بـەڵام تـا ڕادەیـەک دەنگـی لـە بـواری گشتیدا پێ بەخشیبوون - ڕەنگە ڕێگـە چارەیـەکی بـەدەر لـە بەرهەمهێنانـەوەی دەنگی دەسەڵاتیان نەبووە. لە هەمان کاتدا، بە شێوازی وردبینانە و هەندێ جار چاوەڕواننەکراوانە، لـە هەمبـەر ئـەم میکانیزمـە پێشـتر داڕێژراوانـە خـۆڕاگری خۆیان دەردەبڕی.

# سەرچاوەکان

Baumann, Gerd. (1996). Contesting Culture: Discourses of Identity in Multi-ethnic. London Cambridge: Cambridge University Press.
Bennett, Andy. (2000). Popular Music and Youth Culture: Music, Identity and Place. London: MacMillan Press.
Collier, John Jr. and Malcolm Collier. (1986). Visual Anthropology: Photography as a Research Method Albuquerque. University of New Mexico Press.
El-Guindi, Fadwa. (1999). The Veil: Modesty, Privacy and Resistance. Oxford: Oxford University Press.
Fischer, Michael M.J. and Mehdi Abedi. (1990). Debating Muslims: Cultural Dialogues in Postmodernity and Tradition Madison. University of Wisconsin Press.
Jones, Gill and Claire Wallace. (1992). Youth, Family and Citizenship Buckingham. Open University Press
Kaplan, Danny. (2000). The Military as a Second Bar Mitzvah: Combat Service as Initiation into Zionist Masculinity (in M. Ghoussoub and E. Sinclair-Webb eds.).
Imagined Masculinities: Male Identity and Culture in the Modern Middle East London: Saqi Books, pp. 127-145.
LeBlanc, Lauraine. (2000). Pretty in Punk: Girls' Gender Resistance in Boys.
Subculture New Brunswick: Rutgers University Press. Lydell, Jean and Ivo Strecker. (2006). Men and Women on Both Sides of the Camera (in M. Postma and P.I. Crawford eds.), Reflecting Visual Ethnography: Using the Camera in Anthropological Research Leiden: CNWS Publications, pp. 138-156.
McDowall, David. (2000). A Modern History of the Kurds. London: I. B. Tauris.
Mead, Margaret. (1964). Coming of Age in Samoa: a Psychological Study of Primitive Youth for Western Civilisation. New York: William Morrow and Co.
Nader, Laura. (1989). Orientalism, Occidentalism and the Control of Women. Cultural Dynamics, II (3), pp. 324–355.
Passaro, Joanne. (1997). You Can't Take the Subway to the Field!: Village
Epistemologies in the Global Village (in A. Gupta and J. Ferguson eds.).
Anthropological Locations: Boundaries and Grounds for Field

Science Berkeley: University of California Press.
Paider, Parvin and Erika Freidl. (2006). Has the Islamic Revolution in Iran Subjugated Women? (In R.L. Welsch and K.M. Endicott eds.). Taking Sides: Clashing Views in Cultural Anthropology Dubuque: McGraw-Hill, pp. 189-207.
Pink, Sarah. (2001). Doing Visual Ethnography. London: Sage Publishing Rouch, Jean. (2003). Cine-Ethnography Minneapolis (ed. and translated by Steven Feld). University of Minnesota Press.
Scott, James. (1990).
Domination and the Arts of Resistance: Hidden Transcripts New Haven. Yale University Press
Shay, Anthony. (2000). The 6/8 Beat Goes On: Persian Popular Music from Bazm Qajariyyeh to Beverly Hills Garden Parties (in W. Armbrust ed.) Mass Mediations: New Approaches to Popular Culture in the Middle East and Beyond, Berkeley: University of California Press, pp. 47-72.
Sinclair-Webb. (2000). Our Bulent is Now a Commando': Military Service and Manhood in Turkey (in M. Ghoussoub and E. Sinclair-Webb eds.). Imagined Masculinities: Male Identity and Culture in the Modern Middle East London: Saqi Books, pp. 65-90.
Sreberny-Mohammadi, Annabelle and Ali Mohammadi. (1994). Small Media, Big Revolution: Communication, Culture and the Iranian Revolution Minneapolis. University of Minnesota Press.
Tohidi, Nayerah. (1994). Modernity, Islamisation and Women in Iran (in V.M.
Moghadam ed.). Gender and National Identity: Women and Politics in Muslim Societies, London: Zed Books, pp. 110-147.
Van Bruinessen, Martin. (1992). Agha, Sheik and State: The Social and Political Structures of Kurdistan, London: Zed Books.

نموونـە بیناریـیـە پیشـان کراوەکـانی ئـەم توێژینـەوە پیشـاندەری ئایـدیالی ڕەفتاری شیاو و لە هەمان کاتدا کۆمەڵە لادانی جیاواز لەون کـە ڕەنگـە بتـوانین ناوی بنێین «ڕونووسە شاراوە»کـانی گرووپێـک لـە گـەنجانی مـەهابادی کـە خواسـت و دەنگیـان لـە نـاو خانـەوادە و پێکهاتـە ڕەگەزێتییـەکان، عـورفی کۆمەڵایەتی لە شوێنە گشتییەکان و کۆت و بەندی حکومەتیی کۆنترۆڵ کراوە.

AVAYeBUF.com

نموونە بینارییە پیشان کراوەکانی ئەم توێژینەوە پیشاندەری ئایدیالی ڕەفتاری شیاو و لە هەمان کاتدا کۆمەڵە لادانی جیاواز لەون کە ڕەنگە بتوانین ناوی بنێین «ڕونووسە شاراوە»کانی گرووپێک لە گەنجانی مەهابادی کە خواست و دەنگیان لە ناو خانەوادە و پێکهاتە ڕەگەزێتییەکان، عورفی کۆمەڵایەتی لە شوێنە گشتییەکان و کۆت و بەندی حکومەتیی کۆنترۆڵ کراوە.

# CONFORMITY AND RESISTANCE IN MAHABAD

## Media Consumption, Conformity and Resistance: A Visual Ethnography of Youth in Iranian

**Kameel Ahmady**

ISBN:978-87-94295-15-4

9 788879 4295154

BOOK COVER DESIGNER: CHIA SARSPI